


سیامەک گولشیری

# تارمایی مەرگ

رۆمانی ترسناک

وەرگێڕانی سەروەر عومەر

# تارماییی مەرگ

سیامەك گولشیری

وەرگێڕانی سەروەر عومەر

ناوی کتێب: تارماییی مەرگ

بابەت: ڕۆمانی ترسناک

نووسینی: سیامەک گولشیری

وەرگێڕ: سەروەر عومەر

پێداچوونەوە: سیروان سلێمان

دیزاین: هەرێم عوسمان

قەبارەی کتێب: ١٣سم * ٢١سم

چاپ: چاپخانەی چوارچرا

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٣ ز

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٦٩٦) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە



مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە



کتێبخانەی گۆڵدن بووک
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Golden book  ktebfroshe_warzer
Warzer Book  ktebfroshe_warzer

دەتوانن سەرجەم کتێبە دڵخوازەکانتان لەڕێگەی پەیجەکانی گۆڵدن بووکەوە داوا بکەن و بگاتە دەستتان.

1

دەتوانم لەگەڵ خاتوو ئەربابی قسە بکەم؟

هیچی نەوت. دیسان قسەکەم دووبارە کردەوە. پرسیم ژمارەکەم بە ڕاستی وەرگرتووە یان نا. بێدەنگ بوو. وتم: "من چەند ڕۆژێک بەرلەوەی ئەو ڕووداوە ڕوو بدات، کوڕەکەیم بینی... ئەلو! گوێت لێمە؟ ئەلو!"

لە پڕێکدا ژنەکە هاواری کرد: "گوێم لێتە."

- دەمەوێ لەگەڵ خاتوو ئەربابی قسە بکەم.

- خۆمم قسەکەت بکە.

لەناکاو دەتوت لاڵ بووم. تەواوی ئەو شتانەی کە ئامادەم کردبوون بیانڵێم، لە مێشکمدا نەمان. دەستم توند بەسەر نێوچاوانمدا هێنا و سەیری مێزەکەم کرد. لەبەر خۆمەوە وتم خۆزگە هیچ نەبێ شتێکم لەسەر کاغەزێک بنووسیایە. دووبارە گوێم لێبوو وتی: "قسەکەت بکە."

هێندە بە ئارامی ئەم ڕستەیەی وت کە بێ ویستی خۆم دەستم پێکرد. وتم ئاگادارم کە چی بەسەر کوڕەکەی هاتووە. وتم ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بەنیاز بووم پەیوەندی پێوە

بکەم و ئەحواڵی بپرسم، بەڵام نەمدەتوانی. وتم لەم چەند مانگەدا ساتێک نەبووە لە بیری کوڕەکەیدا نەبم. هەوڵم دا دڵنەوایی بدەمەوە. وتم ئەمە ئەو شتە نییە کە مرۆڤ بتوانێ لە یادی بکات و دەبێت هەوڵ بدات هەموو شتێک قەبووڵ بکات. قسەی تریشم کرد، شتانێک کە ئاسایی مرۆڤەکان لەم کاتانەدا دەیڵێن. لەناکاو گوێم لێبوو وتی:

"تۆ پێش ئەو ڕووداوە لەگەڵ کوڕەکەم بووی، وایە؟

- چی؟

- ئێستا وتت کوڕەکەمت چەند ڕۆژ لەمەوبەر بینیبوو. خۆت وتت.

سەری پەنجەم بەسەر گۆشەی چاومدا هێنا. وتم: "ئەشکان داوای لێ کردم هێندێک لە یادداشتەکانی بۆ چاپ بکەم. پێم وابێ کارێکی تەواونەکراوی هەبوو کە..."

هەر لەخۆمەوە بێدەنگ بووم. هیچ حەزم نەدەکرد وشەیەک یان شتێک لەبارەی ئەو بابەتەوە بڵێم، وتم: "بڕیار بوو من ئەو نووسینانەی بۆ چاپ بکەم."

- تۆ وتت کوڕەکەمت بینیوە. لەکوێ بینیوتە؟

سەری پەنجەم بەتوندی کێشا بە مێزی نووسینەکەمدا. وتم: "پێم وتی خۆ، تەنها داوای لە من کرد ئەم کارەی بۆ ئەنجام بدەم."

نووشتامەوە و هەردوو ئەنیشکم خستە سەر مێزەکە. وتم: "شەوێکیشیان هات بۆ ئێرە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردم."

چاوەڕێم کرد تا قسەیەک بکات، بەڵام هیچی نەوت. وتم: "من دەمویست زۆر زووتر پەیوەندیت پێوە بکەم، بەڵام... ئەلو! ئەلو!"

- خەریکم گوێ دەگرم.

لە ناو چوارچێوە دارینە گەورەکەی سەر مێزەکەدا لە وێنەی کچەکەم ڕامام. عەزییەکی سپیی قۆڵ زەردی لەبەردا بوو. هەوڵم دا نووسینی سووری سەر عەزییەکەی بخوێنمەوە.

وتم: "من نەمدەویست لەم بارودۆخەدا بێزارت بکەم، بەڵام ویستم ئەگەر بکرێت لە دەرفەتێکدا، هەر کاتێک تۆ بڵێی، سەرێک بدەم لەوێ و... "

قسەکەی پێ بڕیم: "کوڕەکەی من نەمردووە. وایە؟"

لەپڕێکدا تەواوی جەستەم عارەقەی لێ نیشت. بە جۆرێک کە هەستم کرد کراسەکەم نووساوە بە گیانمەوە. خەریکبووم دەنگی بەرزی هەناسەیم لە بیستۆکەکەدا دەبیست. پاشان وتی: "ڕاستە؟"

هیچم نەوت. وتی: "ئەو دەموچاوە هەلاهەلایەی لە مەیتخانە پیشانیان دام، کوڕەکەی من نەبوو."

تفێکم قووت دا. ویستم بڵێم من لەکوێوە بزانم، بەڵام هەستم کرد دەنگم دەرنایە.

وتی: "من دەزانم تۆ لە زۆر شت ئاگاداری. بەرلەوەی لێرە بڕوات، بەردەوام ناوی تۆ لەسەر دەمی بوو. جارێکیان گوێم لێبوو بە تەلەفۆن لەگەڵ کەسێکدا باسی تۆی دەکرد."

وتم: "شەوێکیان تەلەفۆنی بۆ من... "

- لێگەڕێ با قسەکەم تەواو بکەم.

بێدەنگ بووم. وتی: "بەم دواییانە تەنها کتێبەکانی تۆ لەسەر مێزەکەی بڵاو بووبوونەوە. هێشتاکەیش هەر لە وێدان. باوەڕ ناکەی، خۆت وەرە ببینە. من دڵنیام تۆ دەزانی لە کوێیە. دڵنیام تۆ بەم دواییانە لەگەڵیدا بووی."

دەستی کرد بە گریان. پاشان وتی: "ئەگەر نەمردووە، پێم بڵێ!"

خەریک بوو بە دەنگی بەرز دەگریا. چەند جارێک بە توندی دەستم هێنا بەسەر نێوچاوانمدا. لە پڕێکدا هات بە مێشکمدا تەلەفۆنەکە دابنێمەوە و لە خێری ئەو شتانەی کە دەمویست، دەست بشۆم. بەڵام بیرم کردەوە پاشان چی، بڕیاری خۆم دابوو و دەمویست هەر چۆنێک بووە، ئەو بەڵگەنامانەی ئەشکان وتبووی، بەدەست بهێنم. تفێکم قووت دا و پاشان هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. وتم: "من بەڕاستی نازانم، تەواوی ئەوەی کە دەیزانم، هەر ئەوەیە کە هەمووان دەیزانن. ئەگەر شتێکم بزانیایە، دڵنیابە یەکەم کەس بە تۆم دەوت."

تاوێک بێدەنگ بوو. پاشان زۆر بەهێواشی وتی: "نازانم بۆچی ئەوسا ئەو قسەیەم کرد، بەڵام هیچ کات نەمتوانی باوەڕ بکەم ئەو بەدبەختەی ڕووخساری بە ئەسید هەڵاهەڵا بووبوو، کوڕەکەی من بێت."

گوێم لە دەنگیناڵەیەک بوو. پاشان وتی: "خەریکم بەم قسانە سەرت دەیەشێنم."

وتم: "نا، بە هیچ شێوەیەک وا نییە."

وتی: "بڕیار بوو چی بۆ چاپ بکەیت؟"

- دوایین جار کە بینیم، داوای لێ کردم شتانێکی بۆ چاپ بکەم. پێم وابێ کارێکی تەواونەکراوی هەبوو کە داوای لە من کرد بۆی ئەنجام بدەم... ئەلو! ئەلو!"

- گوێم لێتە.

وتم: "پێم وابێ ئەو شتانەی کە دەیویست چاپ بکرێن، لای تۆ بن. وایە؟"

هیچی نەوت. وتم: "من... پێم وایە ڕەنگە بتوانی بە جۆرێک ئەوانەم بەدەست بگەیەنی. من دەتوانم هەموویان... هەموویانی بۆ چاپ بکەم. یان خۆم شتێکیان لەسەر بنووسم."

تاوێک بێدەنگ بووم. هیچ دەنگێکم لەوبەری هێڵەکەوە نەدەبیست، بەڵام دڵنیا بووم بیستۆکەکەی توند بە دەستەوە گرتووە. وتم: "کارەکەی بە سەرئەنجامێک دەگەیەنم. هەر کاتێک بتانەوێ، دەتوانم بێم بۆ ئەوێ و ئەوانەت لێ وەربگرم."

ژنەکە هیچی نەوت. وتم: "خۆی داوای ئەوەی لە من کرد. دڵنیام ئەگەر خۆیشی ئێستا لێرە بووایە، هەمان کاری دەکرد."

ویستم دیسان بڵێم ئەلو! کە وتی: "چ کارێکی تەواونەکراو؟"

وتم: "نازانم."

لە دڵی خۆمدا قسەم بە خۆم وت کە بۆچی پێشتر بیرم لەمانە نەکردبوویەوە. دەبوو بمزانیایە کە ئەم شتانە دەپرسێت. لە کاتێکدا لە وێنەی کچەکەم ڕامابووم، وتم: "خەریک بوو لێکۆڵینەوەی لەبارەی شتێکەوە دەکرد. دەیویست بابەتێک لەسەر لێکۆڵینەوەکانی بنووسێت."

لەمە خراپتر نەدەکرا وەڵام بدەمەوە. چاوەڕێ بووم بە پرسیار دامبگرێتەوە. بپرسێت لەبارەی چی و هێندە لەسەر بڕوات کە ناچار بم تەلەفۆنەکە دابخەمەوە. خەریک بووم فشارم لە مێشکی پووچم دەکرد کە جام بووبوو، گوێم لێبوو وتی: "ئەشکان هیچی بە من نەداوە. من ڕۆحیشم ئاگاداری ئەم شتانە نییە، تۆ لەبارەی چییەوە قسە دەکەی؟"

وتم: "بەڵام من دڵنیام کە هەر لەوێن، بێگومان لە شوێنێک لە ژووری کارەکەی دایناوە. دەتوانم بێم پێکەوە بیاندۆزینەوە."

هیچی نەوت. نزیکەی دڵنیابووم کە گومانی لە قسەکانم کردووە. هەر کەسێکی تریش بووایە گومانی دەکرد. لە دڵی خۆمدا وتم هەر ئێستا جوان ئەمشوات و هەموو شتێک تەواو دەبێت. ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەم بەدەستنەهێنایە، دەستم بە هیچ کوێ نەدەگەیشت. هەر بۆیە بیرێک بە مێشکمدا هات، شتێک کە پێم وابوو ڕەنگە بتوانم متمانەی بەدەست بهێنم. بۆیە وتم ڕەنگە ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە بدۆزرێنەوە، سەرەداوێک بەدەست بخەین. شتێک کە پیشانمان بدات ئەو گەنجەی کە تەرمەکەیان بەو ڕووخسارە شێواوەوە لەژێر پردەکەدا دۆزیبوویەوە، کوڕەکەی بووە یان نا.

هیچی نەوت. لە ئامانجەکەم دابوو، لانیکەم خۆم وا بیرم دەکردەوە. پێم وابوو ئەگەر هەر لەبەر ئەمەیش بووە، یادداشتەکانی ئەشکان دەخاتە بەردەستم. وتم: "لەوانەیە ئەگەر ئەوانە بەدەست بهێنین، زۆر شت ڕوون ببێتەوە."

گوێم لە دەنگی هێواشی گریانەکەی بوو. هەستم کرد

بیستۆکەکەی لە دەمی دوور خستۆتەوە. چاوەڕێم کرد تا گریانەکەی تەواو بێ. گوێم لێبوو وتی: "لەو کاتەوەی ئەو ڕووداوە ڕووی داوە، من دەستم لە ژوورەکەی نەداوە. تەنها هێندێک جار دەڕۆم دەرگاکە دەکەمەوە و لە کتێبەکانی دەڕوانم. هێشتا دڵم نەهاتووە دەست لە بەتانیی سەر تەختەخەوەکەی بدەم."

بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە گریان. تاوێک بێ هیچ قسەیەک گوێم لە دەنگی گریانەکانی گرت. پاشان وتی: "ببوورە، ئاخر زۆر داغانم."

وتم: "تێدەگەم."

پاشان لە ناکاو وتی: "ناونیشانەکەی ماڵی ئێمە بنووسە.

یەکسەر قەڵەمێکم لە شوێنی قەڵەمەکان هەڵگرت و کاغەزێکم لە نێوان کاغەزەکاندا دەرهێنا. ناونیشانەکەی زۆر بەپەلە وت و من هەموویم نووسی. ویسم لێی بپرسم کەی دەتوانم بێم بۆ ماڵیان کە وتی: "باوکم زۆر نەخۆشە. جگە لە منیش کەسی نییە. هەموو ڕۆژێک بەیانیان دەچم بۆ لای ئەو. پێم وابێ سبەی شەو سەعات نۆ لە ماڵەوە بم. ئەگەر لە جەرەست دا و بینیت کەس وەڵام ناداتەوە، چاوەڕێ بکە تا دێمەوە."

لەسەر کاغەزەکە بە گەورەیی نووسیم نۆ و بازنەیەکم بە دەوریدا کێشا. وتم: "چاوەڕێ دەکەم تا دێیتەوە."

هەردووکمان بۆ تاوێک بێدەنگ بووین. پاشان ژنەکە خواحافیزی کرد. تەلەفۆنەکەم داخستەوە و پاڵم دایەوە بە

کورسییەکەوە. سەیری ئەو کاغەزەم کرد کە بەدەستمەوە بوو و ناونیشانی ژنەکەم لەسەر نووسیبوو، پاشان هەر لەخۆمەوە بیری ئەو شەوەم کەوتەوە؛ بیری ئەو ساتەی کە چوومە ناو ئەو ژوورە سارد و نیوە تاریکەوە و ئەشکانم بینی کە دەست و قاچەکانیان توند بە کورسییەکەوە بەستبوویەوە. قژە درێژەکەی ڕژابوو بەسەر ڕووخساریدا و شوێنی دوو کونی گەورەی خوێناوی لەسەر ملی دیار بوو؛ یادی دوایین سات کە بانگی کردم و داوای لێ کردم یادداشتەکانی بۆ چاپ بکەم. بیری ئەو ساتەی کە دراکۆلا بەو دەستە گەورە و پەنجە درێژانەیەوە، قژە درێژەکەی ئەشکانی گرت و سەری بەرز کردەوە. سەیری نووسراوەکەم کرد و پاشان لە ژمارە "نۆ" ڕامام کە بە گەورەیی نووسیبووم. هێندە گەورە کە نیوەی لاپەڕەکەی داگیرکردبوو. وەختێک لەو بازنە ڕەشە گەورەیەی بە دەوریدا کێشابووم ڕامام، بیری ئەو کچەم کەوتەوە، بیری ئەو ساتەی کە سەری بەرز کردەوە و کەڵبەکانی دەستیان بە گەورە بوون کرد، پاشان لە پڕێکدا هەستم کرد گوێم لە قیژەی بوو، هێندە ڕوون کە دەتوت بۆ یەکەم جارە دەیبیستم؛ ڕێک هەر بەو شێوەیەی کە چەندین و چەندین جار لەم چەند مانگەدا لە خەونەکانمدا بیستبووم.

ئێستا خەریک بووم دووبارە دەگەڕامەوە. دووبارە دەگەڕامەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە هیچ شتێکی جگە لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نەبوو بۆم. تەواوی ئەم ماوەیە، هەر جارێک شەوان درەنگ بە کۆڵان یان شەقامێکدا تێدەپەڕیم، یان هەر جارێک

درەنگ تەلەفۆن جەرەسی لێ دەدا، پێم وابوو خودی ئەوە کە دیسان سەروکەللەی دەرکەوتووە؛ ڕۆژنامەنووسەکەیە گەڕاوەتەوە، هەرچەندە وتبوویان تەرمەکەیان لەژێر پردێک لە ڕۆژهەڵاتی تاران دۆزیوەتەوە. بەڵام ئێستا ئەوە خودی من بووم کە خەریکبووم دەگەڕامەوە بۆ ئەو سەردەمە. دەتوت ئیتر هیچ چارەیەکم نییە جگە لەمە. شەو و ڕۆژم بووبوو بە بیرکردنەوە لەو یادداشتانەی ڕۆژنامەنووس داوای لە من کردبوو چاپیان بکەم. دەتوت چارەنووسم بە جۆرێک لەگەڵ چارەنووسی ئەو کەسانەی لەو ماڵە ترسناکەدا بوون، گرێ درابوو.




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

2

هەر کە بۆ ناو کۆڵانەکە پێچم کردەوە، چاوم بە پیرەمێردێکی پشتکۆماو کەوت کە خەریک بوو بە هێواشی بە تەنیشت پیادەڕۆکەدا دەڕۆیشت. جامی لای ڕاستم دادایەوە و سەرم نووشتانەوە: "کۆڵانی گوڵزار ئەمەیە، خاڵە؟"

دەتوت هەر گوێی لێ نەبووە. لە کاتێدا لەسەرخۆ بە ئۆتۆمۆبێل بە تەنیشتیدا تێدەپەڕیم، دیسان قسەکەم دووبارە کردەوە. ڕاوەستا، زۆر بەئارامی ئاوڕی دایەوە بۆ لام. بە دووچاوە خڕ و گەورەکەی لە نێو ئەو ڕووخسارە ئێسقانییەیدا، زەق زەق سەیری کردم. بە هێواشی وتم: "کۆڵانی گوڵزار ئەمەیە؟"

سەری لەقاند. پاشان سووڕایەوە و بەڕێکەوت. چەند هەنگاوێک کە دوور کەوتەوە دام بە گێڕ و کەوتمە ڕێ. سەیری لای چەپم دەکرد. ئەو ماڵانەی کە ڕیزی درەختە بەرزەکان، دیوارەکانیانی داپۆشیبوو. هەوڵم دا ژمارەی خانووەکان بخوێنمەوە، بەڵام جگە لە یەکێکیان هیچیان

لەوەنەدەچوو ژمارەیان پێوە بێ. ئۆتۆمۆبێلەکەم لە شوێنێکی کۆلانەکەدا ڕاگرت و دابەزیم. بە تەنیشت درەختەکاندا تێپەڕیم. ناچار بووم لەسەر تەنها ئەو ژمارەیەوە، ماڵی ژنەکە پێشبینی بکەم. چوار یان پێنج خانووم تێپەڕاندبوو کە چاوم بە دەرگایەکی ئاسنی سپی کەوت. لە هەندێک شوێندا ڕەنگەکەی کاڵ بووبوویەوە. چوومە پێشەوە. لە پشت لقێکی درێژەوە کە دیواری تەنیشت دەرگاکەی داپۆشیبوو، ژمارەی خانووەکە دیار بوو. لقی درەختەکەم لابرد و هەوڵم دا بەهۆی پاشماوەی ئەو ڕەنگە سپییەی لەسەر تابلۆ شینەکە بوو ژمارەکە بخوێنمەوە. بێسوود بوو. دەستم درێژ کرد بەرەو لای ژمارەکە، لەناکاو گوێم لێبوو کەسێک بانگی کردم. ئاورم دایەوە. پیاوێک لەسەر پیادەڕۆ تاریکەکەی بەرانبەرم ڕاوەستابوو. چاکەتێکی ڕەشی لەبەردا بوو و کڵاوی کردبووە سەری.

وتی: "بەدوای شتێکدا دەگەڕێی؟"

دەنگێکی گڕی هەبوو. بۆ ماوەیەک لە ڕووخساری پیاوەکە ڕامام، لە تاریکیدا زۆر جوان دیار نەبوو؛ لەو گەرما زۆرەدا چاکەتێکی درێژ و ئەستووری لەبەردا بوو. تفێکم قووت دا و وتم: "ژمارەی ١٨، بەدوای ژمارەی ١٨دا دەگەڕێم."

بێ ئەوەی هیچ بڵێت، بە دەست ئاماژەی بۆ شوێنێکی ئەوسەری کۆلانەکە کرد و کەوتە ڕێ. بینیم کە دەستەکانی کرد بەناو گیرفانە گەورەکانی چاکەتەکەیدا و بە تەنیشت پیادەڕۆکەدا ڕۆیشت. کەمێک کە دوور کەوتەوە، سووڕامەوە

و بەرێ کەوتم. بە بەردەم چەند خانوویەکی تردا تێپەڕیم تا گەیشتم بەو شوێنەی کە پیاوەکە پیشانی دابووم. بەرانبەر دەرگایەکی باریکی سەوز ڕاوەستام. سەیری پەلەڕەشەکانی سەریم کرد. پاشان پەنجەم بە دوگمەی بچووکی جەڕەسەکەدا نا و چاوەڕوان بووم. تاوێک دواتر دیسان لە جەڕەسم دایەوە. بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. هەوڵم دا لەسەر دەرگاکەوە سەیری ماڵەکە بکەم. هیچ دیار نەبوو. هاتمە دواوە. لە پیادەڕۆکەوە سەیری پەنجەرەکانی نهۆمی سەرەوە و خوارەوەم کرد. هەموویان تاریک بوون. هیچ گڵۆپێک لەو ماڵەدا هەڵنەکرابوو. کاتژمێرەکەم لەژێر قۆڵی کراسەکەمدا هێنایە دەرەوە. دە خوولەکێک بەسەر نۆدا تێپەڕیبوو. سەیری چواردەورم کرد و چاوم بە پیاوەکە کەوت کە لەوسەری کۆڵانەکە ڕاوەستابوو. دەمبینی کە هەموو ئاگایەکی لای منە. پاشان بە هەردوو دەست دوو لای کڵاوە ڕەشەکەی گرت و هێنایە خوارەوە. کاتێک لە کۆڵانەکە چووە دەرەوە، من هەر لەوێدا لەسەر پیادەڕۆکە ڕاوەستابووم و سەیری ئەوسەری کۆڵانەکەم دەکرد. چوومەوە بەردەم دەرگاکە، هێشتا نەگەیشتبووم کە چاوم بە ژمارەی خانووەکە کەوت. لە شوێنێک لای چەپی دەرگاکەوە بەسەر دیوارەکەدا هەڵواسرابوو. چوومە پێشەوە. خۆی بوو، ژمارە ١٨. لەگەڵ ئەوەی نزیکەی دڵنیابووم کەس لە ماڵ نییە، دیسان لە جەڕەسم دا، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. سەرم نووشتانەوە و لەژێر لقی درەختەکانەوە سەیری پیادەڕۆکەم

کرد. پاشان چوومە ناوەڕاستی کۆڵانەکە و ڕاوەستام. کەس لەناو ئەو کۆڵانە نیوەتاریکەدا نەبوو. لە پەنجەرەی کراوەی ماڵی بەرانبەر ماڵی ژنەکە، دەنگی پیاوێکم بیست کە خەریک بوو کەسێکی بانگ دەکرد. سێبەری پیاوەکە کەوتبووە سەر پەردەکە. کەمێک دواتر سێبەرێکی تر لەو نزیک بوویەوە. دەمبینی خەریکن پێکەوە قسە دەکەن. پاشان لە پڕێکدا بیستم کەسێک بانگی کردم، ڕێک لە پەنای گوێمەوە، لە بن گوێمدا. یەکسەر ئاوڕم دایەوە و هەر لەو ساتەدابایەکی سارد بەر دەموچاوم کەوت. سەیری چواردەورم کرد، کەسی لێنەبوو. سەیری پەنجەرەکەم کرد. سەیری ئەو پەنجەرەیەم کرد کە تاوێک لەمەوبەر دوو سێبەرم لە پشت پەردەکەیەوە بینیبوو. گڵۆپی ژوورەکە کوژابوویەوە و هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات. وەختێک دیسان لەوسەری کۆڵانەکەم ڕوانی، لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە نەکا ژنەکە بیری چووبێتەوە؛ نەکا ئەمشەو هەر نەیەتەوە بۆ ماڵەوە؛ نەکا ئەمشەو هەر لەوێ لە ماڵی باوکی بمێنێتەوە. تەنانەت بیرم کردەوە مافی خۆیەتی بەو حاڵەیەوە بڕیارەکەی ئەمشەوی لەیاد کردبێت؛ کوڕەکەی لەدەست داوە و من داوام لێ دەکرد ڕێگەم بدا بچمە ژوورەکەی. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا بە خۆمم وت چاوەڕێ دەکەم؛ تا هەر کاتێک کە دەکرا. لەوێدا مامەوە؛ تا سەعات دە یان تەنانەت زیاتریش. دواجار هەر دەهاتەوە. بەڵام چەند خوولەکێک دواتر دیسان بە مێشکمدا هات، ڕەنگە هەر نەیەتەوە. سەیری ئۆتۆمۆبێلەکەمم کرد. بە خۆمم وت ئەگەر هەر دیار نەبوو،

بەیانی دووبارە پەیوەندی پێوە دەکەمەوە. ئەگەر ڕازی نەبووایە، تەلەفۆنم دەکرد بۆ نووسینگەی گۆڤاری "چراوگ" و تکام لە یەکێک لە هاوڕێکانی کوڕەکەی دەکرد هاوکاریم بکات.

سووڕامەوە بەرەو ماڵی ژنەکە و لەسەر دیوارەکەوە سەیری ماڵە تاریکەکەم کرد. دەتوت لە شوێنێک لە پشت یەکێک لە پەنجەرەکانی نهۆمی دووەمەوە، گڵۆپێک هەڵکراوە. لەوانەیش بوو بەهەڵەدا چووبم. هێندە ڕووناکییەکەی کز بوو کە پێم وابوو ڕووناکیی شتێکە کەوتۆتە سەر شووشەی پەنجەرەکە. چوومە بەردەم دەرگاکە. بیرم کردەوە بۆچی پێشتر نەمبینیبوو. نووشتامەوە و دیسان لەژێر لقی درەختەکانەوە سەیری پیادەڕۆکەم کرد. پاشان بێ ویستی خۆم دەستم برد بەرەو لای تەنها جەرەسی ماڵەکە و پەنجەم پێدا نا. نزیکەی دڵنیا بووم کەس لە ماڵ نییە. دیسان سەیری کاتژمێرەکەم کرد و بڕیارم دا بڕۆم لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەمدا دابنیشم و لەوێدا چاوەڕێی بکەم. بەڵام ڕێک لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێک بوو؛ بۆ تاوێک گێژ بووم. لە بڵندگۆی جەرەسی دەرگاکەوە بوو. سەرم بردە نزیکەوە. گوێم لە دەنگی ژنەکە بوو کە دووبارە وتی: "کێیە؟"

دەمم لە بڵنگۆکە نزیک کردەوە و وتم: "منم، خاتوو ئەربابی. دوێشەو قسەم لەگەڵ کردن. بڕیار بوو..."

گوێم لە دەنگێک بوو و دەرگاکە کرایەوە. دەرگاکەم بەهێواشی بەدەست کردەوە و پێم نایە ناو حەوشەی

تاریکی ماڵەکەوە. دەرگاکەم بە ئەسپایی لە دوای خۆمەوە داخست و کاتێک دەڕۆیشتم بەرەو لای هەیوانەکە، چاوەڕێم دەکرد گڵۆپێک دابگیرسێت و پاشان ژنەکە ببینم. بەڵام هیچ هەواڵێک نەبوو، هەموو جێیەک هێندە تاریک بوو کە لەپڕێکدا بێ ویستی خۆم لە تەنیشت دیوارێکەوە ڕاوەستام کە وا دەهاتە بەرچاوم لە خشت دروست کراوە. لە جێگەی خۆمدا ڕەق ڕاوەستابووم، شتێک بە مێشکمدا هات، شتێک کە ئیتر نەیدەهێشت یەک هەنگاویش بەرەو پێشەوە بنێم. لە کاتێکدا چاوم بڕیبووە پەنجەرە درێژەکان، بیرم کردەوە نەکا ئێستا لە پشت یەکێک لەو پەنجەرانەوە بێ؛ نەکا ڕاوەستا بێت و خەریک بێ لە پشت پەردەی یەکێک لەو پەنجەرانەوە سەیری من بکات. قاچەکانم هێندە سست بووبوون کە پێم وابوو تەنانەت ناتوانم یەک هەنگاویش بۆ دواوە بنێم. ڕۆژنامەنووسەکەم هێنایە بەر چاوم کە بەو کەڵبە گەورانەیەوە لە شوێنێک لە تاریکیدا ڕاوەستاوە و چاوەڕێیە من پێ بخەمە ناو ئەو ماڵەوە. بیرکردنەوە لەوەی کە بڕیارە دێوێک ببینم کە پێشتر مرۆڤ بووە، تەواوی گیانمی دەلەرزاند. بیرم کردەوە بۆچی ئەم کارەم کرد. بۆچی بە پێی خۆم هاتم بۆ ئێرە. هەر چۆنێک بوو گەڕامەوە بۆ دواوە و تاوێک دواتر بەر شتێک کەوتم. یەکسەر ئاوڕم دایەوە. دەستم درێژکرد بەرەو لای دەسکی دەرگاکە و هەر لەو کاتەدا گڵۆپێک داگیرسا. سەیری هەیوانەکەم کرد و ژنەکەم بینی کە بەرانبەر دەرگا کراوەکە ڕاوەستاوە. وتی: "فەرموو وەرە ژوورەوە."

دەتوت هەر گوێم لێ نەبووە چی وتووە. هەر لەوێدا ڕاوەستا بووم و لەو ژنە پیرە ڕامابووم کە دەستی لەسەر دەسکی دەرگاکە بوو. دووبارە وتی: "فەرموو وەرە ژوورەوە."

دەستم لەسەر دەرگاکە لابرد و کەوتمە ڕێ. هێشتا هەستم بە لێدانە خێراکانی دڵم دەکرد لە سینەمدا.

## 3

- چایی دەخۆیتەوە؟

لەسەر مۆبیلەکە دانیشتم و وتم: "نا، سوپاس."

لەو دەرگایەوە کە مۆبیلێکی شێوە کەوانەییان لە تەنیشتییەوە دانابوو، چووە دەرەوە. گوێم لە دەنگی دەرگای شتێک بوو کە کرایەوە و داخرایەوە. بە دەنگی بەرز وتی: "منیش پێنج خوولەکێک بەرلەوەی تۆ لە جەڕەس بدەیت، گەیشتم."

ویستم بڵێم من نیو سەعاتێک لە کۆڵان چاوەڕێ بووم؛ پێی بڵێم ئەوم هەر نەدیبوو. بەڵام پاشان بیرم کردەوە ڕەنگە هەر ئەو کاتەی کە لەوسەری کۆڵانەکە یان شوێنێکی تر ڕامابووم، هاتبێتەوە. هەر بە تەنیشت ئەو پیادە ڕۆیەدا کە لقی درەختەکان هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو.

بە دەنگی بەرز وتی: "باوکم ئیتر ئێمە ناناسێتەوە."

سەیری تاقچەیەکی گەورەم کرد کە دوو گوڵدانی شینی چینییان لەسەر دانابوو و گوڵی دەستکردی سووریان تێکردبوو. لە ناوەڕاستیاندا دەفرێکی بچووکی زێڕینم بەرچاو

کەوت، دەفرێک کە کانزایی دەهاتە بەرچاو و بەدڵنیاییەوە زۆر قورس بوو. سەرم بەرەو لای پەنجەرە درێژەکان سووڕاند و ڕێک لەو کاتەدا بۆنی خاک هاتە بەر لووتم. وەک ئەوەی هەموو جێیەک خۆڵ دایپۆشیبێت. ژنەکە وتی: "ڕاستییەکەیت بۆی بیرم چووبوویەوە کە بەنیازیت بێیت."

ئاوڕم دایەوە. پیاڵە چاییەکەی لەسەر مێزەکە دانا و چوو دانیشت. لەسەر مۆبیلەکە. ڕووخساری سپی و پیر بوو، زۆر پیرتر لەو دەنگەی من لە پشت تەلەفۆنەکەوە بیستبووم.

وتی: لە پڕێکدا بیرم کەوتەوە.

سەیری پیاڵە چاییەکەم کرد کە خەریک بوو هەڵمی لێ بەرز دەبوویەوە. وتی: "باوکم ئیتر زۆر ناژی."

سەری داخست. دەنگی بە جۆرێک بوو کە پێم وا بوو هەر ئێستا دەدات لە پرمەی گریان. وتم: "من نەمدەویست لەم کاتەدا بێزارت بکەم."

سەری بەرز کردەوە. وتی: "لەو کاتەوەی ئەو ڕووداوە بەسەر ئەشکاندا هاتووە من ئیتر شەو و ڕۆژم نییە. ئیتر حەز و حەوسەڵەی کارکردنم نەماوە. تەنها لە شوێنێک دادەنیشم و دەگریم. هێندە گریاوم کە ئیتر دڵۆپێک فرمێسکیش لە پشت چاوەکانمدا نەماوە. دەزانیت ئێستا ئیتر تەنها چیم لە خودا دەوێ؟

چاوی بڕیبووە من، وتی: "دەمەوێ هەرچی زووترە بمباتەوە بۆ لای خۆی. دەمەوێ تا پێش ئەوەی باوکم شتێکی بەسەر بێ، گیانم لێ بسێنێت و ڕزگارم بکات."

ئەو فرمێسکانەم دەبینی کە لە گۆشەی چاوەکانییەوە دەتکان.

وتی: "تۆ منداڵت هەیە؟"

سەرم لەقاند. وتم: "کچێکی چکۆلە."

- دەکرێ بڵێی تەمەنی چەندە؟

- هێشتا نەبۆتە سێ ساڵ.

بە دەست فرمێسەکانی سڕییەوە. وتی: "کەواتا دەزانی چەندە ئازیزە.

سەرم لەقاند. سەری داخستبوو و لە جێیەک ڕامابوو. پاشان لەناکاو بینیم هەستایە سەر پێ. وتی: "دەی، وابزانم لە تەلەفۆنەکەدا وتت بڕیارە هێندێک شت بۆ ئەشکان چاپ بکەیت؟"

دەراوی دەنگی تەواو لەگەڵ پێشووتردا گۆڕا بوو. دەتوت هەر ئەو ژنە نییە کە خەریکبوو تاوێک لەمەوبەر دەگریا. وتم: "بەڵێ، ئەشکان داوای لە من کرد... "

ژوورەکەی لە نهۆمی سەرەوەیە.

بەڕێ کەوت، کاتێک بە تەنیشت دەرگای چێشتخانەکەدا تێدەپەڕی، ئاوڕی دایەوە و سەیری منی کرد. هەستام و دوای کەوتم. بەناو دەرگایەکدا کە شووشەی ڕەنگاوڕەنگی هەبوو تێپەڕین و پێمان نایە ڕاڕەوێکەوە کە ڕووناکیی گڵۆپێک لە نهۆمی سەرەوە کەمێک ڕووناکی کردبوویەوە. دەستی بە پەرژینە ئاسنینەکانەوە گرتبوو و من گوێم لە جیرەجیرِی سۆڵەکانی بوو، ڕێک لە پشت سەرییەوە بە پلیکانەکاندا

سەردەکەوتم. هێشتا بە نهۆمی سەرەوە نەگەیشتبووین کە هەستم کرد لە نهۆمی خوارەوە دەنگێک دێ؛ دەنگێکی وەک بەیەکدادانی دەرگا. لە دڵی خۆمدا وتم بێگومان با- دەرگاکەی بە یەکدا داوە. ژنەکە وتی: "من ئیتر زۆر بە کەمی دێمە ئەم سەرەوە."

دەرگایەکی کردەوە کە هەر ڕێک لە دەرگای ژێرزەوین دەچوو و چووە ژوورەوە. لە پشت سەرییەوە چوومە ناو هۆڵێکەوە کە زۆر لە هۆڵەکەی خـوارەوە گـەورەتر بوو، لەوانەیشە لەبەر ئەوەی کە هیچ کەلوپەلێکی تێدا نەبوو وا بیرم دەکردەوە. بۆنێکی وەک بۆنی خۆڵ، کە ئاویان پێدا کردبێت، بەر لووتم کەوت. بۆنێکی تریش هەبوو، بۆنی ترشاوی، یان شتێکی لەم جۆرە. ژنەکە بە پەنجەی ئاماژەی بە دەرگای ژوورێک کرد و پاشان لە من ڕاما. چاوەڕێ بوو بچمە پێشەوە. کەوتمە ڕێ، بە تەنیشتیدا تێپەڕیم و بەهێواشی بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشتم. وەختێک گەیشتمە تەنیشت دەرگاکە، ئاوڕم دایەوە. هیچ هەواڵێک لە ژنەکە نەبوو. سەیری دەوروبەرم کرد و چاوم بە چلچرایەکی بچووک لەسەر دیواری هۆڵەکە کەوت کە دوو گڵۆپی سووری بچووک لەناویدا هەڵکرابوون. دڵنیا بووم کە هەر ئەم دوو گڵۆپە بچووکە بوون ڕووناکییەکەیانم لە کۆڵانەکەوە بینیبوو. ویستم بانگی ژنەکە بکەم کە بینیم گڵۆپێک لەو ژوورەدا کە لەبەردەم دەرگاکەیدا ڕاوەستا بووم، هەڵبوو. چوومە پێشەوە و ژنەکەم بینی لە تەنیشت مێزێکی بچووکەوە ڕاوەستاوە، ڕێک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا. وتی:

"من دەستم لە هیچ شتێک نەداوە."

سەیری تەختەخەوە یەک کەسینیەکەی سووچی ژوورەکەم کرد؛ ئەو سەرینە سپییەی شوێنی سەرێکی لەسەر دیار بوو و بەتانییەکی شێواو کە سووچێکی کەوتبووە سەر زەوییەکە. ژنەکە چووە تەنیشت ئەو پەنجەرەیەی پەردەیەکی گوڵداری تاریک دایپۆشیبوو. گۆشەیەکی گرت و سەری لە پەنجەرەکە نزیک کردەوە. گوێم لێبوو وتی: "ماوەیەک هەر لەم پەنجەرەیەوە چاوەڕێی هاتنەوەیم دەکرد."

گریان قورگی گرتبوو. من سەیری مێزەکەم کرد و چاوم بە کتێبی "تاران، کۆڵانی تارماییەکان" کەوت، لە شوێنێک لە ژێر مێزەکەدا کەوتبوو. چوومە پێشەوە. فایلێکی زەرد ڕەنگ لەسەر مێزەکە بوو لەگەڵ چەند ڕۆژنامە و دەفتەری یادداشت. دوایین ژمارەی گۆڤارەکەیش لە ناویاندا بوو، وێنەیەکی منیان لەسەر بەرگەکەی دابوو. نوشتامەوە بۆ سەر زەوییەکە و دەفتەری یادداشتەکانیم کە بەرگێکی سەوز ڕەنگی نایلۆنی هەبوو، هەڵگرتەوە و کردمەوە. دەستم کرد بە خوێندنەوە. چەند لاپەڕەیەکم بەخێرایی خوێندەوە. وا نەدەهاتە بەرچاو نووسینەکانی ناو دەفتەرەکە شتی گرنگ بن. چەند لاپەڕەی دواترم سەرپێیی هەڵدایەوە و پاشان ناوی خۆمم بینی. لەبەر دەمیدا نووسیبووی : "بڕیای چاوپێکەوتن" و پاشان ڕۆژ و سەعاتەکەی دیاری کردبوو. لاپەڕەکانی تری سپی بوون. پەڕەکانم هەڵدایەوە. هیچ شتێکی تری لەو دەفتەرەدا یادداشت نەکردبوو. چووم بۆ لای فایلەکە. هەرکە هەڵمگرت. چەند

کاغەزێک لەناویدا بەربوونەوە سەر زەوی؛ فۆتۆکۆپیی ئەو ڕۆژنامانە بوون کە ئەشکان لەماڵەوە پیشانی دابووم؛ چەند وتارێک لەبارەی ئەو منداڵانەوە کە ون بووبوون. فایلەکەم کردەوە. چەند پەڕەی یەکەم سپی بوون و پاشان چاوم بە چەند بابەتێک کەوت سەبارەت بە کوڕێک بەناوی "فەرید کازمی" نووسرابوون. بیرم کردەوە چەندە ناوەکەی ئاشنایە. دڵنیا بووم پێشتر ناوەکەیم بیستووە. چەند دێڕی سەرەتام کە خوێندەوە، بیرم کەوتەوە، هەر ئەو کوڕە بوو کە بە منی وتبوو گۆڕاوە بۆ خوێنخۆر، واتا خۆی وا بیری دەکردەوە. لەو بابەتەدا باسی خێزانەکەی کردبوو. باوکی و دایکی و تاقە براکەی کە دوای ئەم ڕووداوە بۆ ڕەشت، زێدەکەی خۆیان، گەڕابوونەوە. وەختێک خوێندمەوە کە چووە بۆ ڕەشت و ئەوانی دۆزیوەتەوە، زۆر سەرسام بووم. بەوردی دەستم کرد بە خوێندنەوە. بەدووردورودرێژی باسی دایکی کردبوو کە خەریکبووە شێت ببێ و باوکی کە ئیتر ئامادە نەبووە بۆ تاران بگەڕێتەوە. بەڵام شتێک کە زیاتر لە هەموو ئەمانە سەرنجی ڕاکێشام، قسەکانی براکەی بوون، فەریبورز. وتبووی دڵنیایە براکەی نەمردووە. وتبووی هێندێک جار شەوان لە خەودا گوێی لێبووە کە بانگی دەکات و هەر جارێک لە خەو ڕاپەڕیوە هەستی کردووە براکەی لەوێ بووە. ڕێک بەسەر سەرییەوە. تەنانەت باسی لەوە کردبوو کە شەوێکیان درەنگ وەخت کە هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە، هەستی کردووە کەسێک دوای دەکەوێت. ئەشکان نووسیبووی فەریبورز گومانی نەبووە کە براکەی بووە.

ڕێک لێرەدا بابەتەکە تەواو دەبوو. لە خوارەوەی نووسیبووی بەم زووانە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژ لەگەڵ ئەم خێزانەدا بڵاو دەکاتەوە.

بەپەلە سەیری تەواوی لاپەڕەکانم کرد. بەلام لە هیچ شوێنێک شوێنەوارێکم لە چاوپێکەوتنەکە نەبینی. وتم: "تۆ دەزانیت..."

سەرم بەرز کردەوە. هەواڵێک لە ژنەکە نەبوو. سەیری چواردەوری خۆم کرد، ڕۆیشتبوو. هەستام و لە ژوورەکە چوومە دەرەوە. پێم وابوو چۆتە خوارەوە. نەدەبوو کات بەفیڕۆ بدەم . گەڕامەوە ناو ژوورەکە و بەرانبەر مێزەکە دانیشتم. هەر لەو ساتەدا هەستم بە لەرز کرد. خەریکبووم لە سەرمان هەڵدەلەرزیم. بیرم کردەوە نەکا ژنەکە ساردکەرەوەی هەڵکردبێت. هەر لەبەر ئەمە گوێیەکانم تیژ کردنەوە. بەلام هیچ دەنگێک نەدەهات. فایلەکەم کردەوە و سەیری پەڕەکانی ترم کرد. جگە لە کۆمەڵێک یادداشتی پەرشوبڵاو لەبارەی کار و بەرنامەکانی، هیچی تری لەسەریان نەنووسیبوو. فایلەکەم خستە سەر مێزەکە و لەناکاو کاغەزێک کەوتە بەرچاوم کە لە نێوانییەوە هاتبووە دەرەوە، نووشتامەوە و کاغەزەکەم دەرهێنا. لە شوێنێک لە بەشی سەرەوە نووسیبووی: "دارستانی هەور" لە ژێریدا زۆر بە وردی شتانێکی نووسیبوو. خۆیشم نازانم بۆچی لە خۆمەوە وا بیرم کردەوە ئەم کاغەزە هەمان ئەو شتەیە کە بەدوایدا دەگەڕام. دەستم کرد بە خوێندنەوەی. تەواوی نووسینەکە سەبارەت

بە پیاوێک بوو بەناوی بەهمەن. نووسیبووی یەکسەر دوای ئەوەی دیپلۆمی وەرگرتووە. لە کۆلێژێکی تاران لە بەشی ئەندازیاریی کارەبا و پەیوەندییەکان وەرگیراوە. هەر لەوێدا و لە کاتی خوێندنەکەیدا هاوسەرگیری کردووە، لەگەڵ کچێک کە لە بەشی گرافیک خوێندوویەتی. زۆر بە درێژی لەبارەی ئاشنابوونی بەو کچە کە ناوی مەهشید بووە، قسەی کردبوو، شتانێکی تریشی لەبارەیانەوە نووسیبوو. ئەوەی کە بێئەندازە یەکتریان خۆشویستووە و ساڵی دووەمی ژیانی هاوبەشیان، وەختێک بەهمەن ساڵی کۆتایی خوێندنی بووە، بوونەتە خاوەنی کچێک. هەر کە لاپەڕەکەم هەڵدایەوە. لەناکاو گوێم لە دەنگێک بوو. دەنگێکی بەرز کە لە هاوارێکی ناڵەئاسا دەچوو، دەنگێک کە تا ئەو کاتە هەرگیز گوێم لێ نەبووبوو. بێ ویستی خۆم هەستامە سەرپێ. دەمویست لە ژوورەکە بچمە دەرەوە، بەڵام نازانم بۆچی وا بیرم کردەوە ئەم دوایین جارە کە پێ دەنێمە ئەم ژوورەوە. بە خێرایی کاغەزەکەم قەد کرد و خستمە گیرفانی پانتۆڵەکەمەوە. پاشان نووشتامەوە و زۆر بەخێرایی کاغەزەکانی سەر مێزەکەم ڕێکخستن. هەموو شتێکم بینیبوو. لانیکەم خۆم وا بیرم دەکردەوە. سەیرێکی دەوروبەرم کرد. هیچ شتێکی تر لە ژوورەکە نەبوو. بە خۆمم وت ئەی ئەو بەڵگەنامانەی باسی کردبوون، لە کوێن. بۆچی نیشانەیەک، شتێکی دانەنابوو؟ ویستم لە ژوورەکە بچمە دەرەوە کە چاوم بە کتێبی "تاران، کۆڵانی تارماییەکان" کەوت. نووشتامەوە و لەسەر زەوییەکە هەڵمگرتەوە و دەستم کرد بە هەڵدانەوەی

پەڕەکانی. ڕێک لەسەر ئەو لاپەڕەیەی کە پێشەکی دەستی پێدەکرد، بە گەورەیی نووسیبووی: "دارستانی هەور".

ئیتر گومانم نەبوو کە دارستانی هەور پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە من بەدوایدا دەگەڕێم. کتێبەکەم داخست و توند لە دەستمدا ڕامگرت. زۆر خێرا بە دەوری خۆمدا سووڕامەوە و بەسەرپێوە چاوێکم بە ژوورەکەدا گێڕا. وا نەدەهاتە بەرچاو شتێکی تر لەو ژوورەدا بدۆزمەوە. لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە و چلچراکەم بینی کوژاوەتەوە. بەناو هۆڵە تاریکەکەدا تێپەڕیم. دەرگایەکم کردەوە و پێم خستە ناو ڕاڕەوێکی تاریکەوە. تاوێک هەر لەوێدا ڕاوەستام و زۆر بە هێواشی بانگی ژنەکەم کرد. هیچ دەنگێک لە خوارەوە نەهات. دەستم گرت بە پەرژینە ئاسنینەکانەوە و لەسەرخۆ چوومە خوارەوە. ڕێک لە ناوەڕاستی پلیکانەکاندا بوو هەستم کرد گوێم لە دەنگێکە. ڕاوەستام و گوێیەکانم تیژ کردنەوە. کەسێک لەوە دەچوو خەریک بێت گۆرانی بڵێت. پێم وابوو دەنگی دایکی ئەشکانە. گوێیەکانم تیژ کردنەوە. دەنگە کیژۆڵەیەک بوو کە خەریک بوو گۆرانییەکی منداڵانەی دەچڕی. دەنگەکە لە نهۆمی خوارەوە بوو. کاتێک گەیشتمە بەردەم دەرگای نهۆمی خوارەوە، چەند جارێک زۆر بەهێواشی لە دەرگام دا و بانگی ژنەکەم کرد. پاشان بە ئەسپایی دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە. ئێستا دەنگی کیژۆڵەکەم بە ڕوونی دەبیست. بە هێواشی وتم: "خاتوو ئەربابی!"

بەڕێکەوتم بەرەو لای دەرگای چێشتخانەکە، شوێنێک کە پێم وابوو دەنگی کچکە لەوێوە دەبیستم. وا هاتە بەرچاوم ئەو هۆڵەی پێشتر لێی دانیشتبووم، تاریکتر بووە. کاتێک گەیشتمە لای دەرگاکە چاوم بە پیاڵە چاییەکە کەوت کە هێشتا لەسەر مێزەکە بوو. دیسان بانگی ژنەکەم کرد و پاشان چوومە ناو چێشتخانەیەکی گەورەوە. چلچرا دیوارییە بچووکەکە بە دوو گڵۆپی بچووکی سوورەوە، ڕێک وەک چلچراکەی سەرەوە، کەمێک چێشتخانەکەی ڕووناک کردبوویەوە. دوو سێ هەنگاوێک چوومە پێشەوە و پاشان شتێکم بینی؛ پەیکەرێکی بچووک کە لە ناوەڕاستی چێشتخانەکەدا دانیشتبوو، پشت لە من و خەریکبوو شیعری دەخوێندەوە و سەری بۆ ئەملاوئەولا دەسووڕاند. . سەیری قژە درێژ و ڕەشەکەیم کرد کە تا کەمەری هاتبوو. ویستم بڕۆمە پێشەوە، ویستم بانگی کەم، بەڵام لە جێی خۆم نەجووڵام. بە خۆمم وت ئەم کیژۆڵەیە لێرە لە ناوەڕاستی ئەم چێشتخانە نیوە تاریکەدا چی دەکات. بۆچی پێشتر گوێم لە دەنگیە نەبووبوو؟ ژنەکە هیچی لەبارەیەوە نەوتبوو. کچەکە لەناکاو دەستی لە شیعر خوێندنەوە هەڵگرت. دەتوت زانیویەتی کەسێک ڕاوەستاوە لە پشت سەرییەوە و خەریکە سەیری دەکات. سەری بۆ لایەک نووشتانەوە. بێ ئەوەی پێی بزانم، خەریکبووم پاشەوپاش بۆ دواوە دەگەڕامەوە و لە چێشتخانەکە دەچوومە دەرەوە. ئاوڕم دایەوە بۆ لای دەرگاکە و بەپەلە ڕۆیشتم بەرەو ڕاڕەوێک کە دەچووە سەر دەرگای هەیوانەکە. لەو ساتانەدا خەریکبووم

بیرم لە شتێک دەکردەوە؛ لەوەی کە لەوێ بڕۆم. هەر چۆنێک بووە دەبوو لەو ماڵە بڕۆم. بەڵام هێشتا نەگەیشتبوومە لای دەرگاکە گوێم لە دەنگی دەرگاکە بوو. ڕاوەستام و سەرم بۆ دواوە سووڕاند. نەمدەبینی. گوێم لێبوو وتی: "خەریکی دەڕۆیت؟"

تفێکم قووت دا. دەنگم دەرنەدەهات. وتی: "ئەو شتانەی کە دەتویستن دۆزیتنەوە؟"

لە هۆڵەکەدا نەبوو. پێم وابوو ڕەنگە لە ژوورەکەدا بێ، ژوورێک کە دەرگاکەی نزیکی دەرگای ڕاڕەوەکە بوو. ڕۆیشتم بەرەو لای دەرگاکە و لەبەردەمیدا ڕاوەستام. لە تاریکیدا هەستم بە پەیکەرێکی گەورە کرد کە لەسەر تەختەخەوێکی یەک کەسی، لە نزیکی پەنجەرەکە، ڕاکشابوو. وتی: "من کەمێک ناساغم."

وتم: "ئەو کچە چیتە؟"

هیچی نەوت. وتم: "من نەمتوانی هەموو ئەو شتانەی ئەشکان قسەی لەبارەوە کردبوون، بدۆزمەوە."

بینیم لەسەر تەختەکە جووڵایەوە. وتی: "هەمووی هەر ئەو شتانە بوون کە پیشانم دای."

دیسان گوێم لە دەنگێک بوو، دەنگێگ کە لە داخستنی دەرگا دەچوو. وتم: "دڵنیام ئەو شتانەی ئەشکان دەیویستن من بۆی چاپ بکەم، زۆر زیاترن لەو یادداشتانەی لە ژوورەکەیدا بینیم."

ئاوڕم دایەوە و سەیری پشتی سەرم کرد. دەنگی شتێکم لە چێشتخانەکەوە بیست؛ دەتوت کەسێک خەریکبوو بە پێڵاوی بنبەرزەوە لەوێدا هەنگاوی دەنا. ژنەکە وتی: "شوێنێکی تریش هەیە. شوێنێک کە ئەشکان کاغەز و کەلوپەلەکانی لێ دادەنا."

- لەکوێ؟

هیچی نەوت. وتم: "هەر لەمماڵەدایە؟"

وتی: "من ئێستا زۆر ماندووم، دەبێت بخەوم. ڕۆژێکی زۆر سەختم بەسەر بردووە."

ویستم شتێک بڵێم. پێداگری بکەم تا تەنها بڵێت بەڵگەنامەکان هەر لەم ماڵەدان یان جێیەکی تر، بەڵام هیچم نەوت. چەند ساتێک بێ ئەوەی هیچ بڵێم چاوم لە تەختەخەوەکە بڕیبوو و گوێم لە دەنگی پێڵاوە پاژنەبەرزەکان دەگرت کە توند و یەکلەدوای یەک بەر زەوییەکە دەکەوتن. پاشان بانگی ژنەکەم کرد. هیچی نەوت. پێم وابوو خەوی لێ کەوتووە. دیسان زۆر بە هێواشی بانگم کرد. وەختێک هیچی نەوت، کەوتمە ڕێ، بەرەو دەرگای هەیوانەکە، دەرگاکەم کردەوە و چوومە دەرەوە. بەخێرایی بەناو حەوشەکەدا ڕۆیشتم، هێشتا نەگەیشتبووم بە دەرگای حەوشەکە کە گوێم لە دەنگێک بوو؛ هەمان ئەو دەنگی هاوارەی لە نهۆمی سەرەوە بیستبووم و لە ناڵەناڵ دەچوو. دەرگای حەوشەکەم کردەوە، بۆ ساتێک ئاوڕم دایەوە، سەیری ناو ماڵەکەم کرد و چاوم بە شتێک لە پشت پەنجەرە درێژەکەوە کەوت؛ پەنجەرەی هەمان ئەو ژوورەی ژنەکە تیایدا لەسەر تەختەخەوەکەی ڕاکشابوو.

پەیکەرێکم بینی لە تاریکیدا لە تەنیشت پەنجەرەکەوە ڕاوەستا بوو. دەستەکانیم دەبینی کە خستبوونییە سەر ئەملاولای ڕووخساری، لەسەر شووشەکە و چاوی بڕیبووە من. لە دەرگاکەوە چوومە دەرەوە و توند لە پشتی سەرمەوە پێوەمدا. نزیکەی خەریکبووم ڕامدەکرد بەرەو لای ئۆتۆمۆبێلەکەم. هەر کە سەرکەوتم، هەستم بە کتێبەکە کرد کە توند لە دەستمدا گرتبووم. کتێبەکەم هەڵدایە سەر کوشنەکانی دواوە و ئۆتۆمۆبێلەکەم خستە کار. کاتێک لە کۆلانەکە دەرچووم، ئەو پیاوەی ماڵی ژنەکەی پیشان دابووم، لە شوێنێک لەسەر کۆلانەکەدا ڕاوەستابوو. دەستەکانی کردبوون بە گیرفانی گەورەی چاکەتەکەیدا و خەریکبوو لەژێر ئەو کڵاوەوە کە تا ئاستی چاوەکانی هێنابوویەوە خوارەوە، سەیری منی دەکرد.

بێ ڕاوەستان بەرەو لای ماڵەوە بەڕێکەوتم.

## 4

ژنەکەم هەستی کردبوو. هەر ئەو کاتەی کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە لەمە تێگەیشتم. خەریکبوو بە جۆرێک سەیری دەکردم وەک بڵێی زانیویەتی بۆ کوێ ڕۆیشتووم. تەواوی ئەو ماوەیەی کە خەریکبووین پێکەوە شێومان دەخوارد، یەک پیت قسەی نەکرد. پاشان چوو سەرێکی لە ژووری منداڵەکە دا و گەڕایەوە. دەمزانی ئێستا نا ئێستا دەست پێ دەکات. هەر وایش بوو. لەسەر مۆبیلەکە دانیشت و وتی دەیەوێ قسەم لەگەڵ بکات. وتی ماوەیەکە زانیویەتی بەنیازم چی بکەم؛ بە تەلەفۆنەکان و ئەو یادداشتانەی هێندێک جار لێرەولەوێ بەجێم هێشتوون. وتی حەز ناکات دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە ناچار بووە نیوەشەوان، هەر چەند سەعات جارێک، من لە مۆتەکەکانم بێدار بکاتەوە؛ ئەو ڕۆژانەی کە ناچار بووە لەگەڵ کچەکەم بەڕێ بکەوێت و بڕوات بۆ ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی باوکی. تەنانەت وتی هێندێک جاریش لێم ترساوە؛ لە ڕوانینم، لە کارەکانم، مۆتەکەکانم و تەنانەت

لەوەی کە زۆربەی جار ویستوومە بەتەنیا بم. تەواو دڵگران بوو و پاشان وتی کە پێی وابووە ئەم بابەتە ئیتر کۆتایی پێهاتووە. پێی وابووە ئیتر بڕیار نییە من بگەڕێمەوە سەری و هەموو شتێک تەواو بووە. پاشان چاوی بڕییە من. چاوەڕوان بوو شتێک بڵێم. وتم: "ئەو بابەتە هێشتا تەواو نەبووە."

- واتای چییە کە هێشتا تەواو نەبووە؟ ئەو ڕۆمانەی دووەمیش خۆ چاپ کرا. ئیتر بە شوێن چییەوەیت؟

زۆر بەهێواشی وتم: "خۆیشم نازانم، بەڵام ڕەنگە ئەمە دواهەمینیان بێ."

- جاری پێشوویش هەر وات وت.

- من هیچ کات ئەم قسەیەم نەکردووە. بەڵام ئەم جارەیان جیاوازی هەیە. ئەم جارە زۆر شت دەردەکەوێ.

پاشان لەسەرخۆتر وتم: "سەیرکە، تا بەرلەوەی ئەو کابرا ڕۆژنامەنووسە پێی بخاتە ئەم ماڵەوە، بابەتەکە بۆ من تەواو بووبوو. بەڵام ئێستا کە ڕۆمانی دووەمیشی چاپکراوە، ئیتر ناتوانم دەستی لەسەر هەڵگرم. تێدەگەی چی دەڵێم؟ وەک ئەوە وایە کارێکی زۆر گرنگم بە نیوەناچڵی واز لێهێنابێ، کارێک کە تەواوی مێشکمی سەرقاڵ کردووە، کارێک پێم وایە ئەگەر تەواوی نەکەم، ئیتر هیچ کات ناتوانم بچمە سەر کارێکی تر."

سەیری پەنجەرە کراوەکەی چێشتخانەکەی کرد کە با دەیجووڵاند. زۆر بە هێواشی وتی: "ئەی ئێمە چی؟ من و ئەو منداڵە چ گوناهێکمان کردووە؟ ئیتر حەزناکەم بگەڕێینەوە بۆ

ئەو ڕۆژانە. تۆ تەواوی کات بووبووی بە کەسێکی تر. لێم تێدەگەی چی دەڵێم؟"

- تۆ وا بیرت دەکردەوە.

- بیرم نەدەکردەوە.

دیسان سەیری پەنجەرە کراوەکەی کرد. وتی: "ئەگەر هەموو ئەو شتانەی لە چاوپێکەوتنت لەگەڵ خوێنخۆرەکە قسەت لەبارەوە دەکردن... مەبەستم هەموو ئەو ڕووداوانەیە، ئەگەر هەموو ئەوانە ڕاست بن، بیرت لەوە کردەوە دەکرێت چی ڕوو بدات؟"

ئەمانەی وت چونکە هێشتا باوەڕی نەکردبوو کە دراکوڵا ئەو شەوە منی بۆماڵی خۆیان بردبوو. وتم: "بڕیار نییە هیچ ڕوو بدات."

بە دەنگی بەرز وتی: "تۆ لەکوێوە دەزانی؟"

وتم: "هێواش منداڵەکە خەوتووە."

بە هێواشی وتی: "تۆ لەکوێوە دەزانی کە هیچ شتێک ڕوو نادات؟"

- دوایین سات، ئەو ڕۆژنامەنووسە داوای لە من کرد بەڵگەنامەکانی، چووزانم، یادداشتەکانی بۆ چاپ بکەم. منیش خەریکم هەر وا دەکەم. هیچ ڕووداوێکی تریش بڕیار نییە ڕوو بدات، چونکە ئەو مردووە. تێدەگەی؟ مردووە. ئیتر نە بڕیارە کەس ببینم، نە هیچ شتێک.

دەستی بە پەنا گوێیدا هێنا. وتی: "ئەگەر ئەوان پێی بزانن چی؟ هەر ئەو بوونەوەرە سەیر و سەمەرانە دەڵێم،

چووزانم هەر ئەو خوێنخۆرانە؟ ئەگەر ئەوان پێی بزانن کە دووبارە خەریکی سەر بەماڵەکەیاندا دەکەی چی؟ بیرت لەمە کردۆتەوە؟ بیرت لەوە کردۆتەوە کە دووبارە ئێمە ناچار بین ئاوارە ببین؟ ئەگەر ئەم جارە بەڵایەکت بەسەر بێ چی؟"

بۆ تاوێک ئەو کیژۆڵە قژ درێژە ڕەشەم بیر کەوتەوە کە لەو ڕووناکییە کزەدا لە نێو چێشتخانەکەدا دانیشتبوو و خەریکبوو گۆرانی دەچڕی؛ بیری ئەو پەیکەرەی لە پشت پەنجەرەکەوە بینیبووم و ئەو پیاوەی چاکەتی درێژی لەبەردا بوو و کڵاوەکەی تا ئاستی چاوەکانی هێنابووە خوارەوە.

وتی: "بیرت لە هەموو ئەو شتانەی کە وتم کردۆتەوە؟"

سەرم لەقاند، چونکە نەمدەویست نیگەرانی بکەم. وتم دڵنیا بێت کە بڕیار نییە هیچ ڕوو بدات و هیچ جێگەی نیگەرانی نییە. وتم تەنها بڕیارە لەسەر بنەمای ئەو یادداشتانە ڕۆمانێکی تر بنووسم، هەر ئەوەندە. پاشان ئیتر هەموو شتێک تەواو دەبێت. دواجاریش بڕیارم دا کە دوای نووسینی ئەو ڕۆمانە تەواوی بابەتەکە بۆ هەمیشە فەرامۆش بکەم.

قسەکانم کە تەواو بوون، ئەو قسانەی خۆم هیچ باوەڕێکم پێیان نەبوو، خەریک بوو بە جۆرێک سەیری دەکردم وەک بڵێی هیچ شتێک بڕیار نییە تەواو ببێت. پاشان هەردووکمان بۆ تاوێک بێدەنگ بووین. کەمێک دواتر وتی: خۆزگە هەر یەکەم جار کە تەلەفۆنی بۆ کردی، نەڕۆیشتیتایە. خۆزگە هەر ئەو کاتە توند ڕێگەم لێ بگرتیتایە و نەمهێشتبایە بڕۆی."

سەری داخستبوو. وتم: "شتێک دەزانی؟"

سەیری کردم و وتی: "چی؟"

- هێندێک جار بیر لە شتانێکی زۆر سەیر و سەمەرە دەکەمەوە. بیر دەکەمەوە من هەڵبژێردرابووم؛ شتێکی وەک چارەنووس و ئەم جۆرە قسانە. تەنانەت ئەگەر ئەو شەوەیش نەڕۆیشتبام. شەوانی دواتریش بە جۆرێک هەر تێوە دەگلام. لەمە دڵنیام. ئەمە بەشێک بووە لە چارەنووسم.

سەری بردە دواوە و لە چاوەکانم ڕاما. وتی: "تۆ ڕۆماننوسی. بەڕاستی باوەڕت بەم قسە پڕوپووچانە هەیە؟"

بە توندی وتم: "بەڵێ، لەم بارەیەوە بەڵێ."

هیچی نەوت. لە جێگەی خۆی هەستا. بێ ئەوەی سەیری من بکا، وتی: "تەنها کارێک مەکە دیسان ئارامیمان تێک بچێت. من هەر ئەمەم لێت دەوێ."

ڕۆیشتە ژووری خەوەکە.

## 5

نیوەی شەو بوو کە بە دەنگێک لەخەو ڕاپەڕیم. چەند ساتێک بێ هیچ جووڵەیەک لە میچەکە ڕامام و لەو کاتەدا بوو کە بۆم دەرکەوت لەسەر مۆبیلەکە خەوم لێکەوتووە. ژنەکەم تەواوی گڵۆپەکانی کوژاندبۆوە. ڕێک لەو کاتەدا کە بڕیارم دا هەستم و بڕۆم بۆ ژووری خەوەکە، دیسان گوێم لە دەنگەکە بوو. کەسێک خەریک بوو زۆر بە هێواشی لە دەرگاکەی دەدا. لە جێگەی خۆم هەستام و چوومە تەنیشت کاتژمێرە دیوارییەکە. هێندە لە کاتژمێرەکە ڕامام تا دواجار لەو تاریکییەدا میلەکانیم بینی. چارەکێک بەسەر دوودا تێپەڕیبوو. کاتێک دیسان گوێم لە دەنگەکە بوویەوە، چووم بەرەو لای دەرگاکە. کەسێک خەریک بوو شتێکی بە دەرگاکەدا دەکێشا. هیچ تێنەدەگەیشتم. سەرم بردە نزیک دەرگاکەوە. بە هێواشی وتم: "کێیە؟"

گوێم لێبوو کەسێک بانگی کردم. ڕێک لە پشت دەرگاکەوە بوو، نووساو بە دەرگاکەوە. سەیری کلیلەکەم کرد کە لە نێو قوفڵەکەدا بوو. بە پەنجەکانم کلیلەکەم گرت. ویستم دڵنیا ببم دەرگاکەم قوفڵ کردووە کە دووبارە گوێم لە دەنگەکە

بوویەوە. دەنگی خزمەتکارەکە بوو. کلیلەکەم لە قوفڵەکەدا سووڕاند و دەرگاکەم کردەوە و چاوم بە خزمەتکارەکە کەوت کە ڕێک بەرانبەر دەرگاکە، لە ڕاڕەوە تاریکەکەدا ڕاوەستا بوو.

وتم: "دەزانی سەعات چەندە؟"

دەستم بەسەر دیوارەکەدا هێنا و پلاکەکەم هەڵکرد، بەڵام گڵۆپەکە هەڵنەبوو.

مەحموود وتی: "ڕیکۆردەری ئۆتۆمۆبێلەکەت هەڵبووە، کاکە."

- چی؟

- ڕیکۆردەری ئۆتۆمۆبێلەکەت هەڵبووە.

چاوم بڕیبووە ئەو؛ بە چاوە سوورەکانیدا دیار بوو کە تازە لە خەو هەستاوە و قژە خۆڵەمێشییەکەی کە بۆ یەکەم جار بوو دەمبینی داینەهێناوە. وتم: "دڵنیای؟"

سەری لەقاند: "نیوسەعاتێک دەبێت."

هێشتا دەتووت گێژی خەوم. خەریکبووم بیرم لە قسەکانی دەکردەوە.

وتم: "ئێستا دێم."

گەڕامەوە ژوورەوە. سویچی ئۆتۆمۆبێلەکەم لەسەر مێزی نانخواردنەکە هەڵگرت و چوومە دەرەوە. دەرگاکەم کە بە هێواشی پێوەدا، وتم: "بڕۆین."

ئاوڕم دایەوە. هیچ هەواڵێک لە مەحموود نەبوو. ڕۆیشتمە تەنیشت بەرزکەرەوەکە و پەنجەم بە دوگمە خڕە زیوینەکەدا

نا. گڵۆپە سوورەکە هەڵبوو. چاوەڕوان بووم. کەمێک دواتر دەرگای بەرزکەرەوەکەم کردەوە، چوومە ناوەوە و پەنجەم بە دوگمەی گەراجەکەدا نا، تاوێک دواتر، کاتێک بەرزکەرەوەکە ڕاوەستا، پاڵم بە دەرگاکەوە نا و چوومە ناو گەراجەکەوە. جگە لە گڵۆپی بەرانبەر دەرگـای ژووری خزمەتکارەکە هەموو گڵۆپەکان کوژابوونەوە. ماوەیەک هەر لەوێدا بەرانبەر بەرزکەرەوەکە ڕاوەستام و گوێم لە دەنگی ساردکەرەوەی ژووری خزمەتکارەکە گـرت. هـەرکە بەڕێکەوتم بـەرەو لای ئۆتۆمۆبێلەکان، گوێم لە دەنگی گۆرانییەکە بـوو. لە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆمەوە بوو. سویچەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و چووم دانیشتم لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا. کاتێک سیدییەکەم لە ڕیکۆردەکە دەرهێنا، لە ناکاو هەموو جێیەک تاریک بوو. بێ ویستی خۆم بە دەنگی بەرز وتم: "کاک مەحموود!"

دوو سێ جـاری تریش بانگم کـرد و پاشان لایتەکانی ئۆتۆمۆبێلەکەم هەڵکرد. مەحموود بەرانبەر ئۆتۆمۆبێلەکە ڕاوەستابوو، ڕێک لە نێوان لایتەکاندا و چاوی بڕیبووە من. بە دەنگی بەرز وتم: "مەگەر کەڕی؟ چەند جار بانگت بکەم!"

تەنها چاوی بڕیبووە من. وتم: "گڵۆپەکان هەڵبکە."

سووڕایەوە و ڕۆیشت بۆ لای پلاکی گڵۆپەکان کە نزیکی بەرزکەرەوەکە بوون. تاوێک دواتر چەند دانە لە گڵۆپەکان داگیرسان. لایتەکانی ئۆتۆمۆبێلەکەم کوژاندنەوە و دابەزیم. وتی: "پلاکەکان خراپ بوون. کاکە من چەند جاریش وتوومە. دەبێ بیانگۆڕین."

- دەی، بۆچی بە جەنابی میلانیت نەوتووە؟

- پێم وت، کاکە. بەتۆیشم وت. پێریّ وتم. وتت چەند دانەیەک دەکڕیت و دەیهێنیت.

من هەر بیرم نەدەهاتەوە. بیرم نەدەهاتەوە لەبارەی پلاکەکانەوە قسەمان کردبێت. سویچەکەم خستە گیرفانمەوە و ڕۆیشتم بەرەو لای بەرزکەرەوەکە. وەختێک دەرگاکەیم کردەوە، بە دەنگی بەرز وتم: "بەیانی بیرم بخەرەوە چەند دانەیەک بکڕم."

ئاوڕم دایەوە، هیچ هەواڵێک لە مەحموود نەبوو. سواری بەرزکەرەوەکە بووم و گەڕامەوە بۆ سەرەوە. زۆر بەهێواشی کلیلەکەم لە قوفڵەکەدا سووڕاند و چوومە ژوورەوە. وەختێک دەرگاکەم لە پشت سەرمەوە دادەخست، گوێم لە دەنگێک بوو. پێم وابوو وەک زۆرێک لە شەوەکان منداڵەکە بێدار بۆتەوە و ژنەکەم خەریکە قسەی لەگەڵ دەکات. سویچەکەم لەسەر مێزەکە دانا و ڕۆیشتم لەسەر مۆبیلەکە ڕاکشام. دیسان هەمان ئەو دەنگەم بیستەوە. گوێیەکانم تیژ کردەوە. کەسێک خەریک بوو گۆرانی دەچڕی. لە پڕێکدا بەرز بوومەوە و دانیشتم. زۆر بەهێواشی بانگی ژنەکەمم کرد. دەنگەکە لە ژووری خەوتنەکەوە نەبوو. لە جێگەی خۆم هەستام و چووم بەرەو لای ڕاڕەوەکە. پێم وابوو پێشتریش ئەم دەنگەم بیستووە، بەڵام هەرچی بیرم کردەوە، بیرم نەهاتەوە. چەند هەنگاوێکی تریش چوومە پێشەوە پاشان لە شوێنێک لە نێوان ڕاڕەوەکەدا ڕاوەستام. دەستم خستە سەر دیوارەکە،

چونکە نزیک بوو بە هەردوو ئەژنۆ بکەومە سەر زەوییەکە. دەنگی کچ بوو، ئەو کچەی لە ماڵی دایکی ئەشکان بینیبووم. بۆ ساتێک هەستم کرد هەناسەم بۆ نادرێ. تەواوی لەشم شەلاڵی عارەقە بووبوو. دیسان بەهێواشی بانگی ژنەکەمم کرد و پاشان هەوڵمدا بڕۆمە پێشەوە. لە درزی نیوەکراوەی ژووری کارەکەمەوە ڕووناکییەکی نارنجی هاتبووە دەرەوە. وتم: "کەسێک لە ژوورەوەیە؟"

دەنگەکە پچڕا. ویستم دیسان قسەکەم دووبارە بکەمەوە، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات. دەتوت لاڵ بووم. لە کاتێدا چاوم بڕیبووە درزی دەرگاکە، چوومە پێشەوە. هەرکە گەیشتمە پشتی دەرگاکە، دەنگی گۆرانییە نزمەکەی کچەکە بەرز بوویەوە. سەرم لە درزی دەرگاکە نزیک کردەوە و بینیم؛ بەو قژە درێژە ڕەشەیەوە، پشت لە من، دانیشتبوو و خەریک بوو گۆرانی دەچڕی. هەر ڕێک بەو جۆرەی لە چێشتخانەی گەورەی ژنەکە دانیشتبوو. سەریم دەبینی کە بەهێواشی ئەملاولای پێدەکرد. ویستم پاڵ بە دەرگاکەوە بنێم، بەڵام لەسەر جێی خۆم وشک بووبووم. تەنانەت نەمدەتوانی دەستیشم بەرز بکەمەوە. هەستم بە دڵۆپەکانی عارەقە دەکرد کە تک تک لە نێو مووەکانمەوە دەتکانە سەر ڕووخسارم. بە تەواوی ئەو هێزەی لە جەستەمدا مابوو، شانم نا بە دەرگاکەوە و پاڵم پێوە نا. قژی درێژ و ڕەشی کچەکە تەواوی پشتی داپۆشیبوو. چوومە پێشەوە. ویستم قسەیەک بکەم؛ بانگی بکەم، بەڵام زمانم نووسابوو بە دەممەوە. بە تەنیشتیدا

تێپەڕیم و وەختێک گەیشتمە بەرانبەری، سەری بەرز کردەوە و لە چاوەکانم ڕاما. بە تەواوی ئەو هێزەی لە جەستەمدا بوو، هاوارم کرد، چەند جارێک، بەڵام وەک شتێ تەنها دەنگی ناڵەناڵێک لە دەممەوە دەرچوو.

## 6

تاوێک لە تاریکیدا لە میچەکە ڕامام و پاشان هەولمدا هەستم. خۆشحاڵ بووم لەوەی کە ژنەکەم گوێی لە دەنگی ناڵەناڵەکانم نەبووە، چونکە ئیتر دڵنیا دەبوو هەموو ئەو شتانەی کە وتوونی، ڕاست بوون.

بەرز بوومەوە و دانیشتم و سەیری ژووری کارەکەم کرد کە دەرگاکەی خرابوویە سەر پشت و هیچ گڵۆپێک تیایدا هەڵنەکرابوو، ماوەیەک لە کورسییە تایەدارەکەی بەردەم مێزی نووسینەکەم ڕامام، پێچکە کانزاییەکانی لە تاریکیدا بریقەیان دەدایەوە. بیری دایکی ئەشکانم کەوتەوە؛ بیری ئەو ساتەی لە تاریکیدا لەسەر تەختەکەی ڕاکشابوو و من تەنها گوێم لە دەنگی بوو. هێشتا دەنگی تەق تەقی پێڵاوە پاژنەبەرزەکان کە لە چێشتخانەی ژنەکەوە دەهات، لە گوێچکەمدا بوو. ویستم هەستم بڕۆم لە تەزێنەرەکە ئاو بخۆمەوە، هەر لەو ساتەدا شتێک بە مێشکمدا هات؛ ئەو وشانەی کە دوای ساڵانێک بیرم کەوتبوونەوە. دارستانی هەور. چەند جارێک ناوەکەم لەبەر خۆمەوە دووبارە کردەوە تاوەکوو هەموو شتێکم بیرهاتەوە.

بەپەلە چوومە ژووری کارەکەم و گڵۆپی خوێندنەوەکەم هەڵکرد.

کتێبی "تاران کۆڵانی تارماییەکان" و ئەو کاغەزەی لەگەڵ خۆم هێنابووم، لەسەر مێزەکە بوون. دانیشتم لە پشت مێزەکەوە و کاغەزەکەم هەڵگرت. سەیری ناوی بەهمەنم کرد، دووبارە ئەو شتانەم خوێندەوە کە لەسەر کاغەزەکە نووسیبوونی. پاشان کاغەزەکەم هەڵگەڕاندەوە. خەتەکەی زۆر وردتر بووبوو و لە زۆر شوێندا نەدەخوێنرایەوە. کاغەزەکەم لەسەر مێزەکە دانا و سەرم بردە نزیکەوە و هەوڵمدا بیخوێنمەوە. نووسیبووی بەهمەن دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکات، لە کۆمپانیایەکی دەوڵەتی کار پەیدا دەکات و زۆر بە خێراییش دەبێت بە جێگری بەڕێوەبەر. مەهشید سەرەتا لە دەزگایەکی بڵاوکەرەوەی گەورەدا کار بەدەست دەخات، کارەکەی زۆر باش بووە و بڕیار بووە ببێتە سەرۆکی بەشی گرافیک، بەڵام تاقە خوشکەکەی کە لە تاران ژیاوە، کۆمپانیایەکی دیزاین دروست دەکات و هەر چۆنێک بووە ئەو بۆ کۆمپانیاکەی دەبات. هەر لەو کاتانەدا بووە کە دەبنە خاوەنی منداڵی دووەمیان؛ کوڕێکی وردیلە کە ناوی دەنێن کوهیار. ساڵێک دواتریش خانوویەک لە ڕۆژهەڵاتی تاران دەکڕن، شوێنێک لە نزیکی ماڵی خوشکەکەی مەهشید.

تەواوی ئەو ماوەیەی کە سەرم نزیکەی نووساندبوو بە کاغەزەکەوە و خەریکبووم ئەو وشە ورد و ناڕوونانەم دەخوێندەوە، شتێک لە مێشکم دەرنەدەچوو؛ دڵنیا بووم کە

نووسینەکانی سەر ئەم کاغەزە پەیوەندی بە خوێنخۆرەکان و ئەو ماڵەوە هەیە کە من پێم خستبووە ناوییەوە. هەر لەبەر ئەوەیش بوو وەختێک دەستەواژەی "خانوویەک لە ڕۆژهەڵاتی تاران"م بینی، بێ ویستی خۆم دەستم لە کار هەڵگرت و چاوم بڕییە ئەو. بۆ تاوێک تەواوی ئەو شتانەی لەو ماڵەدا بینیبوومن، بە زەینمدا تێپەڕین. تەنانەت بیرم لە تەواوی ئەو ڕووداوانە کردەوە کە دراکولا لە کتێبی "تاران، کۆڵانی تارماییەکان"دا قسەی لەبارەوە کردبوون.

دێڕەکانی دواتر زۆر گرنگ نەبوون. لەوانەیشە من وا بیرم کردبێتەوە. هەموویان لەبارەی پەیوەندیی نێوان مەهشید و بەهمەنەوە بوون؛ ئەوەی کە چەند یەکتریان خۆش دەویست و وردە وردە مەهشید، بۆ ئەوەی زیاتر بە منداڵەکان ڕابگات، چەند ساڵێک دەست لە کار هەڵدەگرێت. لە تەواوی ئەم ماوەیەشدا هاوڕێیانێکی زۆر پەیدا دەکەن و هاتوچۆیان زیاد دەبێت. لە یەکێک لەم میوانییانەدا بووە کە مەهتاب خوشکەکەی مەهشید، حەز لە یەکێک لە هاوکارەکانی بەهمەن دەکات. ئەوان نزیکەی ساڵێک پێکەوە بوون و ڕێک لەو کاتەدا کە بڕیارە هاوسەرگیری بکەن، هاوڕێکەی بەهمەن حاشا لە هەموو شتێک دەکات و تەنانەن پەیوەندیی لەگەڵ بەهمەنیشدا دەپچڕێنێت.

دوایین دێڕەکان هێندە ناڕوون بوون کە زۆرێک لە وشەکانم تەنها پێشبینی دەکرد. چەند ڕستەیەکیشم هەر بۆ نەخوێندرایەوە. تەنها شتێک کە بۆم دەرکەوتبوو ئەوە بوو کە

مەهتاب تا ماوەیەکی زۆر خەو و خۆراکی نەبووە. تاوەکوو هەر لەو هاوینەدا، چەند مانگێک دوای ئەم بابەتە، هەرسێکیان بڕیار دەدەن بچن بۆ سەفەر، بۆ شوێنێک لە باکوور.

ئەمە دوایین ڕستەی ئەو نووسینە بوو. پاڵم دایەوە بە کورسییەکەوە و بیرم لەو شتانە کردەوە کە خوێندبوومنەوە. بە خۆمم وت چ شتێکی ئەم ژیانە سەرنجڕاکێش بووە کە ئەشکان نووسیویەتییەوە، ئەویش ئاوا ورد و ناڕوون. ئەم مرۆڤانە دەبێت چ پەیوەندییەکیان بە خوێنخۆرەکانەوە هەبێ؟ دیسان سەیری کاغەزەکەم کردەوە و چاوم بە کتێبی "تاران، کۆڵانی تارماییەکان" کەوت. دەستم درێژکرد، کتێبەکەم هەڵگرت، پەڕەکانیم هەڵدایەوە و گەیشتم بە لاپەڕەیەک کە پێشەکییەک تیایدا دەستی پێ دەکرد. لە سەروو پێشەکییەکەوە بە گەورەیی نووسیبووی: دارستانی هەور.

چەند پەڕەیەکی ترم هەڵدایەوە، لەسەروو ئەو لاپەڕەیەوە کە بەشی یەکەم دەستی پێدەکرد، دیسان ئەو وشانەم بینییەوە. خێرا خێرا پەڕەکانم هەڵدایەوە. لە تەنیشت ژمارەی هەر بەشێکەوە، هەمان ئەو وشانەی بە گەورەیی نووسیبوو، بە قەڵەمجافێکی ڕەش کە وا دیارە نووکێکی ئەستووری هەبوود. لە بەشی خوارەوەی دوایین لاپەڕەی کتێبەکەیشدا دیسان هەر ئەم وشانەی نووسیبوو. چاوم بڕییە ئەو پیتە گەورانە و لەبەر خۆمەوە وتم بۆچی هێندە ئەم ناوەی دووبارە کردۆتەوە. دیسان پەڕەکانم هەڵدایەوە و چاوم بە چەند وشەیەک کەوت کە زۆر ورد نووسیبوونی. کتێبەکەم لە

چاوم نزیک کردەوە و ئەو شتەی نووسیبووی، خوێندمەوە:
"مەهتاب، هەینی، ١٠/٣٠" ئەمە تەواوی ئەو شتە بوو کە لەو لاپەڕەیەدا نووسیبووی و بازنەیەکی بە دەوریدا کێشابوو. هەر بەو قەڵەمجافە نووکپانە ڕەشە. لە کاتێدا لەو پیتە وردانە ڕامابووم، لەبەر خۆمەوە وتم، نەکا مەبەستی هەر ئەو کەسە بێ کە لە کاغەزەکەدا باسی کردووە؛ خوشکەکەی مەهشید، ئەو کەسەی دەزگیرانەکەی لە ناوەختدا بەجێی هێشتبوو.

کتێبەکەم داخست و لە جێی خۆم هەستام. بە خۆمم وت بۆچی هێندە زوو ماڵی دایکی ئەشکانم جێهێشتبوو. ڕەنگە ئەگەر کەمێک بە ژوورەکەی ئەشکاندا بگەڕامایە، شتانێکی ترم بدۆزیایەتەوە. خۆی بە زۆر داوای لێکردبووم یادداشتەکانی بۆ چاپ بکەم. بە دڵنیاییەوە ئەو بەڵگەنامانەی باسیکردبوون زۆر لەمانە زیاتر بوون؛ زۆر زیاتر لەو شتانەی من لەو ژوورە نیوە تاریکەدا دۆزیبوومنەوە. بیرم کردەوە لانیکەم دەبووایە سەیری ژێر تەختەخەوەکەیم بکردایە، یان ڕەنگە ژێر دۆشەکی تەختەکەی. بۆچی هێندە زوو ئەوێم بەجێهێشتبوو؟ دەمتوانی زۆر بەخێرایی هەموو جێیەک بگەڕێم، تەواوی ئەو ژوورە، بەڵام دەرفەتم لەدەست دابوو. گەڕامەوە ناو هۆڵەکە و ڕۆیشتمە تەنیشت پەنجەرەکەوە. گۆشەی پەردەکەم لادا و سەیری کۆڵانە تاریکەکەم کرد. بۆ ساتێکیش لە بیری دوایین نووسینی ناو کتێبەکە نەدەهاتمە دەرەوە. هەموو ئەمانە چ واتایەکیان هەبوو: دارستانی هەور، مەهتاب. هەینی، ١٠/٣٠؟

دەستم لە پەردەکە بەردا و هەر لەو کاتەدا بیرێک بە

مێشکمدا هات: دەبوو بگەڕێمەوە بۆ ئەو ماڵە. هیچ چارەیەکی ترم نەبوو. ئەگەر بمویستایە ئەو یادداشتانە بەدەست بهێنم، دەبوو بگەڕێمەوە بۆ ئەو ماڵە. لەسەر لێواری مۆبیلەکە دانیشتم و لە تاریکیدا چاوم بڕییە پەردەکان کە تیشکی گڵۆپی سەر ستوونی کۆڵانەکە، کەمێک ڕووناکی کردبوونەوە.

سەرتاسەری ئەو شەوە مۆتەکەم بینی و هەموو جارێکیش لە دەنگیناڵەناڵەکانی خۆم لە خەو ڕادەپەڕیم. تەنانەت جارێکیشیان هەستم کرد ژنەکەم لە خەو بەئاگا هێناوەتەوە، ڕەنگیشە ئەمە کۆتایی یەکێک لە مۆتەکەکانم بووبێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، وەختێک بەیانی زۆر درەنگ لەخەو هەستام، نزیکەی هەموویم لەبیر چووبوویەوە. تا ماوەیەک لە پەنجەرەکەوە، کە پەردەکانی بە تەواوەتی لابرابوون، لە خانووەکانی بەرانبەر و ئەو کێوانە ڕامام کە لە تەنیشتیانەوە دیاربوون. تازە وەختێک ڕاوەستا بووم بەرانبەر ئاوێنەی دەستشۆرەکە و خەریکبووم ددانەکانم دەشۆرد، تەواوی ڕووداوەکانی شەوی پێشووم بیر کەوتەوە. هاتمە دەرەوە و چووم بۆ لای مێزی نووسینەکەم. سەیری کتێبەکە و ئەو پەڕە کاغەزەم کرد، هەموو ئەو شتانەی لەسەر مێزەکە بوون. تەنانەت هێندێکیانم جێگۆڕکێ پێ کرد. خۆیشم نازانم ئەم کارانە بۆچی بوون. ڕەنگە پێم وا بووبێ شتێکم ترم لەگەڵ خۆم لە ماڵی ژنەکە هێناوە، کاغەزێک شتێک کە بۆ نموونە شەوی پێشتر پێم نەزانیبێ. بەڵام خۆیشم دەمزانی کە بێهوودەیە.

لەسەر کورسییەکە دانیشتم و هەردوو قاچم خستە سەر مێزەکە. ئەو فایلە زەردەم بیرکەوتەوە کە لەسەر مێزی ژوورەکەی ئەشکان بوو. بە خۆمم وت نەکا یادداشتەکانی هەر لەناو ئەو فایلەدا بووبن و من نەمبینیبێ. بیرم کەوتەوە کە زۆر سەرپێیی سەیری لاپەڕەکانیم کردبوو. تەنانەت بیرم کردەوە ڕەنگە لە ناو لاپەڕە سپییەکانی ئەو دەفتەرە بچووکەی یادداشتەکاندا کە بەرگێکی سەوزی هەبوو، بمتوانیایە شتێک بدۆزمەوە. ڕەنگە ئەگەر یەک بە یەکی لاپەڕە سپییەکانم سەیر کردبا، شتێکم بدۆزیایەتەوە. بۆچی لەگەڵ خۆم نەمهێنان؟ تەنانەت نەنووشتابوومەوە سەیری ژێر مێزەکە بکەم. ژنەکە هەموو شتێکی خستبووە ئەستۆی خۆم و لەوێ ڕۆیشتبوو. دەمتوانی هەر شتێک کە دەمویست، لەوێ هەڵیگرم. بۆچی سوودم لە دەرفەت وەرنەگرتبوو؟ هێندە لە دەستی خۆم تووڕە بووم کە لە پڕێکدا بۆ پێشەوە نووشتامەوە و کاغەزی یادداشتەکەی ئەشکانم لەسەر مێزەکە هەڵگرتەوە و ویستم بیدڕێنم، بەڵام ڕێگەم لە خۆم گرت. کاغەزەکەم هەڵدایە سەر مێزەکە و هەستام چووم بۆ لای مۆبایلەکەم. خەریکبووم بێ ئەوەی بزانم کێیە، بەشوێن ناوێکدا لە نێو ژمارە تەلەفۆنەکاندا دەگەڕام. بە یەک جار چاوم بەسەر تەواوی ناوەکاندا خشاند و دیسان چوومەوە سەر پیتی A تازە ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە ویستوومە تەلەفۆن بۆ دایکی ئەشکان بکەم. بەڵام هەرچی بیرم کردەوە نەهاتەوە بیرم بە چ ناوێکەوە سەیڤم کردووە. ناوەکان

بەخێرایی بەسەر شاشەکەدا تێدەپەڕین تاوەکوو لە شوێنێکدا دەستم لەسەر دوگمەکە هەڵگرت؛ "دی. ئەشکان". خۆی بوو. یەکسەر ژمارەکەیم وەرگرت و چاوەڕوان بووم. تەلەفۆنەکە چەند جارێک جەرەسی لێدا، بەڵام کەس هەڵینەگرت. دوو سێ جاری تریش پەیوەندیم کردەوە و پاشان مۆبایلەکەم خستە سەر مێزەکە. بە خۆمم وت بێگومان چووە بۆماڵی باوکی و شەو دەگەڕێتەوە. بیرم کردەوە چەند باش بوو کە لە ماڵ نەبوو تا وەڵام بداتەوە. ڕەنگە ئەگەر بموتایە دەمەوێ دیسان بێمەوە بۆ ماڵیان، ڕازی نەبووایە. شەو بەڕێدەکەوتم بەرەو ئەوێ و دەمخستە هەڵویستەوە. هەر چۆنێک بووە ڕازیم دەکرد بهێڵێت بڕۆمە ژوورەکەی ئەشکان. بە ژنەکەم دەوت ئەو شتانەی دۆزیومنەتەوە، ئەوانە نەبوون کە ئەشکان باسی کردبوون؛ زۆر شتم بۆ ڕوون دەکردەوە. تەنانەت ئەگەر پێویست بووایە، هێندێک شتم زۆر بە کورتی بۆ باس دەکرد. ئەو شتانەی ئەشکان بەم دواییانە هەوڵی دابوو ئاشکرایان بکات، بێ ئەوەی ناوی خوێنخۆرەکان بهێنم. هەوڵم دەدا هەر چۆنێک بووە متمانەی بەدەست بهێنم. دەبوو ئەم کارە بکەم. هیچ ڕێگەیەکی ترم نەبوو.

بەدرێژایی ڕێگە بۆ ساتێکیش ڕووخساری ژنەکەم لەبەر چاوم لانەدەچوو؛ ئەو ساتەی کە بەرانبەر دەرگاکە ڕاوەستابوو و چاوی بڕیبووە من. لە چاوەکانیدا دەمخوێندەوە کە داوام لێ دەکات نەڕۆم. کاتێک دەرگاکەم لە پشت سەرمەوە داخست و بەرانبەر دەرگای ئاسنینی بەرزکەرەوەکە ڕاوەستام. دەمزانی

کە لە پشت دەرگاکەوە ڕاوەستاوە و خەریکە گوێ لە هاتنە سەرەوەی سندووقە ئاسنینەکە دەگرێت. ڕەنگە کاتێکیش سەرکەوتووم و چوومەتە خـوارەوە، هێشتا هـەر لـەوێ ڕاوەستابێ.

زۆر زووتر لەوەی کە بیرم لێ دەکردەوە، گەیشتم بەو کۆڵانەی ماڵی دایکی ئەشکانی لێبوو. هیچ بیرم نایەت سەیری ئەو کاغەزەم کردبێ کە ناونیشانەکەم لەسەر نووسیبوو. ئەو کارەی کە شەوی پێشووتر چەندین جار ئەنجامم دابوو.

سەیری تابلۆی سەر کۆڵانەکەم کرد و سوکانەکەم سووڕاند. خەریکبووم بەهێواشی بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە دەڕۆیشتم و چاوم لەسەر ئەو خانووانە بوو کە درەختەکانی ئەقاقیا و قەدی ئەستووری چنار دیوارەکانیانی داپۆشیبوو. هێشتا بە ماڵی ژنەکە نەگەیشتبووم کە لە پڕێکدا چاوم بە ئاوێنەی ناوەڕاست کەوت و کەسێکم تێدا بینی، ڕێک لە پشتی سەرمەوە. پێم نا بە ئیستۆپدا و سەرم بۆ دواوە سووڕاند. تەنانەت سەیری دەوروبەری ئۆتۆمۆبێلەکەشم کرد، بەڵام کەس لەوێ نەبوو. ڕێک بوومەوە و سەیری پێشەوەم کرد، ئەو کۆڵانەی کە وا دەهاتە بەرچاوم لە شەوی ڕابردوو تاریکتر بووە. بەڕێکەوتم و کەمێک لە پێشترەوە، کاتێک ئۆتۆمۆبێلەکەم ڕاگرت، چاوم لەسەر دەرگا سەوزەکە بوو. لە ئۆتۆمۆبێلەکەم دابەزیم و هەوڵم دا هەر لەوێوە، لەسەر دیوارەکەوە، سەیری نهۆمی سەرەوەی خانووەکە بکەم، ئەو شوێنەی کە ژوورەکەی ئەشکانی لێبوو. هەموو جێیەک هێندە

تاریک بوو کە من تەنها دەمتوانی پێشبینی بکەم کام یەک لەو پەنجەرە بچووکانە، پەنجەرەی ئەو ژوورەیە کە من شەوی پێشتر تیایدا بەشوێن یادداشتەکانی ئەشکاندا دەگەڕام.

چوومە پێشەوە و بەرلەوەی بە دەرگاکە بگەم، سەیری کاتژمێرەکەم کرد. نزیکی دە بوو. شەوی پێشووتر ئەم کاتە من لە ناو ماڵەکە بووم، لە ژوورەکەی ئەشکان. یاخود کارەکەم تەواوکردبوو و لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەمدا بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتم.

سەیری ڕەنگی سەوزی دەرگاکەم کرد کە لە هەندێک شوێنیدا توێکڵی هەڵدابوو. پەنجەم بە دوگمە ڕەشەکەدا نا و چاوەڕێم کرد. تاوێک دواتر، کاتێک ویستم دیسان پەنجە بە دوگمەکەدا بنێمەوە، گوێم لە دەنگێک بوو، دەنگێکی وەک هاواری ژنێک کە لە شوێنێکی زۆر دوورەوە دەهات. چەند ساتێک بێ هیچ جوولەیەک لەسەر جێی خۆم ڕاوەستام و گوێم ڕاگرت. با تازە هەڵیکردبوو و خۆی دەکرد بە نێو لقوپۆپی درەختەکانی ناو کۆڵانەکەدا. دووبارە پەنجەم بە جەرەسەکەدا نا. خەریکبووم لە ناخی دڵمەوە ئارەزووی ئەوەم دەکرد دەنگی ژنەکە لە بڵندگۆی هایفۆنەکەوە ببیستم کە لەناکاو هەستم بە شتێک لەسەر شانم کرد، وەک ئەوەی کارەبا لێی دابم، شانم کێشایە دواوە، ئاوڕم دایەوە و چاوم بە پیاوێک کەوت کە ڕێک بەرانبەرم ڕاوەستابوو، هێندە نزیک کە سەرم هێنایە دواوە، دوو سێ هەنگاوێک کشامەوە و لە پشتەوە بەر دیوارەکە کەوتم. پیاوەکە بەو چاوە وردانەیەوە

کە لە دوو خاڵی ڕەش دەچوون، چاوی بڕیبووە من. زۆ بەهێواشی شتێکی وت کە لێی تێنەگەیشتم. دەتوت تەنها لێوەکانی دەجووڵێن. تازە بۆم دەرکەوت کە لەپی دەستم ناوە بە دیوارەکەوە، دەستم لابرد و لە دیوارەکە دوورکەوتمەوە. هێشتا گوێم لە دەنگی لێدانی دڵم بوو. پیاوەکە وتی: "زۆر دەمێکە کەس لەم خانووەدا ناژی."

هەر نەمدەزانی لەبارەی چییەوە قسە دەکات. دەتوت دەنگی لە شوێنێکی ترەوە دەبیستم، لە شوێنێکی زۆر زۆر دوورەوە. پاشان دیسان دەمی کرایەوە، وتی: "چەند مانگێک دەبێ کە لێرە ڕۆیشتوون."

لە قژە سپییەکەی ڕامام کە لە پشتەوە بەستبووی. هەموو جێیەکی ڕووخسارە ڕەقەڵە سپییەکەی پڕ لە پەڵەی بچووکی ڕەش بوو. وتی: "مانگێک دوای ئەوەی تەرمی کوڕەکەی دۆزرایەوە."

تفێکم قووت دا. گۆشەی لێوەکانی درێژ بوون. خەریکبوو بزەی دەکرد. واتا تەنها وای دەچووم کە بزە دەکات. پاشان بینیم سووڕایەوە و بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە بەڕێکەوت. هێشتا چەند هەنگاوێک لە من دوور نەکەوتبوویەوە کە بەپەلە ڕامکرد بەدوایدا. بەدەنگی بەرز هاوارم کرد: "کاکە!"

ئاوڕی نەدایەوە. کاتێک لێی نزیک بوومەوە، دیسان بانگم کرد. ڕاوەستا و زۆر بەهێواشی ئاوڕی دایەوە. وتم: "مەبەستت چی بوو لەوەی کە وتت دوو سێ مانگێک دەبێ لێرە ڕۆیشتوون؟"

- وای بۆ دەچم لە هاوڕێکانی کوڕەکەی بێت.

سەرم لەقاند. وتی: "مانگێک دوای ئەوەی تەرمی کوڕەکەیان بەو شێوەیە دۆزییەوە، لێرە ڕۆیشتن. زۆر دەمێکە ئیتر کەس لەم ماڵەدا ناژی."

وتم: "من دوێشەو لێرە بووم. دایکی دەرگاکەی بۆ کردمەوە. منی برد بۆ ژوورەکەی ئەشکان."

چاوەڕێم کرد قسە بکات، بەڵام هیچی نەوت، وتم: "دوو سێ شەو لەمەوبەر خۆم بە تەلەفون قسەم لەگەڵ کرد. وتی لە بەیانییەوە ناچارە بڕوات بۆ ماڵی باوکی و چاودێری بکات. وتی شەوان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە."

بەو چاوە وردانەیەوە چاوی بڕیبووە من. تەنانەت چاویشی نەدەتروکاند. پاشان وتی: "باوکی ژنەکە هەر لە هەفتەی یەکەمدا، دوای ئەوەی کوڕەکە ون بوو، مرد."

وتم: "چی؟"

پشتی تێکردم و کەوتە ڕێ. خەریکبوو بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە دەڕۆیشت. بەپەلە گەڕامەوە بەرەو لای دەرگاکە. پەنجەم نا بە جەڕەسەکەدا، چەند جارێکی تریش لە جەڕەسم دا و پاشان چووم بەرەو لای ئۆتۆمۆبێلەکەم و لەسەر دیوارەکەوە، سەیری پەنجەرە تاریکەکانی نهۆمی سەرەوەم کرد. تەواوی ئەم ماوەیە قسەکانی پیاوەکە وەک دەنگی زەنگ لە سەرمدا دووبارە دەبوونەوە. ئاخر مەگەر شتی وا دەکرا؟ خۆم بەپێی خۆم دوێشەو هاتبوومە ناو ئەم ماڵەوە. ژنەکە چایی بۆ تێکردم و باسی باوکی بۆ کردم؛ ئەوەی کە

ئیتر منداڵەکانی خۆی ناناسیتەوە؛ باسی ئەشکانی کرد کە لەو کاتەوەی ڕۆیشتووە خەو و خواردنی لە ژنەکە حەرام کردووە. پاشانیش خۆی بوو کە منی بۆ ژوورەکەی ئەشکان برد و مێزەکەی پیشاندام. هەر لەوێبوو کە من ئەو پەڕە کاغەز و کتێبەم هێنابوو. ئێستا هەموویان لەماڵەکەم بوون، لەسەر مێزەکەم.

گومانم نەبوو کە ئەم پیاوە قسەی بەلاشی کردووە. لەبەر خۆمەوە وتم بێگومان ئەمانی لەگەڵ خێزانێکی تردا لێ تێکچووە.

هەستم بە سەرما دەکرد لە جەستەمدا، سەرما و بێهێزی. حەزم دەکرد بڕۆم لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەمدا دابنیشم و هەر لەوێدا چاوەڕێی ژنەکە بکەم. هەر وایشم کرد. بەڵام ڕێک لەو ساتەدا کە سووڕامەوە و ویستم دەرگاکە بکەمەوە، چاوم بە سێبەری پیاوێک کەوت کە ڕاوەستابوو لە پشت پەردەی ئەو پەنجەرەیەی ئۆتۆمۆبێلەکەم لەژێریدا ڕاگرتبوو، ڕێک هەمان ئەو پەنجەرەیەی شەوی پێشووتر سێبەری ئەو مرۆڤانەم لە پشت پەردەکەیەوە بینیبوو. لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا دانیشتم، ئاوێنەکەی ناوەڕاستم ڕێکخست و سەرم نا بە پشتیی کوشنەکەوە و چاوەڕوان بووم. چاوم بڕیبووە ئاوێنەکە. لە تەواوی لەشمدا هەستم بە ماندوێتی و بێهێزی دەکرد. هێشتا ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕیبوو کە گوێم لە دەنگێک بوو. سەیری جامەکەی لای خۆمەوە کرد و لەپڕێکدا ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە و دەنگی بەرزی هاوارەکەم لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا

بڵاوبوویەوە. دایکی ئەشکان بوو کە دەموچاوی نابوو بە جامەکەوە و بەو چاوە سوورە دەرپۆقیوانەیەوە، لە نێوان ڕووخسارێکدا کە پڕ لە هێڵی شین و مۆر بوو و بە ددانی دەرپەڕیوەوە، لە من ڕامابوو.

## 9

دەرگای ئۆتۆمۆبێلەکەم کردەوە. کەس لەو ناوە نەبوو؛ تەنانەت لە پشت پەردەی ئەو پەنجەرەیەوە کە سێبەری پیاوێکم لێ بینیبوو. بۆ تاوێک چاوەکانم نابوونە سەر یەک و خەوم لێکەوتبوو. دیسان لەسەر دیوارەکەوە سەیری ناو ماڵەکەم کرد. بەدوورم دەزانی ژنەکە گەڕابێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا چوومە بەردەم دەرگاکە و چەند جارێک پەنجەم بە دوگمەی جەڕەسەکەدا نا. دڵنیا بووم کە هێشتا نەگەڕاوەتەوە. لەوانەیشە هەر نەیەتەوە. ڕەنگە هەر لەوێ لە ماڵی باوکی مابێتەوە. بڕیارم دا بگەڕێمەوە و بەیانی تەلەفۆنی بۆ بکەم تا دواجار وەڵام دەداتەوە. هەر چۆنێک بووە دەمدۆزییەوە.

گەڕامەوە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەم. سەیرێکی ماڵەکەم کرد و هەر لەوێدا پێچم کردەوە. هەر کە ویستم بەڕێ بکەوم. لە ئاوێنەکەدا چاوم بە پیاوێک کەوت کە ڕێک لە پشت ئۆتۆمۆبێلەکەوە ڕاوەستابوو. ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە، بەڵام کەس لەوێ نەبوو.

ئیتر بۆ ساتێکیش حەزم نەدەکرد لەو کۆڵانەدا بمێنمەوە.
دام بە گێڕ و هەر لەو کاتەدا پیاوێکم بینی کە لە تەنیشت دەرگای ئۆتۆمۆبێلەکەوە ڕاوەستابوو و چاوی بڕیبووە من. چەند ساتێک هەر بەو جۆرە لە یەکتر ڕاماین. هەر ئەو پیاوە قژ درێژە بوو کە لەبەردەم ماڵی دایکی ئەشکان بینیبووم. بەدەست ئاماژەی بۆ کردم کە جامەکە دابەمەوە. بەڵام من تەنها سەیرم دەکرد؛ دەتوت دەستەکانم لەسەر سوکانەکە قوفڵ بوون. پیاوەکە دیسان ئاماژەی کرد جامەکە دابدەمەوە. هەر چۆنێک بوو دەستم لە سوکانەکە جیاکردەوە و پاشان پەنجەم بە دوگمەی سەر دەسکی دەرگاکەدا نا تا جامەکە چەند سانتیمەترێک هاتە خوارەوە. پیاوەکە سەری لە جامەکە نزیک کردەوە. وتی: "نزیکی بیست ڕۆژ دوای ئەوەی تەرمی کوڕەکەیان دۆزییەوە، شەوێکیان هەر ڕێک لێرەدا دایکیم بینی."

بە سەری ئاماژەی بۆ شوێنێکی نزیکی دەرگای ماڵەکە کرد. وتی: "دەزانی چی پێ وتم؟"

تەنها خەریکبووم سەیرم دەکرد.

- وتی شەوێکیان درەنگ کاتێک لە خوارەوە و لە ژوورەکەیدا نووستووە، گوێی لە دەنگی پێی کەسێک بووە کە لە ژووری کوڕەکەیدا هاتوچۆی کردووە، وتی هەستاوە و تا بەردەم دەرگای ژوورەکە ڕۆیشتووە. پاشان هەر لەوێدا وشک بووە. کوڕەکەی لەسەر زەوییەکە دانیشتووە و ، لە پشت مێزی ناوەڕاستی ژوورەکەی و سەرقاڵی کاغەزەکانی بووە، وەک بڵێی شتێک بنووسێت.

سەری بەرز کردەوە و سەیری ماڵی ژنەکەی کرد. جامەکەم زیاتر هێنایە خوارەوە و وتم: "دەی؟"

هەروا کە لە ماڵەکە ڕامابوو، وتی: "پێی وتم ویستوویەتی بچێتە ژوورەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی کوڕەکەی دەبێت کە پێی وتووە بگەڕێرەوە بڕۆ خوارەوە بۆ ناو جێگەکەت."

ئێستا سەری ڕێک نزیکی جامەکە بوو. وتی: "دەبوو کاتێک ئەم قسەیەی کرد لەوێ بوویتایە و سیمای ژنەکەت ببینیایە، ڕەنگی وەک گەچ سپی بووبوو. تا ئێستا شتی وام لە ژیانمدا نەبینیبوو. دەزانی پاشان چی پێ وتم؟"

بەهێواشی وتم: "چی وت؟"

- وتی دڵنیام کوڕەکەی نەیویستووە دایکی ڕووخساری ببینێ. سوێندی خوارد ئەو کەسەی لە پشت مێزەکەوە دانیشتووە و خەریکی نووسینی شتێک بووە، کوڕەکەی خۆی بووە، بەڵام نەک ئەو کوڕەی کە تا یەک مانگ لەوەوبەر هەموو شەوێک لەسەر کار دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە و دایکی خواردنی بۆ داناوە. وتی شتێکی تر بوو.

وتم: "چی؟ چی بووە؟ نەیوت چی بووە؟"

چاوم بە سێبەری پیاوێک کەوت کە لە پشت پەردەی پەنجەرەکەوە بینیبووم. هەر ڕێک لەوێدا ڕاوەستابوو، لە پشت پەردەکەوە. دڵنیابووک کە خەریکە گوێ لە قسەکانمان دەگرێت. دیسان وتم: "چی بووە؟"

پیاوەکە تەنها چاوی بڕیبووە من. دیسان قسەکەم دووبارە کردەوە. سەری لە جامەکە دوور خستەوە و سەیری ماڵەکەی کرد. وتی: "شتێکی هاوشێوەی ئەشکان، بە دەنگێکی گڕەوە، زۆر گڕ."

جامەکەم زیاتر هێنایە خوارەوە. وتم: "نەیوت خەریکبووە چی نووسیوە؟ بەدڵنیاییەوە شتانێکی تریشی وتووە."

پیاوەکە سەیری کردم. وتی: "من لە جێگەی تۆ بوومایە ئیتر هیچ کات نەدەگەڕامەوە بۆ ئێرە."

چاومان بڕیبووە چاوی یەک. بەهێواشی وتم: "من دوێشەو چووم بۆ ماڵیان. دایکی خۆی دەرگاکەی لێ کردمەوە. منی برد بۆ ژوورەکەی ئەشکان. ئەگەر لێرە ڕۆیشتوون، کەواتا دوێشەو لە ماڵەوە چی دەکرد؟"

پیاوەکە بزەی کرد. وتی: "ئیتر هەرگیز مەیەرەوە بۆ ئێرە."

سووڕایەوە و بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە کەوتە ڕێ. دەمویست لە ئۆتۆمۆبێلەکەم دابەزم و بڕۆم بە دوایدا، بەڵام تەنانەت هەر نەمدەتوانی لە جێگەی خۆم بجووڵێم، لە ئاوێنەکەی تەنیشتەوە لە پیاوەکە ڕامابووم، لە قژە درێژە سپییەکەی کە لە پشتییەوە بڵاو بووبوویەوە. لە ناکاو لە تاریکیدا ون بوو. ئاوڕم دایەوە و سەیری پشتی سەری خۆم کرد. هیچ نیشانەیەک لە پیاوەکە نەبوو. جامەکەم هەڵدایەوە و ئۆتۆمۆبێلەکەم دا بە گێر. پێم نا بە بەنزیندا و بەخێرایی لە کۆڵانەکە چوومە دەرەوە.

## 10

تەواوی ڕۆژی دواتر دانیشتبووم و بیرم لەو کاغەز و کتێبەی لە ژوورەکەی ئەشکان هێنابووم و قسەکانی پیاوەکە دەکردەوە. چەند جارێک لە هیلاکیدا خەوم لێکەوت و هەر جارێک لە خەو ڕادەپەڕیم، تەلەفۆنم بۆ ماڵی ژنەکە دەکرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدەدایەوە. لە کۆتایی شەودا چەند جارێکی تریش تەلەفۆنم بۆ ماڵی ژنەکە کرد. تەنانەت سەعات لە دوازدە تێپەڕیبوو کە دیسان پەیوەندیم کرد و لێگەڕام چەند جارێک جەڕەس بڕوات. کەس وەڵامی نەدایەوە. زۆر نائارام بووبووم. چەند جارێک هەستام و چوومە تەنیشت پەنجەرەی ژوورەکەم و گەڕامەوە. بۆ ساتێکیش بیرکردنەوە لە ماڵی ژنەکە لە مێشکم دەرنەدەچوو. پاشان نازانم چی بوو کە لە پڕێکدا شتێک بە مێشکمدا هات؛ وا هاتە بەرچاوم کە تاکی کۆمۆدێکم لە شوێنێک لە تەنیشتی پەنجەرەکەوە بینیبوو. باش بیرم کردەوە. بیرم کەوتەوە کە دەرگایەکی دارینی سپی هەبوو. لەوانەیشە شتێکی لەو جۆرەم لە جێیەکی تر بینیبێ، لە شوێنێک ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر. لەگەڵ ئەوەیشدا، وێنەی

دەرگا دارینە سپییەکە لەبەر چاوم لانەدەچوو. ئیتر دڵنیابووم کە ئەوەم لە تەنیشت پەنجەرەکەوە بینیوە. بیرم کردەوە بۆچی دەرگاکەیم نەکردبووە. هەر لەو کاتەدا کە لە پشت مێزەکەوە هەستام دەبوو بچوومایە بەلایەوە. بە ئەندازەی پێویست کاتم هەبوو. ڕەنگە هەر لەوێدا بووبن. لە شوێنێکی تر لەو ژوورەدا نەبوون. ئیتر گومانم نەبوو کە یادداشتەکان لە شوێنێک هەر لەو کومۆدەدا بوون. کاتێک بیرم کردەوە کە تەواوی ئەو یادداشتانە، تەواوی ئەو بەڵگەنامانەی ئەشکان قسەی لەبارەوە کردبوون، لەبەر دەستمدا بوون، حاڵم زۆر خراپ بوو. لەخۆمەوە قسەکانی پیاوەکەم بیرکەوتنەوە، ئەو قسانەی لە تەنیشت ئۆتۆمۆبێلەکەوە کردنی. بیرم کردەوە ئەگەر ئەو شتانەی ئەو پیاوە وتبوونی، ڕاست بن... بەڵام ئاخر مەگەر دەکرا؟

چوومە هۆڵەکەوە کە خۆم یەک سەعات لەوەوپێش گڵۆپەکانیم کوژاندبوونەوە. لە تەنیشت پەنجەرەکەوە ڕاوەستام. خەریکبووم سەیری ناو کۆڵانەکەم دەکرد و تەواوی کات بیرم لەو ساتانە دەکردەوە کە لە ژوورەکەی ئەشکان بووم. هەوڵم دا ئەو ساتە بیر بهێنمەوە کە دایکی ئەشکان لە تەنیشت پەنجەرەکەوە ڕاوەستابوو، وابزانم هەر ئەو کاتە بووە کە دەرگای کومۆدەکەم بینیبوو. لەوانەیشە بەهەڵەدا چووبم. ڕەنگە هەر کومۆدێک لە ئارادا نەبووبێ. بیرم کردەوە ئەگەر کومۆدێکم ببینیایە، بەدڵنیاییەوە دەچووم بەلایەوە. ڕێک لەو کاتەدا شتێک بە مێشکمدا

هات و لەخۆمەوە دەستەکانم لە یەک دان؛ هێشتا ڕێگەیەک مابوو؛ سبەینێ بەیانی دەبوو تەلەفۆن بکەم بۆ نووسینگەی گۆڤارەکەیان و داوا لە هاوکارەکانی بکەم یارمەتیم بدەن. ئەگەر پێویستی بکردایە دەچووم بۆ ئەوێ و قسەم لەگەڵ دەکردن. بەدڵنیاییەوە کەسێک هەبوو کە یارمەتیم بدات. تەنانەت لەگەڵ سەرنووسەرەکەیشیان قسەم دەکرد، هەمان ئەو کەسەی وەختێک دەربـارەی چاوپێکەوتنی درۆیینی ئەشکان لەگەڵ من پرسیارم لێکرد، هەوڵی دا درۆودەلەسە بهۆنێتەوە. هیچ چارەیەکی ترم نەبوو، دەبوو بە جۆرێک ئەو بەڵگەنامانە بەدەست بهێنم.

## 11

کاتێک گوێم لە دەنگی بەریەککەوتنی دەرگا بوو، هەستامە سەرپێ. دەنگی کچەکەمم لەسەر پلیکانەکانەوە بیست کە خەریکبوو شتێکی بە ژنەکەم دەوت. تاوێک دواتر گوێم لە دەنگی دەرگای بەرزکەرەوەکە بوو کە داخرایەوە. چوومە ناو هۆڵەکە و تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. ئەو پیاوەی کە بەرپرسی وەڵامدانـەوەی تەلەفۆنەکان بـوو، وتـی دەبـێ سـەعات ١٢ بەدواوە تەلەفۆن بکەم. ویستم ژمارەی تەلەفۆنی لێپرسراوی بەشی ئەدەب و هونەر وەربگرم کە وتی ژمارەی هیچ کەسێکی لا نییە. تەلەفۆنەکەم داخستەوە و گەڕامەوە ناو ژوورەکەم. ئەو کاغەزەی لەماڵی دایکی ئەشکان هێنابووم، هەڵمگرت و لە پشت مێزەکەوە دانیشتم. لە دوێنێشەوەوە کە گەڕابوومەوە هێندێک جار ئەم بیرکردنەوەیە بە مێشکمدا دەهات کە ئیتر ناتوانم هیچ کارێک بکەم. ئەگەر دایکی ئەشکانم نەدۆزیایەتەوە، ئیتر دەستم بە هیچ کوێیەک نەدەگەیشت. ئەگەر یادداشت و بەڵگەنامەیەکیش بوونی هەبووایە، بەدڵنیاییەوە هەر لەوماڵەدا

بوو، هەر ئەو ماڵەی کە من هێندە ئاسان چووبوومە ناوی و هەر بەو ئاسانییە دەرفەتم لەدەست دابوو. وردە وردە خەریکبووم خۆم ناچار دەکرد کە دەست لە هەموو شتێک هەڵگرم. لەوانەیشە هەق بە ژنەکەم بوو. ڕەنگە بەم جۆرە لە بەرژەوەندیی من بوو. لە پشت مێزەکەوە هەستام و چووم بەلای دەفتەری بچووکی یادداشتەکانمەوە. باشترین کار ئەوە بوو کە بڕۆمە سەر کارێکی تر. هێندە بابەتی چیرۆکی کورت و ڕۆمانم لەوێدا نووسیبوو کە بۆ چەند ساڵێکم بەس بوون. هێندە بەس بوو یەکێکیان دەست پێ بکەم تا هەموو شتێک فەرامۆش بکەم؛ تا چەند وەخت سەرم گەرم دەبوو، ڕەنگە تا چەند مانگێک. گەڕامەوە پشت مێزەکەم و دەستم کرد بە پەڕە هەڵدانەوە، بەڵام تەنانەت یەک وشەیشم لەو شتانەی یادداشتم کردبوون، نەخوێندەوە. دەفتەرەکەم داخست و چاوم بڕییە ڕەفەی کتێبەکان. تا ماوەیەک لە جێی خۆم نەجووڵام. خەریکبووم بێ ئەوەی بزانم، ناونیشانی کتێبەکانم لەسەر قەراغەکانیان دەخوێندەوە و لەو ساتەدا تەنها بیرم لە یەک شت دەکردەوە؛ شتێک کە دڵنیابووم لە دەستی ڕزگار نابم؛ دەبوو یادداشتەکان بدۆزمەوە.

هێشتا چەند خولەکێکی بۆ دوازدە مابوو کە تەلەفۆنم بۆ نووسینگەی گۆڤارەکە کرد. چاوەڕێ بووم پیاوەکە بڵێت هێشتا ئەندامانی دەستەی نووسین نەهاتوون کە گوێم لە دەنگی ئاوازێک بوو. کەمێک دواتر دەنگێکی لاوم لەوبەری هێڵەکەوە بیست. خۆم ناساند و وتم دەمەوێ چەند ساتێک

لە کاتی بگرم. یەکسەر ناوی خۆی وت و وتی ماوەیەک لەمەوپێش ڕەخنەیەکی لەسەر یەکێک لە ڕۆمانەکانم نووسیوە. وەختێک وتم نووسینەکەیم نەخوێندۆتەوە، دەستی کرد بە باسکردنی ئەوەی لە چ گۆشەیەکەوە سەیری ڕۆمانەکەمی کردووە و لەم قسانە. خەریکبوو بە دووورودرێژی باسی لە هەموو شتێک دەکرد کە قسەکەیم پێ بڕی و وتم: "خۆشحاڵ دەبم دواتر نوسخەیەکم بۆ بنێریت."

پاشان یەکسەر وتم دەمەوێ لەبارەی ئەشکانی ئەربابییەوە هێندێک شتی لێ بپرسم. تاوێک بێدەنگ بوو. پاشان گوێم لێبوو وتی: "من تازە هاتووم بۆ ئێرە. شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانم. تەنها دەزانم چەند مانگ لەمەوبەر کوژراوە."

گوێم لێبوو سڵاوی لە کەسێک کرد. وتم: "نووسراوێک یادداشتێک شتێکی لێ بەجێنەماوە، مەبەستم لە ناو کەلوپەلەکانی کارەکەیدا؟ بێگومان هێندێک شتی لەوێ هەیە، هێندێک شت کە... ئەلو!"

– فەرموو، گوێم لێتە.

– سەیرکە، من هێندێک شتم لایەتی. هێندێک یادداشت کە پێم وایە لەوێ هەڵیگرتوون.

دیسان گوێم لە دەنگی بوو کە خەریکبوو لەگەڵ کەسێک قسەی دەکرد. پاشان وتی: "من ئاگادار نیم. بەڵام ڕەنگە..."

گوێم لە دەنگی کەوتنی شتێک بوو. کەمێک دواتر وتی: "ئەلو!"

- بەڵام چی؟

- بەڵام یەکێک لە کوڕەکان لێرەیە کە دەڵێن زۆر لێیەوە نزیک بووە. ڕەنگە ئەو بزانێ.

وتم: "دەکرێ ناوەکەیم پێ بڵێی؟"

گوێم لە دەنگی تێکەڵوپێکەڵ بوو. تەواو چواردەوری کوڕە گەنجەکە قەڵەباڵغ بووبوو. دیسان قسەکەم دووبارە کردەوە. گەنجەکە وتی: "دەکرێت ناونیشانەکەتم پێ بڵێی تا نوسخەیەک لە گۆڤارەکەت بۆ بنێرم؟"

وتم: "ناوی چییە؟" هەر ئەو هاوڕێیەت دەڵێم کە وتت زۆر لە ئەشکانەوە نزیک بووە؟"

دەتوت کەڕ بووە. بۆ سەدەمین جار قسەکەم دووبارە کردەوە. بیستم وتی: "پژمان، پژمان سەمەدی... دەتوانم ناونیشانەکەت لێ وەرگرم؟"

بەپەلە ناونیشانی ماڵەکانم پێ دا. وتم: "ئەمڕۆ دێت؟ جەنابی سەمەدی دەڵێم؟"

هەر گوێم لێنەبوو کە چی دەڵێت. دیسان هەمان پرسیارم لێ کردەوە. بەڵام تەلەفۆنەکە داخرابوویەوە. تا ماوەیەک هەروا تەلەفۆنەکە بەدەستمەوە بوو، تا کاتێک گوێم لە دەنگی بوقەکەی بوو. تەلەفۆنەکەم داخستەوە و لەسەر ئەو کاغەزەی بەردەمم بە گەورەیی نووسیم: "پژمان سەمەدی"

## 12

تا پاشنیوەڕۆ، تا کاتێک دووبارە تەلەفۆنم بۆ نووسینگەی گۆڤارەکە کردەوە، تووشی دڵەڕاوکێیەکی توند بووبووم. بەدرێژایی ئەو ماوەیە شتێک لە ناخمدا دەیوت کە زۆر نزیک بوومەتەوە. بیرم دەکردەوە ئیتر هێندە لەو یادداشتانەوە دوور نیم. دڵنیابووم کلیلی کردنەوەی ئەم مەتەڵە هەمان ئەو کەسەیە کە ناوەکەیان بە من دابوو.

دەفتەری بچووکی یادداشتەکانم لەگەڵ قەڵەمێکدا لە تەنیشت خۆمەوە دانا و تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و بۆ تاوێک هەوڵمدا زۆر ئارام بم. پاشان یەک لە دوای یەک پەنجەم نا بە دوگمەکاندا. کەمێک دواتر ژنێک لەوبەری هێڵەکەوە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، وتم دەمەوێ لەگەڵ بەڕێز سەمەدی قسە بکەم. هەر لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی ئاوازێک بوو. بیستۆکەکەم نووساندبوو بە گوێمەوە و چاوەڕوان بووم. وەختێک دیسان قسەکەم دووبارە کردەوە، وتی: "لێرە نییە، کاکە."

وتم: "من کارێکی زۆر گرنگم پێیەتی. دەتوانم بپرسم لەکوێیە؟"

بێدەنگ بوو. تەنانەت پێم وابوو تەلەفۆنەکەی داخستۆتەوە. پاشان گوێم لە دەنگێکی کز بوو؛ دەنگی خودی ژنەکە بوو کە خەریکبوو لەگەڵ کەسێک قسەی دەکرد. پاشان گوێم لێبوو وتی: "مۆڵەتی وەرگرتووە بەڕێز، یەک هەفتەی تر دێتەوە."

یەکسەر ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسەم وت کە نیوەڕۆ قسەم لەگەڵ کردبوو و ویستم تەلەفۆنەکە بدات بەو. وتی: "تاوێک ڕاوەستە."

دیسان هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و هەستم بە قاچەکانم کرد کە خەریکن بەخێرایی دەجووڵێن. کەمێک دواتر گوێم لە دەنگی ژنەکە بوو کە وتی نیوسەعات لەمەوبەر ڕۆیشتووە.

تفێکم قووت دا. پاشان لە کاتێکدا کە توند تەلەفۆنەکەم بەدەستەوە گرتبوو، زۆر بەئارامی قسەکەم دووبارە کردەوە. وتم کارێکی زۆر گرنگم بە پژمان سەمەدی هەیە و دەبێت بەدڵنیاییەوە قسەی لەگەڵ بکەم. وتم هاوڕێیەک ڕاسپاردەیەکی زۆر گرنکی لای ئەو بۆ داناوم کە دەبێت هەرچۆنێک بووە لێی وەربگرم. وتم ناتوانم تا یەک هەفتەی تر چاوەڕێ بکەم و دەبێت بێگومان لە ماوەی ئەم یەک دوو ڕۆژەدا قسەی لەگەڵ بکەم. دواجار تکام لێ کرد ژمارەیەک، ناونیشانێکی ئەو پێ بدات.

تاوێک بێدەنگ بوو. چاوەڕێ بووم بڵێت نا. بە خۆمم وت ئەگەر وەڵامەکەی نەرێنی بێ، ناچارم خۆم بناسێنم. ئەمە دوایین تیر بوو کە پێم مابوو؛ هەرچەندە حەزم نەدەکرد کەس بزانێت بەدوای چییەوەم. هەرلەو کاتەدا گوێم لێبوو

وتی: "تاوێک ڕاوەستە."

تەواوی ئەو ماوەیەی ژنەکە تەلەفۆنەکەی دانابوو لەسەر مێزێک شوێنێک و من گوێم لە دەنگی بوو کە لەگەڵ کەسێک قسەی دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ تا بەیانی چاوەڕێ بکەم و پاشان دیسان لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسە قسە بکەمەوە. پێم وابوو هەرچۆنێک بووە دەبێ ژمارەی پژمان سەمەدی لێ وەربگرم. بەڵام پاشان بیرم کردەوە ئەگەر ژمارەی ئەوی لا نەبوو چی؟ ئەگەر هیچ کەس ئامادە نەبوو ژمارەکەیم بداتێ چی؟ ئەوسا دەبوو تا یەک هەفتەی تر چاوەڕێ بکەم. هەر لەو ساتەدا گوێم لە دەنگی ناسکی ژنەکە بوو کە وتی: "ژمارەی مۆبایلەکەیم دەستنەکەوت، بەڵام ژمارە تەلەفۆنێکی لە دەفتەری ژمارەکاندا هەیە."

قەڵەمەکەم هەڵگرت. خۆم ئامادە کرد بینووسم و خەریکبووم لە خۆشحاڵیدا پەڕم دەردەکرد کە وتی: "وتت ناوت چی بوو؟"

هیچ نەمدەزانی چی بڵێم. دەتوت لاڵ بووم. پاشان لەناکاو شتێک بە مێشکمدا هات؛ نازناوێک کە نازانم چۆن بەسەر زمانمدا هات، بەهێواشی وتم: "مەردانی."

چاوەڕێم کرد. ژنەکە تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان لەناکاو گوێم لە ژمارەکان بوو کە لە پشت سەری یەکەوە لە دەمییەوە دەردەچوون و من چاوم لەسەر نووکی ئەو قەڵەمە بوو کە بەخێرایی ئەوانی لەسەر کاغەزەکە دەنووسی.

## 13

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی منەوە ژمارەکە دروست بوو. سەعات یازدەی شەو بوو وەختێک بۆ دواهەمین جار ژمارەکەم وەرگرت، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. وتی بەیانی زوو دەچێت بۆ سەفەر و دەبێت هەر ئەمشەو سەر لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی بدات. دەنگی خەواڵوو بوو. لەوانەیشە من وام هەست کردبێ. هەر بۆیە یەکسەر چوومە سەر بابەتە سەرەکییەکە. هەوڵمدا زۆر بەکورتی و خێرا پێی بڵێم کە ئەشکان داوای لە من کردووە هێندێک شتی بۆ چاپ بکەم؛ ئەو یادداشتانەی دەرفەت نەبوو پێم بڵێ لەکوێ هەڵیگرتوون. پاشانیش باسی ئەو ڕۆژنامەنووسەم کرد کە نیوەڕۆ قسەم لەگەڵ کردبوو. وتم ئەو تۆی ناساندووە و وتوویەتی زۆر لە ئەشکانەوە نزیک بووی.

پێم وابوو تەلەفۆنەکەی داخستۆتەوە. وتم: "ئەلو!"

- گوێم لێتە.

باسی دوو شەو لەمەوبەرم بۆ کرد. وتم چووم بۆ ماڵی دایکی ئەشکان و ئەو منی بۆ ژووری کوڕەکەی برد. وتم جگە لە پەڕە کاغەزێک، هیچم لەوێ دەستنەکەوت. هەوڵمدا

هەموو شتێکی زۆر بە کورتی پێ بڵێم و دواجار ویستم ئەگەر شتێک لەبارەی یادداشتەکانەوە دەزانێت، بە من بڵێت.

تاوێک بێدەنگ بوو و من خەریکبووم گوێم لە دەنگی هەناسەکانی دەگرت. پاشان وتی: "من ئێستا دەبێ بڕۆم. زۆر درەنگمە. ژمارەکەتم بەرێ تا دواتر پەیوەندیت پێوە بکەم، کاتێک گەڕامەوە."

نازانم بۆچی، بەڵام شتێک لە ناخمدا دەیوت ئەگەر تەلەفۆنەکە دابخاتەوە، ئیتر هەرگیز دەستم پێی ناگا؛ نە هەفتەیەکی تر و نە هەفتەکانی دواتر، بۆیە دیسان پێداگریم کرد. تەنانەت وتم دەتوانم هەر ئێستا خۆم بێم بۆ ئەوێ، بۆ هەر شوێنێک دەڵێت. لەبارەی ئەو شتەوە کە دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم و پاشان بۆ هەر کوێ دەیەوێ بیگەیەنم. پێم وت ئەو تەنها کەسێکە دەتوانێ یارمەتیم بدات.

دیسان بێدەنگ بوویەوە. وتم: "ئەلو! ئەلو!"

زۆر بەهێواشی وتی: "تۆ ڕۆیشتوویت بۆماڵیان؟"

- پێم وتی خۆ. دوو شەو لەمەوبەر لەوێ بووم. یادداشتێکم پەیداکرد کە هیچی لێ تێناگەم. نازانم پەیوەندیی بەو شتانەوە هەیە کە ئەشکان قسەی لەبارەوە دەکردن یان نا.

دوای ماوەیەک گوێم لێبوو وتی: "تاوێک ڕاوەستە."

گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو کە لە تەلەفۆنەکە دوور دەکەوتەوە و پاشان دەنگێکی ترم بیست. دەنگی دەرگایەک کە پێوەدرا. یان شتێکی لەم جۆرە. کەمێک دواتر دیسان گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو. وەختێک تەلەفۆنەکەی هەڵگرت،

چاوەڕێم نەکرد قسە بکات، وتم: "تۆ هەواڵی ئەو یادداشتانە دەزانیت؟ دەزانی دەکرێ لەکوێ..."

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. وتی: "دایکی ئەشکان زۆر دەمێکە لەو ماڵە ڕۆیشتووە. لەو کاتەوەی ئەشکان مردووە."

وتم: "بەڵام من ئەو کاغەزەی کە باسم کرد، لەوێ هێنام. خۆی منی برد بۆ ژوورەکەی ئەشکان. نوسخەیەک لە کتێبێکی منیش لەوێ بوو. دەستوخەتی خودی ئەشکانی لەسەربوو. دەتوانم پیشانت بەم."

دەتوت خەریکە شتێک لە پەرداخێکدا دەخواتەوە. پاشان وتی: "من ئێستا ئیتر ناتوانم قسە بکەم. دەبێت بڕۆم. زۆر درەنگمە."

- کەواتا تکا دەکەم تەنها هەر ئەم شتەم پێ بڵێ. پێم بڵێ ئەو یادداشتانە لە کوێن. دەکرێ هێندێکیان لای تۆ بن؟

- نا، هیچی لای من نییە. من هەر نازانم تۆ لەبارەی چییەوە قسە دەکەی.

دەمم نووساندبوو بە تەلەفۆنەکەوە و وتم: "سەیرکە، بەڕێز سەمەدی، تۆ تەنها کەسێکیت کە..."

- قسەکەی پێ بڕیم. وتی: "وتم خۆ درەنگمە."

- تکا دەکەم، تکا دەکەم. تۆ تەنها کەسێکی کە دەتوانی یارمەتیم بدەیت. من دەبێ ئەو یادداشتانە بدۆزمەوە. دەزانم کە تۆ هێندێک شت دەزانیت.

دەنگم بەرز کردبوویەوە. پێم وابوو هەر ئێستا تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە. ویستم شتێک بڵێم کە گوێم لێبوو وتی: "من

ناتوانم هیچ کارێکت بۆ بکەم. بەڵام کەسێک هەیە... کەسێک کە ڕەنگە بتوانێ یارمەتیت بدات."

وتم: "کێ؟ تکا دەکەم پێم بڵێ کێیە؟"

- دەزگیرانەکەی ئەشکان.

- کێ؟

- دەزگیرانەکەی ئەشکان، ئەو ڕەنگە بزانێ.

لەو ساتەدا، ئەو ساتەی ئەم قسەیە لە دەمییەوە دەرچوو. پرسیاری زۆر هێرشیان بۆ سەرم هێنا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئیتر نەمدەویست بە پرسیار دایبگرمەوە. تەنها خەریک بووم بیرم لە یەک شت دەکردەوە. وتم: "تۆ ناونیشانێک ژمارە تەلەفۆنێک شتێکیت لا نییە؟"

بێدەنگ بوو. وتم: "بەڕێز سەمەدی؟"

- نازانم بۆچی ئەم بابەتەم پێ وتی. چونکە کەس ئەمە نازانێ.

- من بە کەس ناڵێم، دڵنیا بە هەرگیز هیچ کەس بەم بابەتە نازانێ.

- چوار مانگ بەرلەو ڕووداوە دەزگیرانی مارەکرد، یەکێک لە هاوپۆلەکانی قۆناغی زانکۆی.

خەریکبوو زۆر بە ئارامی قسەی دەکرد، زۆر زۆر ئارام. وتم: "تۆ ژمارەیەک شتێکیت لا هەیە، سەرە داوێک کە بتوانم بیدۆزمەوە؟"

هیچی نەوت. چاوەڕوان بووم. هەستم کرد دەتوانێ یارمەتیم بدات کە بیدۆزمەوە. وتی: "من نابێت ئەم کارە بکەم."

بەهێواشی وتم: "کەس بڕیار نییە بەمە بزانێ."

وتی: "تۆ هیچ نازانیت. من هەر ئێستایش زۆرم قسە کرد."

دەنگێکی وەک دەنگی داگیرسانی شقارتەیەکم بیست. چاوەڕێم کرد. پاشان وتی: "هیچ ژمارەیەکیم لا نییە، بەڵام جارێکیان لەگەڵ ئەشکان تا بەردەمماڵیان ڕۆیشتین. دڵنیا نیم ناونیشانەکەیم بیر مابێ."

دیسان بێدەنگ بوویەوە و من چاوەڕوان بووم. دەتوت خەریکە بیر دەکاتەوە. پاشان بیستم وتی: "قەڵەم و کاغەزت لەبەر دەستدایە؟"

بەپەلە چووم بەرەو لای مێزەکە. وتم: "دەینووسم."

ناوی پارکێکی برد و وتی یەک شەقام لە ماڵی دایکی ئەشکانەوە دوورە. وتی ئەو کۆڵانەی ماڵی کچەکەی لێیە، ڕێک بەرانبەر پارکەکەیە. واتا وای بۆ دەچوو. پاشان وتی لەبەری خوارەوە یان دووەم ماڵە یان سێهەم ماڵ. وتم: "دەزانیت ناوی خۆی و خێزانەکەی چییە؟"

هیچی نەوت. دیسان پرسیارەکەم دووبارە کردەوە. وتم: "بەم جۆرە ئاسانتر دەتوانم بیدۆزمەوە."

- تەنها دەزانم کە ناوی ریتا بوو.

وتی هەر هێندەی لەبارەوە دەزانێ کە پێی وتم. سوپاسم کرد و وتم هەرگیز ئەم چاکەیەت فەرامۆش ناکەم. هەرچەند دڵنیا نەبووم ئەو شتانەی پێی وتبووم، بەکەڵکم بێن.

بەڵام ڕێک لەو کاتەدا کە ویستم خواحافیزی لێ بکەم، لە خۆمەوە شتێک بە مێشکمدا هات، شتێک کە لەو کاتەدا پێم

وابوو دەبێ لەوی بپرسم. وتم: "تۆ ناوی دارستانی هەورت بەر گوێ کەوتووە؟"

- چی؟

- دارستانی هەور، ئەم ناوە لە یادداشتەکانیدا بوو.

لەناکاو دەراوی دەنگی گۆڕا. تەواوی ئەو حاڵەتی ئارامییە لەپڕێکدا لەنێو چوو.

وتی: "من ئیتر دەبێ بڕۆم. زۆر درەنگ کەوتووم."

وتم: "بەڕێز سەمەدی!"

چەند جارێکی تریش بانگم کرد، بەڵام تەلەفۆنەکەی داخستبۆوە. پاڵم بە کورسییەکەوە دایەوە و پەنجەکانم لە پشت سەرمەوە لێکئاڵاند.

ئەو شەوە تا نزیکیی بەرەبەیان بێدار بووم. تەواوی شەو وەک دوو سێ شەوی ڕابردوو، لە هۆڵەکە لەسەر مۆبیلەکە ڕاکشابووم تا ئەگەر دیسان دەنگی ناڵەناڵم لێ بەرز بوویەوە، ژنەکەم گوێی لێ نەبێت. جارجارە هەڵدەستام، تا تەنیشت پەنجەرەکە دەڕۆیشتم و لە کەنار پەردەی پەنجەرەکەوە سەیری ئەو خانووانەم دەکرد کە لە تاریکیدا نقووم بووبوون. پاشان دەچووم بۆ ژووری نووستن. سەیری ژنەکەمم دەکرد کە لەسەر تەختەکەی خەوتبوو و کچەکەم کە لە جێگەکەیدا لەسەر لا خەوی لێکەوتبوو و بووکەڵەکەی کە جلێکی شینی لەبەردا بوو، لەباوەش گرتبوو.

هێندێک جار بەدرێژایی شەو بیرم لەو دوایین ساتانە دەکردەوە کە لەو ماڵە ترسناکەدا بووم. هەوڵمدا قسەکانی

ئەشکان باش بەیاد بهێنمەوە. هیچ شتێکی نەوتبوو جگە لەوەی ئەو یادداشتەکانی بۆ چاپ بکەم. هەر لەو کاتەدا دەیتوانی ناونیشانێک شتێکم پێ بدات کە زۆر ئاسانتر بتوانم بیاندۆزمەوە؛ تەنها هێندە بەس بوو یەک وشە بڵێت و من تا ئێستا هەرچۆنێک بووە دەمدۆزینەوە.

پاشان بیری قسەکانی پژمانم کەوتەوە. هەوڵمدا ڕستە بە ڕستەی بەیاد بهێنمەوە. مەحاڵ بوو هیچ لەبارەی ئەو یادداشتانەوە نەزانێت. بە قسەکانیدا دیار بوو کە ئاگای لە هەموو شتێکی ئەشکان هەبووە. لە نهێنی و ئاشکرای. دەیزانی ئەشکان دەزگیراندارە و خۆی وتی کەس بەمەی نەزانیوە. تەنانەت دەزگیرانەکەشی بینیبوو. بیرم کردەوە باشە بۆچی دەیویست لە منی بشارێتەوە؟ وەختێک بیرم لەوە کردەوە کە دەکرێت بەشێک یان هەموو یادداشتەکان لای ئەو بن، زۆر تووڕە دەبووم. بە خۆمم وت باسی دەزگیرانەکەی هێناوەتە پێشەوە تا من بە لاڕێدا بەرێ. لەوانەیشە ئیتر هەرگیز جارێکی تر ئامادە نەبێ قسەم لەگەڵ بکات. بەدڵنیاییەوە هەر وابوو. بەڵام کاتێک باش بیرم کردەوە بۆم دەرکەوت دەیتوانی بابەتی دەزگیرانەکەیشیم پێ نەڵێت. هیچ پێویستی نەدەکرد من لەم بابەتە ئاگادار بم.

پەردەکان کەمێک ڕووناک بووبوونەوە کە ڕاکشام لەسەر مۆبیلەکە و چاوەکانم داخست. بیرم لە دوایین شت دەکردەوە. ماڵی دووەم یان سێهەمی کۆڵانێک بەرانبەر پارکێک لە نزیکی ماڵی دایکی ئەشکان. هەروەها کچێک بەناوی ریتا.

## 15

دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو کە ئۆتۆمۆبێلەکەم لە شوێنێکی نزیکی پارکەکە ڕاگرت و دابەزیم. سەیری دەرگای گەورەی قوتابخانەیەکم کرد کە ڕێک بەرانبەر پارکەکە بوو و دیوارە درێژەکەی تا ئەو شەقامە پانەی پێچم لێ کردبوویەوە، درێژ دەبوویەوە. تەنها شتێک کە لەوێدات بەرچاو نەدەکەوت ئەو کۆڵانە بوو کە پژمان باسی لێوە کردبوو.

ئاوڕم دایەوە و سەیری دەرگای پارکەکەم کرد. چاوم بە پیاوێک کەوت کە دانیشتبوو لەسەر کورسییەکی نزیک دەرگاکە. کاتێک بەرەو لای ئەو دەڕۆیشتم چاوی بڕیبووە من. پاشان بینیم چووە ئەولاوە و بەدەست ئاماژەی بۆ کردم دانیشم. سوپاسم کرد و وتم بە شوێن کۆڵانێکدا دەگەڕێم کە وتیان ڕووبەڕووی پارکەکەیە. هەستایە سەر پێ و بەدەست ئاماژەی بە شوێنێکی ئەولای پارکەکە کرد. وتی: "لەولای پارکەکەوە سێ کۆڵان هەیە. دەبێ لە دەرگای ڕۆژئاواوە بڕۆیت."

سوپاسم کرد. هێشتا چەند هەنگاوێک لێی دوور نەکەوتبوومەوە گوێم لێبوو وتی: "ببوورە!"

ئاوڕم دایەوە. وتی: "من تۆم پێشتر نەبینیوە؟"

جوان سەیرم کرد. هیچ وا نەهاتە بەرچاوم کە پێشتر ئەم پیاوەم بینیبێ: "پێم وانییە، ڕەنگە..."

وتی: "تۆم لەگەڵ کەسێکی تر لێ تێکچووە."

بزەی کرد. کەتمە ڕێ و لەگەڵ پێم نایە ناو پارکەکەوە، بایەکی ساردی بەهێز هەڵیکرد، هێندە سارد کە هەستم کرد خەریکم هەڵدەلەرزم. دەستەکانم کردن بە هەردوو گیرفانی پانتۆڵەکەمدا و چاوم بە گۆڕەپانێکی بچووک کەوت کە گڵۆپە کزەکانی چواردەوری هەڵکرابوون. کەمێک پێشتر، لای ڕاستم ناوچەیەکی تایبەت بە یاریی منداڵان بوو. کۆشکێکی پلاستیکی لە ناوەڕاستیدا بوو کە لە هەر ژوورێکییەوە خلیسکێنەیەک سەری دەرهێنابوو و لە شوێنێک، کە وەک پردێک بە دەروازەی کۆشکەکە دەگەیشت، زنجیری جۆلانەیان هەڵواسیبوو. بەڵام کەس لەو ناوە نەبوو. تەنانەت کاتێک سەرم سووڕاند و سەیری ئەملاولای خۆمم کرد، کەسم نەبینی. دەتوت تەنها منم لەو پارکە گەورەیەدا. هێشتا سەد مەترێک لە گۆڕەپانەکەوە دوور بووم کە دواجار چاوم بە پیاوێک کەوت خەریکبوو بەرانبەرم دەهات. جلی سپۆرتی ڕەشی لەبەردابوو و سەری داخستبوو. ڕێک لەو ساتەدا کە خەریکبوو لە من نزیک دەبوویەوە، سەری بەرز کردەوە و بەو دوو چاڵە ڕەشە گەورەیەی لە نێو ئەو ڕووخسارە سپییە ئێسقانییەدا بوو،

لە من ڕاما. هێشتا گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو کە لە پڕێکدا بۆم دەرکەوت ڕاوەستاوم لە ناوەڕاستی ئەو ڕێگە باریکەدا و ناتوانم لە جێگەی خۆم بجووڵێم. هەستم کرد هەر ئێستا لەسەر هەردوو ئەژنۆ دەکەومە سەر زەوی، هەر چۆنێک بوو ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە، بەڵام کەس لەوێ نەبوو. تەنانەت لە نێو درەختەکانیشدا کەسم نەبینی. سووڕامەوە و بە مشت توند کێشام بە ئەژنۆکانمدا و بەڕێ کەوتم. نزیکەی خەریکبووم ڕامدەکرد. کاتێک گەیشتمە گۆڕەپانەکە، ژنێکم بینی لەسەر یەکێک لەو کورسییانە دانیشتبوو کە بە چواردەوری حەوزەکەدا دانرابوون. ئەنیشکەکانی خستبوونە سەر ئەژنۆکانی و سەری دانەواندبوو. بەپەلە بە دەوری حەوزەکەدا سووڕامەوە و چوومە سەر ئەو ڕێگەیەی کە پێم وابوو دەچێتە سەر دەرگای ڕۆژئاوای پارکەکە. هێشتا زۆر لە گۆڕەپانەکە دوورنەکەوتبوومەوە کە لەناکاو هەموو جێیەک تاریک بوو. ئاوڕم دایەوە هیچ کام لە گڵۆپەکانی دەوری حەوزەکە هەڵنەکرابوون، تەنانەت گڵۆپەکانی شوێنی یاریی منداڵانیش. تەواوی پارکەکە لە تاریکیدا نقووم بووبوو. هەر لەو کاتەدا شتێکم بینی؛ سێبەری دوو کەس کە خەریکبوون لە شوێنێک لە نێوان درەختەکانەوە بەرەو لای من دەهاتن؛ ڕێک بە تەنیشتی یەکەوە بوون، هێندە نزیک کە دەتوت پەیکەرێکە دوو سەری هەیە. سووڕامەوە و هەوڵمدا ڕابکەم. بەڵام دەتوت پێیەکانم ناجووڵێن. حاڵی کەسێکم پەیداکردبوو کە خەریکبوو لە ناو ئاودا هەنگاوی دەنا و سات لە دوای سات لە وشکانی دوورتر دەکەوتەوە.

سیامەک گولشیری

# تارمایی مەرگ

رۆمانی ترسناک



وەرگێڕانی سەروەر عومەر

## 16

لەسەر ئەو پیادەڕۆ پانەی لەوبەری شەقامەکەوە بوو، ڕاوەستام. هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو. ئاوڕم دایەوە و سەیری پارکەکەم کرد. هەوڵمدا لە نێو دەرگا کەمێک گەورەکەی ڕۆژئاوایەوە، سەیری درێژیی ئەو ڕێگایە بکەم کە لێوەی هاتبووم. هیچ شتێک لەو تاریکییەدا دیار نەبوو. سەرم سووڕاند و تازە بۆم دەرکەوت لە نێو کۆڵانێکی تا ڕاددەیەک باریکدا ڕاوەستاوم، کۆڵانێک کە ڕێک بەرانبەر دەرگای پارکەکە بوو و وەختێک بیرم کردەوە کە دەکرێت هەمان ئەو کۆڵانە بێ کە پژمان باسی کردبوو هەستێکی سەیرم بۆ دروست بوو.

چوومە ناو کۆڵانەکەوە و بە تەنیشت پیادەڕۆی باشووردا ڕۆیشتم. کەمێک دواتر بەرانبەر دەرگایەکی ئاسنین ڕاوەستام کە شووشەی شێوە چوارگۆشەی تەنراوی هەبوو. سەیری ئەو پلێتە زیوینەم کرد کە سێ جەرەسی لەسەر بوو. سەرم هێنایە دواوە و سەیری پەنجەرە تاریکەکانی باڵەخانەکەم کرد. تازە لەو کاتەدا بوو بیرم کردەوە دەتوانم چی لە ناوێکی تەنیا بکەم؛ دەبوو لە دانە بە دانەی ئەم جەرەسانە بدەم و

بڵێم دەمەوێ لەگەڵ کچێک بەناوی ڕیتا قسە بکەم؟ هەر لەو ساتەدا سەدان بیرۆکەی تر بە مێشکمدا هاتن، بەڵام ئیتر بۆ هەموو ئەم قسانە درەنگ بووبوو. ڕاوەستابووم بەرانبەر ماڵێک کە پێم وابوو تەنها شوێنێکە دەتوانێت یارمەتیم بدات و دەبوو پەنجە بە جەڕەسەکەیدا بنێم.

پەنجەی ئاماژەم برد بەرەو دوگمەی ڕەشی جەڕەسەکەی خوارەوە و فشارم لێ کرد. ، جەڕەسەکانی سەرەوەیش بە هەمان شێوە، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. لە دەرگاکە دوور کەوتمەوە و چاوم بە پەنجەرەی نیوەکراوەی نهۆمی یەکەم کەوت، ڕێک لە نزیکی دەرگاکەوە. نزیکی هەمان ئەو شوێنەی کە من لێی ڕاوەستابووم. پەرژینێکی ئاسنی ڕەش لەبەردەم پەنجەرەکەدا بوو. پەردەیەکی سپی چیندار لە پشت شووشەکەیەوە بە بایەکی ئارام دەجووڵایەوە. ویستم بڕۆم بەرەو ماڵەکەی ئەولاتر کە ڕێک لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێک بوو. دەنگی خشەخشێک کە دەتوت لە بڵندگۆی هایفۆنەکەوە بەرگوێم دەکەوێ. چوومە پێشەوە و گوێم ڕاگرت. دەنگی خشەخشەکە بەرزتر بووبوویەوە. پەنجەم بەرز کردبوویەوە و بێ ویستی خۆم خستمە سەر جەڕەسی دووەم و چاوەڕوان بووم. تاوێک دواتر گوێم لە دەنگی پیاوێک بوو کە زۆر بە هێواشی وتی: "کێیە؟"

سەرم بردە نزیک پلێتی زیوینی هایفۆنەکەوە. هەر نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم. دووبارە گوێم لە دەنگی پیاوەکە بوو کە وتی: "کێیە؟"

خەریکبوو لە هایفۆنەکەدا هاواری دەکرد. کاتی بیرکردنەوە نەبوو. دەستم کرد بە قسەکردن. وتم: "من لە هاوڕێکانی جەنابی ئەربابیم، ئەشکانی ئەربابی. لە هاوکارەکانیم. یەکێک لە هاوڕێکانی هەردووکمان ناونیشانی ئێوەی بە من داوە. من بەرلەوەی کە... تازە بۆم دەرکەوتووە کە ئەو پێش ئەوەی ئەو ڕووداوەی بەسەر بێت، دەزگیرانی هەبووە..."

گوێم لە پیاوەکە بوو کە بە دەنگی بەرز وتی: "بەهەڵە هاتووی، کاکە گیان."

وتم: "تاوێک ڕاوەستە تۆ دەزانیت... ؟"

قسەکەی پێ بڕیم و وتی: "من هیچ نازانم. ئیتر لەم جەڕەسەیش مەدە."

گوێم لە دەنگی داخستنەوەی هایفۆنەکە بوو. سەرم هێنایە دواوە. بیرم کردەوە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بێ هیچ پێشەکییەک ناوی کچەکەم بهێنایە، شتێکی دەوت. لانیکەم پێی دەوتم کە دەبێت بۆ کام یەک لەم ماڵانە بڕۆم. دیسان سەیری پلێتە زیوینەکەم کرد و بەڕێکەوتم بەرەو ماڵەکەی تەنیشتیان. هێشتا بە دەرگاکە نەگەیشتبووم لە ناکاو بایەکی سارد هەڵیکرد و هەر لەو کاتەدا ڕێک لە پەنای گوێمەوە شتێکم بیست، دەنگێکی هێواش و خاو کە وتی "بگەڕێوە!"

هێندە ڕوون بوو کە هەر لەوێدا، لەسەر پیادە ڕۆکە، لەسەر جێی خۆم ڕاوەستام، نەمدەتوانی تەنانەت یەک هەنگاویش بۆ پێشەوە بنێم، تەواوی هێزی خۆم کۆکردەوە و پاشان بۆ دواوە ئاوڕم دایەوە. کەس لە پشت سەرمەوە

نەبوو. چەند ساتێک هەر لەوێدا ڕاوەستام و لە پێش خۆم ڕامام. گڵۆپەکانی پارکەکە دووبارە داگیرسابوون. گۆڕەپانی پارکەکە بەو گڵۆپە کزانەیەوە لە دوورەوە دیار بوو. تەنانەت شوێنی یاریی منداڵەکانیشم بینی. لە پیادەڕۆکە دابەزیم و سەیری ئەو ماڵەم کرد کە لە جەڕەسەکەیم دابوو. چاوم بە پەنجەرەیەکی نیوەکراوە کەوت کە تیشکێکی نارنجی کز ڕووناکی کردبوویەوە و لەناکاو لە پشت شیشەکانییەوە شتێکم بینی؛ سێبەری ژنێک کە ڕێک لە پشت پەردەکەوە ڕاوەستابوو و جلێکی درێژی لەبەردا بوو. لە جێگەی خۆی نەدەجووڵا. وەک ئەوەی پەیکەر بێت. کەمێک دواتر ڕووناکییە نارنجییەکە بەتەواوەتی کوژایەوە. ئیتر هیچ شتێکم جگە لەو پەردەیە کە خەریکبوو بەهۆی باوە دەجووڵایەوە، نەدەبینی. لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا هەستم دەکرد سێبەری ژنەکە لە پشت پەردەکەوەیە و دەزانێت کە من لێرەدا ڕا وەستاوم. بەڕێ کەوتم بەرەو لای ماڵی سێهەم. وەختێک خەریکبووم لەسەر پلێتە زیوینەکە سەیری دوو ڕیز جەڕەسی پێنج دانەییم دەکرد و بیرم دەکردەوە لە کامەیان بدەم، گوێم لە دەنگێک بوو ئاوڕم دایەوە و چاوم بە پیاوێک کەوت کە سەری تا سکی لە نێو دەرگای ئەو باڵەخانەیەوە دەرهێنابوو کە لە هەر سێ جەڕەسەکەیم دابوو. خەریک بوو بانگی دەکردم. پاشان بە دەست ئاماژەی بۆ کردم. لە جێگەی خۆم نەجووڵام. دووبارە بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە بچم بۆلای. کاتێک گەیشتمە نزیکی، وتی: "تاوێک لەمەوپێش تۆ لە جەڕەسی ئێمەت دا؟"

دەنگیم ناسییەوە هەمان ئەو پیاوە بوو کە پێی وتبووم بەهەڵە هاتووی و توند هایفۆنەکەی داخستبوویەوە. سەرم لەقاند. وتی: "داوای لێبووردن دەکەم کە خراپ قسەم لەگەڵ کردی."

دەرگاکەی خستە سەر پشت. وتم: "تکا دەکەم، کێشەیەک نییە."

- بۆنا، پێم وابێ زۆر خراپ قسەم کرد.

- وتم خۆ، کێشەیەک نییە. ئەوەش دەبێ.

سەیری گۆشەیەکی کراسە سپییەکەیم کرد کە لە پانتۆڵەکەیەوە هاتبووە دەرەوە و لە قژە ئاڵۆسکاوەکەی کە لایەکی، لە سوچێکی سەرییەوە بەرز بووبوویەوە.

وتی: "تۆ وتت لە هاورێکانی جەنابی ئەربابی بوویت. وایە؟"

سەرم لەقاند. وتم: "تۆ دەتناسی؟"

سەری داخست. دەستی بە دەموچاو و ڕیشە تەنکەکەیدا هێنا کە تەواوی ڕووخساری داپۆشیبوو. وتم: "یەکێک لە هاورێکانی هەردووکمان ناونیشانی ئێرەی بە من دا. پێی وتم بەرلەوەی ئەو ڕووداوەی بەسەر بێت دەزگیرانی مارەکردووە."

پیاوەکە سەری هەڵبڕی و سەیری منی کرد. بە جۆرێک کە بۆ ساتێک هەستم کرد قسەیەکی خراپم کردووە. وتم: "پێی وتم، پێی وتمماڵی دەزگیرانەکەی..."

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. وتی: "دەتوانم تکایەکت لی بکەم؟"

چاوی بڕیبووە چاوەکانم. وتم: "چ تکایەک؟"

- دەمــەوێ تکات لێ بکـەم بێیتە ژوورەوە. من و هاوسەرەکەم زۆر حەز دەکەین قسەت لەگەڵ بکەین.

چاوەڕێی نەکرد من هیچ بڵێم. دەستی درێژ کرد و مەچەکی دەستمی بە دەستە گەورەکەی گرت.

## 17

لە ڕاڕەوێکی تاریکدا کە چاو چاوی نەدەبینی، ڕاوەستاین و من دەنگی دەستە کلیلێکم بیست کە پیاوەکە لە گیرفانی دەریهێنا. پاشان دەنگی سووڕانی کلیلەکە لە قوفڵی ئەو دەرگایەدا کە بەرانبەری ڕاوەستابووین. هەر لەو کاتەدا ڕووناکییەکی کەم لە درزی دەرگاکەوە سەری هێنایە دەرەوە. پیاوەکە وتی: "فەرموو وەرە ژوورەوە، تکا دەکەم!" لە لایەکەوە ڕاوەستا بوو تا من تێپەڕم و چوومە ناوماڵێکەوە کە تەنها سێ گڵۆپی دیواریی کز هۆڵێکی زۆر گەورەیان ڕووناک کردبوویەوە. پیاوەکە بە دەست ئاماژەی بە مۆبیلێکی سێ نەفەریی گەورە کرد کە زیاتر لە تەختەخەوێکی یەک کەسی دەچوو. لەسەر گۆشەیەکی مۆبیلەکە دانیشتم. ڕۆیشت بەرەو لای مێزێکی نانخواردنی ستیل کە لەوبەری هۆڵەکەوە، بەرانبەر پەنجەرە درێژە گەورەکان بوو. کورسییەکی لە نێوان کورسییەکان ڕاکێشا، هێنای لەبەردەم مندا داینا و دانیشت. ڕووناکیی هۆڵەکە هێندە کەم بوو هەستم دەکرد لە شوێنێکم تەنها بە چەند مۆمی بچووک ڕووناک کراوەتەوە. وتی: "نازانیت چ کارێکی باشت کردووە کە هاتووی بۆ ئێرە."

گێژ بووبووم. هەر نەمدەزانی بۆچی ئەم قسەیە دەکات. بۆچی داوای لە من کردبوو بێمە ژوورەوە؟ بیرم کردەوە لەوانەیە منی ناسیبێتەوە. ڕەنگە ئاوا زۆر باشتر بێت. ئێستا زۆر بەئاسانی دەمتوانی لەبارەی یادداشتەکانەوە لەگەڵ کچەکە قسە بکەم. وتم: "من هەر بیریشم لێ نەدەکردەوە هێندە ئاسان ئێرە بدۆزمەوە. لەو کاتەوەی پێم ناوەتە ئەم کۆڵانەوە، خەریکبووم بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن دەکرێت..."

لەناکاو گوێم لە دەنگێکی سەیر بوو. دەنگێکی وەک لوورەی گورگ یان سەگێک کە زۆر لە ئێمەوە دوور نەبوو؛ ڕێک لە شوێنێکی ئەوماڵەدا بوو. لە پشت یەکێک لەم دیوارانەوە دڵنیا بووم. سەیری پیاوەکەم کرد کە سەری داخستبوو و دەستی خستبووە سەر دەمی. پاشان وتی: "شتێک دەخۆیت بۆت بێنم، شەربەت یان چایی؟"

هێشتا دەنگی بەرزی لوورەکە لە مێشکمدا بوو. وتم: "نا، سوپاس."

وتی: "تۆ لە هاوکارەکانی بووی، مەبەستم ئەوەیە کە لە یەک شوێن پێکەوە کارتان دەکرد؟"

- لە شوێنێک پێکەوە کارمان نەدەکرد، بەڵام هاوکار بووین. چۆن بڵێم، من نووسەرم. بڕیار بوو پێکەوە کارێکی هاوبەش ئەنجام بدەین کە...

پیاوەکە سەری بەرەو لای دەرگاکە سووڕاند و من دەنگی چەند لێدانێکم لە دەرگاکە بیست. لە جێگەی خۆی هەستا و بەپەلە ڕۆیشت دەرگاکەی کردەوە. سەری بردە دەرەوە و

گوێم لێبوو وتی: "چۆنە؟"

دەنگی ژنێکم بیست کە بەهێواشی وتی: "هەر وەک خۆیەتی."

شتێکی تریشی وت کە تێینەگەیشتم. کەمێک دواتر ژنێکی بەتەمەن هاتە ناو ماڵەکەوە کە جلێکی درێژی لەبەردا بوو. لە جێگەی خۆم هەستام. ژنەکە هات بەرەو ڕووم. وتی: "من و مێردەکەم زۆر سوپاست دەکەین کە هاتیتە ژوورەوە."

بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە دانیشم. هەر لەوێدا دانیشتم و دەستم خستە سەر دەسکی دارین و درێژی مۆبیلەکە. چەند ساتێک هەر سێکمان بێدەنگ بووین و تەواوی ئەم ماوەیە ژنەکە لەژێرەوە سەیری منی دەکرد. پاشان زۆر بەهێواشی شتێکی وت کە تێینەگەیشتم. سەرم بردە پێشەوە و وتم: "چی؟"

- تۆ دەزانی چی بەسەر ئەشکان هاتووە؟

چاوەڕێی هەموو شتێکم دەکرد جگە لەم پرسیارە. هەر نەمدەزانی چی بڵێم. ژنەکە بە جۆرێک ئەم پرسیارەی کردبوو وەک بڵێی لە هەموو شتێک ئاگادارە و تەنها چاوەڕێیە من بیسەلمێنم. لەگەڵ ئەوەیشدا هەوڵم دا زۆر ئارام بم. تفێکم قووت دا و بەهێواشی وتم: "ئێمە پێش ئەوەی ئەم ڕووداوەی بەسەر بێ، بڕیار بوو کارێکی هاوبەش پێکەوە ئەنجام بدەین. هەر ئەوەندە. پاشانیش بە نیوەناچڵی مایەوە. من پێم وابوو هێندێک لە یادداشتەکان..."

ژنەکە قسەکەی پێ بڕیم و پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. وتی: "تۆ دەزانی چی بەسەر هاتووە؟"

سەیری پیاوەکەم کرد کە لە من ڕامابوو. وتم: "هەر ئەو شتەی کە پێم وابێ ئێوەش دەیزانن."

ژنەکە سەیری مێردەکەی کرد و پاشان دووبارە من. وتی: "ئێمەیش تا چەند ڕۆژ لەمەوبەر وەک تۆ بیرمان دەکردەوە. پێمان وابوو ئەشکان..."

دیسان گوێم لە دەنگی لوورەیەکی درێژ بوو. ژنەکە هەروا لە من ڕامابوو. سەیری پیاوەکەم کرد کە دەستەکانی خستبوونە سەر ئەژنۆکانی و چاوی لە زەوییەکە بڕیبوو. ڕوو لە ژنەکە وتم: "دەنگی چی بوو؟"

ژنەکە وتی: ئێمەیش تا چەند ڕۆژ لەمەوبەر پێمان وابوو ئەشکان مردووە. بەڕاستی پێمان وابوو ئەشکان مردووە.

پیاوەکە وتی: چەند ڕۆژ بەرلەوەی ئەو ڕووداوە ڕوو بدات، بە ریتای وتبوو لەگەڵ کۆمەڵێک کەس ئاشنا بووە کە قاچاخی بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە دەکەن. لەوانەی مرۆڤەکان دەفرێنن و پاشان ئەندامەکانی جەستەیان دەفرۆشن. وتبووی لەگەڵ سەردەستەکەیان پەیوەندی گرتووە و دەیەوێ وتارێکی دوورودرێژ لە بارەیانەوە بنووسێت."

سەیری ژنەکەی کرد. ژنەکە سەری لەقاند. پیاوەک وتی: "ریتا هیچی بە ئێمە نەوتبوو." بە سەر ئاماژەی بە ژنەکە کرد کە لە جێی خۆیدا وەک بوخچەیەک چووبوو بە ناو خۆیدا. وتی: "من هەستم کردبوو کە شتێک دەزانێ، بەڵام زۆرم لێ نەدەکرد."

ژنەکە وتی: "منیش بۆم دەرکەوتبوو کە شتێکییەتی."

پیاوەکە وتی: "مانگێک دواتر بە بابەتەکەمان زانی."

ژنەکە وتی: "من هێندە لێم هەڵپێچا تا دواجار هاتە قسە. شەوێکیان هێندەم قسە لەگەڵ کرد تا دواجار وتی ئەشکان چی پێ وتووە."

پیاوەکە وتی: "بەڵێ، وتی، بەڵام کەی؟ ئەگەر گەردێک عەقڵ لەو مێشکە پووچەیدا بووایە دەیزانی کە دەبوو ئەمانە پێش ئەو ڕووداوە بڵێ."

ڕووی کردە من و وتی: "دەمانویست بەڕێ بکەوین بڕۆین..."

دەنگی بەرزی شتێکم بیست. دەنگی بەرزی ئەو لێدانە بەهێزانەی کە نەمدەزانی چین؟ هەرسێکمان بۆ تاوێک بێدەنگ بووین. پاشان پیاوەکە وتی: "دەمانویست بەڕێ بکەوین بڕۆین بۆ لای پۆلیس. بەڵام دەمانتوانی چی بە پۆلیس بڵێین؟! بڵێین زاواکەمان، بە ناخێری گیانی، چووەتە ناو باندێکی قاچاخچییانەوە؟ چ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە بوو؟ چونکە تەنها بە کچەکەمانی وتبوو بڕیارە بڕوات تێکەڵی کۆمەڵێک تاوانکار ببێت و هێندێک شتی پڕوپووچیان لەبارەوە بنووسێت."

ژنەکەی وتی: "خۆزگە بڕۆیشتینایە."

پیاوەکە وتی: "دەمانویست چییان پێ بڵێین، ژنەکە؟ پۆلیس بەڵگەی دەویست. نەدەکرا هەروا سەرمان دابخەین و بڕۆین بۆ لای پۆلیس و هیچ نەڵێین."

لە کاتێکدا لە جێیەک لەسەر دیوارەکە ڕامابوو، دەستی بە سەریدا هێنا. چەند جارێک دەستی بەو شوێنەدا هێنا کە

مووەکانی بەرز بووبوونەوە. وتی: "من نازانم تۆ بەڕاستی کێیت و چەندە لەگەڵ ئەو بابایە هاوڕێ بووی. بەڵام دەمەوێ ئەوە بزانیت یەکەم کەسیت کە خەریکین ئەم بابەتەی بۆ باس دەکەین."

ژنەکە وتی: "من دوای ئەوەی بە بابەتەکەم زانی، دەمویست بچم بۆ لای دایکی و هێندێک شتی پێ بڵێم. بەڵام..."

پیاوەکە قسەکەی پێ بڕی: "بەڵام من نەمهێشت. بەم کارە تەنها داغی دڵی ئەو بەدبەختەمان تازە دەکردەوە. لەکوێوە بزانین کە ئەو سەرەڕۆیە ڕاستیی بە کچەکەمان وتووە؟ لەکوێوە بزانین کە هەر بەڕاستی ئەو شتانەی لەبارەی ئەو قاچاخچییانەوە وتبووی، ڕاست بوون!"

ژنەکە لەژێر لێوەوە شتێکی وت و پاشان هەستایە سەرپێ. پیاوەکە وتی: "بۆ کوێ؟"

- دەبێت بگەڕێمەوە بۆ خوارەوە، لەوانەیە...

- ئێستا نا، دانیشە!

ژنەکە لەسەر جێی خۆی دانیشت. وەک بڵێی لەگەڵ خۆی قسە بکات، وتی: "حەزدەکەم بمرم. حەزدەکەم هەر ئێستا بمرم. خوایە گیان، من بکوژە!"

دەستی کرد بە گریان. پیاوەکە هاواری کرد: "دووبارە دەستت پێ کردەوە! بەسە! بیبڕەوە! ماندووت کردم. ئیتر نامەوێ گوێم لە دەنگی گریانەکانت بێ!"

ژنەکە بە پشتی دەستی فرمێسکەکانی سڕییەوە. ڕێک لەو کاتەدا باشترین دەرفەت بوو کە پرسیارەکەم بکەم، شتێک

کە لەو کاتەوەی ژنەکە پێی نابووە ناو ماڵەکەوە بە مێشکمدا هاتبوو. وتم: "کچەکەتان شتێکی بەسەر هاتووە؟"

پیاوەکە لە کاتێکدا لە ژنەکە ڕامابوو، وتی: "حەزدەکەم پاشماوەکەیشی ببیستن."

تاوێک بێدەنگ بوو. وەک بڵێی خەریک بوو بیری لە شتێک دەکردەوە. پاشان وتی: "ماوەیەک دوای ئەم بابەتە، وابزانم یەک مانگ دواتر، ئامۆزاکەی هاتە داوای." چاوی بڕییە چاوەکانی من، وتی: "ئەگەر پێنج کەسی باش لەم دنیایەدا هەبن، یەکێکیان ئەوە."

هەستا و ڕۆیشت بۆ لای دەرگای ماڵەکە، چەند چرکەیەک هەر لەوێدا ڕاوەستا. پاشان بینیم بەهێواشی دەرگاکەی کردەوە و سەری بردە دەرەوە. وابزانم خەریک بوو گوێی لە شتێک دەگرت. پاشان گەڕایەوە سەر جێگەکەی خۆی. ژنەکە بەردەوام خەریک بوو سەیری ئەوی دەکرد. پیاوەکە وتی: "من یەکسەر ڕازی بووم. دایکیشی بەهەمان شێوە. لە ماوەی دوو هەفتەیشدا مامۆستامان بانگ کرد، مارەمان کردن و کارەکەمان تەواو کرد. نەک وەک ئەو گەوجە کە بەردەوام ئەمڕۆ و سبەینێی دەکرد و دواجاریش ترسا ناوی کچەکەمان بچێتە سەر ناسنامەکەی."

سەیری ژنەکەم کرد کە خەریکبوو بە هێواشی دەگریا و سەری بۆ ئەملا و ئەولا دەجووڵاند. پیاوەکە وتی: "دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم کە بە ژنەکەیشم نەوتووە. دەیشزانم کە ئێستا کاتی ئەم قسانە نییە، بەڵام حەزدەکەم بزانیت ئەو

سەردەمانە، ئەو ساتانەی کە دەمبینی ئەو هیچوپووچەی فەرامۆش کردووە و خەریکە وردە وردە نەریمانی خۆش دەوێ، ئەو ساتانە خۆشترین ساتەکانی ژیانم بوون. تەنانەت هێندێک جار بیر دەکەمەوە لە یەکەم ساتەکانی هاوسەرگیریی خۆیشم شیرینتر بوون. بڕیار بوو مانگێکی تر...

لەناکاو دەنگی بەرزی قیژەیەکم بیست، قیژەیەکی بەرز و درێژ کە بووبوو بە لوورە. پاشان گوێم لێبوو کەسێک، لە کاتێکدا هاواری دەکرد، بە دەنگی بەرز شتێکی دەوت. ژنەکە دەستبەجێ لە شوێنی خۆی هەستا. هێشتا نەگەیشتبووە لای دەرگاکە کە بینیم پیاوەکە چووە تەنیشتییەوە. لە دەرگاکەوە چوونە دەرەوە. گوێم لێبوو لە پشت دەرگاکەوە قسە لەگەڵ یەک دەکەن. کەمێک دواتر پیاوەکە دەرگاکەی داخست و گەڕایەوە سەر جێگەکەی. هێشتا چاوی لەسەر دەرگای ماڵەکە بوو و پاشان سەری دانەواند. بێدەنگییەکەی هێندە دوورودرێژ بوو کە پێم وابوو بیری چۆتەوە من لەوێ دانیشتووم و چاوەڕێم قسەکانی تەواو بکات. تاوێک دواتر سەری هەڵبڕی و سەیری منی کرد، بە شێوەیەک وەک بڵێی یەکەم جارە سەیرم دەکات. پاشان وتی: "تۆ تا چ ئەندازەیەک دەتناسی؟"

وتم: "کێ؟"

- مەبەستم هەر ئەو هیچوپووچەیە. تا چ ئەندازەیەک دەتناسی؟

- زۆر نەبوو. ماوەیەک پێش ئەوەی ئەو ڕووداوەی

بەسەر بێ، لەگەڵیدا ئاشنا بووم.

چاوی لەسەر من ڕاگرتبوو. حاڵی کەسێکی هەبوو کە تازە هەستی کردبوو تەواوی ڕازی ژیانی خۆی بۆ غەوارەیەک باسکردووە. پاشان وتی: "تۆ هاتبووی بۆ ئێرە تا لەگەڵ ریتا قسە بکەیت، وایە؟"

سەرم لەقاند. وتم: "پێشتریش پێم وتی. من بڕیاربوو لەگەڵ ئەشکان کارێکی هاوبەش بکەین. من پێم وابوو دەکرێ هێندێک لە یادداشتەکانی ئەشکان لای کچەکەتان بەجێمابێ."

ئارەزووم کرد هیچ شتێکی تر نەپرسێ، چونکە بەنیاز نەبووم یەک وشەیش لەبارەی هیچەوە قسە بکەم. پیاوەکە وتی: "تۆ بۆ کارێکی تر بۆ ئێرە هاتووی، ئەوسا من خەریکم بەم قسانە ماندووت دەکەم."

دەستم لەسەر دەسکی مۆبیلەکە لابرد و کەمێک هاتمە پێشەوە، وتم: "ماندووت نەکردم. بەڕاستی حەزدەکەم بزانم چی بووە."

چاوی بڕیبووە من. پاشان وتی: "ئێمە تا پێش ئەوەی تۆ بێیت بۆ ئێرە، ئەم بابەتەمان بە هیچ کەس نەوتبوو، بەڵام نازانم بۆچی وەختێک لە هایفۆنەکەدا قسەم لەگەڵ کردیت..."

دیسان چەند ساتێک بێدەنگ بوو. لە شوێنێک لەسەر زەوییەکە ڕامابوو و خەریکبوو بیری دەکردەوە. وتم: "پاشان شتێک ڕووی دا؟ مەبەستم دوای ئەو کاتەیە کە لەگەڵ ئامۆزاکەی هاوسەرگیری کرد؟"

ڕووی کردە من. وتی: "چی؟"

- دوای ئەوەی لەگەڵ ئامۆزاکەی هاوسەرگیری کرد، شتێک بەسەر کچەکەتان هات؟

چاوەکانی باریک بووبوونەوە، بە جۆرێک کە لە دوو هێڵی باریک دەچوون. وتی: "ڕێک هەفتەیەک لەمەوبەر ئەم کاتانە دانیشتبووین لە پشت ئەو مێزەوە و خەریکبووین شێومان دەخوارد..." بە سەر ئاماژەی بە مێزی نانخواردنەکە کرد. "خەریکبووین شێومان دەخوارد کە مۆبایلەکەی جەڕەسی بۆ هات." دیسان دەستی هێنا بە سەریدا. خەریکبوو هەوڵی دەدا ئەو چەپکە مووەی لە گۆشەیەکی سەریدا بەرز بوونەتەوە، تەخت بکات. وتی: "وەختێک مۆبایلەکەی هەڵگرت چووە سووچێکی ژوورەکە. منی گەوج بینیم کە دەراوی دەنگی لەگەڵ هەمیشە جیاوازە. هەستم کرد شتێکی بەسەر هاتووە."

مشتێکی توندی کێشا بە لەپی دەستەکەی تریدا. لەناکاو هەستم بە ژنەکە کرد کە چەند هەنگاوێک لە دووری دەرگاکەوە ڕاوەستابوو و خەریکبوو سەیری دەکردم. هەر هەستم بە هاتنەوەی نەکردبوو. تەنانەت دەنگی دەرگاکەیشم نەبیستبوو. پیاوەکە پرسی: "چۆنە؟"

ژنەکە سەری لەقاند و پێڵووەکانی خستنە سەر یەک. وتی: "خەوت."

پاشان لەوسەری مۆبیلەکەوە دانیشت و . پیاوەکە ڕووی کردە من و وتی: "بە ئێمەی وت فەرزانە بووە، یەکێک لە هاورێ نزیکەکانی. پاشانیش کۆمەڵێک درۆی نا بەسەر یەکەوە. وتی سبەی شەوەکەی بڕیارە بڕۆن بۆ بینینی یەکێک

لە هاوڕێکانیان کە خەریکە بۆ درێژەدان بە خوێندنی نازانم چی دەڕوات بۆ کاولبوویەک."

ژنەکە وتی: "ئەگەر بە منی بوتایە کێ بووە تەلەفۆنی بۆ کردووە، مەحاڵ بوو بهێڵم بڕوات."

فرمێسکەکانیم بینی کە لە گۆشەیەکی چاوەکانییەوە سەراوژێر بووبوون. پیاوەکە وتی: "من پێم وت نەریمانیش لەگەڵ خۆی بەرێت، بەڵام هەزار قسەی پڕوپووچی کرد کە دەبێت خۆی بە تەنیا بڕوات."

بەهێواشی وتم: "کێ تەلەفۆنی بۆ کردبوو؟"

ژن و پیاوەکە سەیری یەکتریان کرد. نائارامانە چاوەڕێ بووم ناوی کەسێک بهێنن کە پێشبینیم دەکرد کێیە. هەر لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی بەرزی کچەکە بوو کە بانگی دایکی دەکرد. ژنەکە سەراسیمە هەستایە سەر پێ. وتی: "من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ خوارەوە."

چاوەڕێم کرد تا لە دەرگاکە چووە دەرەوە. پاشان دیسان ڕووم کردەوە پیاوەکە. وتم: "کێ بوو تەلەفۆنی بۆ کردبوو؟"

پیاوەکە وتی: "ئەو شەوەی کە لەو شوێنە گەڕایەوە، من لەوێدا دانیشتبووم و بە ناخێری گیانم خەریکبووم ڕۆژنامەم دەخوێندەوە." بە دەست کورسییەکی لە سووچی مێزی نانخواردنەکەدا پیشان دا: "دەرگاکەی کردەوە و یەکسەر چووە ژوورەکەی." کەمێک بەرز بوویەوە و کورسییەکەی هێنایە پێشەوە. ڕوو لە من نووشتایەوە. وتی: "دەتوانی پێشبینی بکەی من تەمەنم چەندە؟"

جوان سەیری ڕووخساریم کرد. هەستم کرد زۆر پیرترە لە تەمەنی خۆی. لەوانەیشە قژی هێندە پیر پیشانی بدا. وتی: "تەمەنم پەنجاوشەش ساڵە. سوێند دەخۆم، بە هەرچی پیرۆزییە سوێند دەخۆم کە لەم پەنجاوشەش ساڵەدا سیمای وام نەبینیوە."

تازە لەو کاتەدا بوو کە بۆم دەرکەوت سەرمان لەیەک نزیک کردۆتەوە و لەیەک ڕاماوین. پیاوەکە وتی: "ڕەنگ و ڕووی وەک مردووەکانی لێهاتبوو. هەر لەو کاتەدا بەخۆمم وت ئەگەر کچەکەم بمرێ، ڕووخساری بەم جۆرەی لێدێ."

سەری داخست و من دڵۆپە فرمێسکێکم بینی کە خەریک بوو لە گۆشەی چاوەکانی دەتکا. چەند ساتێک بێدەنگ بوو. وتم: "چی ڕووی دابوو؟"

سەری بەرز کردەوە. بەو چاوە تەڕانەیەوە لە من ڕاما. وتی: "پێی وتم ئەشکان زیندووە."

تەواوی ئەم ماوەیە، لەو کاتەوەی ئەو تەرمە دۆزرابوویەوە، ساتێک نەبوو من لە قووڵایی ناخمەوە وا بیر بکەمەوە کە ئەشکان مردووە. ئێستا کەسێک بەرانبەرم دانیشتبوو و خەریکبوو دەیوت زیندووە. لەناکاو حاڵێکی زۆر سەیرم پەیداکرد. تازە دوای ئەو ڕستەیە بوو کە دوای ئەو هەموو ماوەیە بۆم دەرکەوت ئەشکان هێشتا زیندووە، بەڕاستی زیندووە. حاڵی کەسێکم هەبوو کە لە مۆتەکەیەکی ترسناک بەئاگا هاتۆتەوە و پاشان بۆی دەرکەوتووە کە ئەو مۆتەکەیە هێشتا هەر لەگەڵیدایە.

بێ ویستی خۆم چوومە دواوە و پشتم توند نووساند بە مۆبیلەکەوە. بۆیە وام کرد چونکە هەستم کرد تەواوی گیانم دەلەرزێت. تەنانەت بۆ چەند ساتێک هەستم کرد ژوورەکە بە دەوری سەرمدا دەسووڕێتەوە. پاشان دەستم خستە سەر قاچەکانم کە خەریکبوو یەکبینە و بەتوندی دەلەرزین. هەستم کرد پیاوەکەیش بەم حاڵەمی زانیوە، چونکە خەریکبوو بە شێوەیەکی واتادار سەیری دەکردم. وتی: "دەزانم کە تووشی شۆک بوویت، چونکە خۆیشم هەر وام بەسەرهات."

دەتوت خەریکە قسەکانی لە شوێنێکی دوورەوە دەبیستم. لە شوێنێکی زۆر زۆر دوورەوە. کەمێک خۆم هێنایە پێشەوە و توند ئەژنۆکانم گرت. دیسان گوێم لە دەنگی بەرزی چەند لێدانێک بوو و یەکسەر دوای ئەوە دەنگی قیژەیەک بەرز بوویەوە. پیاوەکە وتی: "سێ ڕۆژ دواتر لەناکاو تای لێ هات. تەواوی شەو تا بەیانی لە نەخۆشخانە بووین. لەو کاتەوەی گەڕاوینەتەوە..."

دیسان دەنگی قیژە بەرز بوویەوە. دەنگی قیژەیەک کە هەستم کرد تەواوی ماڵەکەی لەرزاند. پیاوەکە بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. هەردووکمان خەریکبووین گوێمان لە دەنگی لێدانەکان دەگرت. پاشان پیاوەکە وتی: "دەزانی ژنەکەم چی دەڵێ؟"

تەنها خەریکبووم سەیرم دەکرد. وتی: "دەڵێ ئەو شەوە خۆی نەبووە. دەڵێ ریتا ڕۆحەکەی بینیوە. دەڵێ هێندە ترساوە کە شێت بووە؟ دەڵێ..." سەری داخست و بە پەنجەکانی

توند چاوەکانی هەڵگلۆفی. پاشان وتی: "من باوەڕ ناکەم. ئەو چەپەڵە تەنانەت جەستەیشی نەبوو، چ بگات بە ڕۆح. تەنها ئەوە دەزانم کە هەرچییەک بووە، بەڵایەکی بەسەر هێناوە، هەرچییەک بووە، تەنانەت ئەگەر...

سەری سووڕاند بەرەو لای دەرگاکە و من گوێم لە دەنگی چەند هەنگاوێک بوو کە خەریکبوون لەسەر پلیکانەکان ڕایاندەکرد. پیاوەکە هەستا و بەپەلە ڕۆیشت بەرەو لای دەرگاکە و کردییەوە. گوێم لێبوو ژنەکە وتی: "تەلەفۆن بۆ نەریمان بکە. خێراکە! حاڵی زۆر خراپ بووە."

پیاوەکە ڕۆیشت بەرەو لای کاونتەری چێشتخانەکە کە من تازە خەریکبووم دەمبینی. تەلەفۆنەکەی لەسەر کاونتەرەکە هەڵگرت و ژمارەیەکی وەرگرت. پاشان هەروا کە بە هێواشی لەگەڵ کەسێک قسەی دەکرد، چووە ناو چێشتخانەکەوە. تاوێک دواتر تەلوفۆنەکەی داخستەوە. ژنەکە کە لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا ڕاوەستابوو، وتی: "چی وت؟"

- نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە.

- ئێستا چی بکەین؟

- وتی خۆی تا بیست خوولەکی تر دێت بۆ ئێرە.

ژنەکە سووڕایەوە بەرەو لای دەرگاکە. پیاوەکە دوای کەوت. پێکەوە لە دەرگاکە چوونە دەرەوە. گوێم لێبوو کە پێکەوە قسە دەکەن. کەمێک دواتر پیاوەکە دەرگاکەی کردەوە. پێی وتم: "دەتەوێ بیبینیت؟ هەستە وەرە. وەرە بزانە دەتوانن چی لە مرۆڤێک بکەن."

ڕاوەستابووو بەرانبەر دەرگاکە، چاوەڕوانی من بوو.

## 18

سەرمای ئەو پەرژینە ئاسنینەی توند دەستم پێوە گرتبوو، خزابووە تەواوی گیانمەوە. تەنانەت هەستم دەکرد لەگەڵ هەناسەکانم هەڵم دێتە دەرەوە. خەریکبووم بە دوای ئەو دووانەدا دەڕۆیشتمە خوارەوە کە لەو ڕووناکییە کزەدا زیاتر لە دوو تارمایی دەچوون. ئەژنۆکانم هێندە سست بووبوون کە لە لەسەر پلیکانەیەک ڕاوەستام و توند لەپی دەستەکانم پێدا هێنان. هێشتا چەند پلیکانەیەک مابوو کە دیسان گوێم لە دەنگی لوورەیەک بوو. خەریکبووین نزیک دەبووینەوە، زۆر نزیک. کەمێک دواتر چاوم بە تاڵە ڕووناکییەک کەوت کە لە درزی دەرگایەکەوە هاتبووە دەرەوە. گوێم لە دەنگی پیاوەکە بوو کە بەهێواشی شتێکی وت. لەو ڕووناکییە کەمەدا بینیم کە هەردووکیان ڕاوەستاون لەبەر دەرگا و خەریکن بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن. من چەند هەنگاوێک دوور لە دەرگاکەوە ڕاوەستام. ژنەکە ویستی بچێتە ژوورەوە کە پیاوەکە قۆڵی گرت و بەهێواشی شتێکی پێ وت. پاشان ئاوڕی دایەوە و سەیری منی کرد؛ وەک ئەوەی تازە بیری کەوتبێتەوە من

لە پشت سەرییەوە لە ڕاڕەوەکەدا ڕاوەستاوم. بە دەستی ئاماژەی بە من کرد. کاتێک دەچوومە پێشەوە، ژنەکە دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورەوە. پیاوەکە بەهێواشی وتی: "من توانام نییە. دایکی زۆر لە من بەهێزترە."

لە پشت سەری پیاوەکەوە چوومە ژوورەوە و پێم نایە ژوورێکی لاکێشەی بچووکەوە کە جگە لە کورسییەکی دارین، هیچی تێدا نەبوو. پاشان بە شوێن ژن و پیاوەکەدا بە ڕاڕەوێکی باریک و درێژدا کە هیچ گڵۆپێکی تێدا هەڵنەکرابوو تێپەڕین. هێشتا بە کۆتایی ڕاڕەوەکە نەگەیشتبووین کە دەنگێکی کچانەی ناسکم بیست: "کەسێکتان لەگەڵدایە؟"

هەرسێکمان ڕاوەستاین. ژنەکە ئاوڕی دایەوە و سەیری ئێمەی کرد. وتی: "بەڵێ، ئەزیزم. پیاوێک هاتووە تۆ ببینێ."

پاشان کەوتەوە ڕێ. لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا لەبەردەم ژوورێکدا ڕاوەستاین. ژنەکە ڕووی کردە من و بەهێواشی وتی: "زۆر لەسەرخۆ بن."

پیاوەکە سەری لە من نزیک کردەوە و بەهێواشی بە گوێمدا چرپاندی: "دەکرێ تکات لێ بکەم هیچ لەبارەی ئەشکانەوە نەڵێیت؟"

سەرم لەقاند. بەشێوەیەک کە واتا خەیاڵت ئاسوودە بێ. ژنەکە دەرگاکەی کردەوە و هەرسێکمان چووینە ژوورەوە. لەژێر ئەو ڕووناکییە کزەی لە تەنها گڵۆپی سەر دیوارەکەوە بڵاو دەبوویەوە، کچەکەم بینی کە لەسەر تەختێکی گەورەی دووکەسی ڕاکشاوە و خەریکە بە چاوە نیوەکراوەکانییەوە

سەیری ئێمە دەکات. ڕووخساری هێندە بێگەرد بوو کە بۆ تاوێک لە بیرم چوویەوە ئەو لوورە بەرز و ترسناکانەی لە نهۆمی سەرەوە بیستبوومن، لەم بوونەوەرە ناسک و جوانەوە بوون. ژنەکە چووە لای سەرییەوە. وتی: "باوکت تەلەفۆنی بۆ نەریمان کرد. خەریکە دێت."

کچەکە بزەی کرد. خەریکبوو سەیری منی دەکرد. پیاوەکە چووە پێشەوە. وتی: "ئەمە لە هاوڕێکانی نەریمانە."

سەرم بۆ کچەکە لەقاند و لەژێر لێوەوە سڵاوم کرد. ژنەکە وتی: "باشتری کچەکەم؟"

کچەکە لە کاتێکدا هێشتا نیگای لەسەر من بوو، سەری لەقاند. وتی: "ئێستا خەریکبووم خەوێکی سەیرم دەبینی، خەوێکی زۆر زۆر سەیر."

پیاوەکە چووە تەنیشت تەختەکە و لە لای ژنەکەوە ڕاوەستا. وتی: "چ خەوێک؟"

کچەکە وتی: "خەوم بینی لە دارستانێکی زۆر ترسناکدام، دارستانێک کە هەموو لایەکی تەم گرتبووی. پاشان دەستم کرد بە ڕاکردن. دەمویست بە جۆرێک لەوێ بێمە دەرەوە. بەڵام هەرچی زیاتر ڕامدەکرد، مەودای نێوان درەختەکان لە یەکەوە کەمتر دەبوویەوە. بە دەستم لق و گەڵاکانم لادەدا و ڕامدەکرد. پاشان لەناکاو هەستم کرد یەکێک بە دوامەوەیە. شتێکی سەیر و سەمەرە کە ڕێک لە پشت سەرمەوە لە نێوان درەختەکاندا بوو. هەرچی ڕامدەکرد لە دەستی ڕزگار نەدەبووم. پاشان گەیشتم بە شوێنێک کە ئیتر درەختی لێ نەبوو."

چاوەکانی داخستن و سەری خستە سەر پشتیی گەورەکەی و بۆ ئەملاو ئەولا ڕایوەشاند. جەستەی خەریکبوو لەژێر ئەو بەتانییە ئەستوورەدا کە درابوو بە سەریدا، پێچی دەخوارد. دەموچاوی تێکچرژابوو. لە خۆمەوە چوومە پێشەوە و سەیری ددانەکانیم کرد کە خەریکبوو ددانەجیرەی پێ دەکردن. پاشان لێوەکانی بە شێوەیەکی سەیر کرانەوە. پیاوەکە نووشتایەوە بەسەریدا و شانەکانی گرت. بەدەنگی بەرز وتی: "ریتا، ئەزیزم، چی بوو؟ ریتا، گوێت لە دەنگمە؟ چاوەکانت بکەرەوە، ئەزیزی دڵم! لەگەڵ تۆمە!"

ژنەکە دەستی کچەکەی گرت. وتی: "گوێت لێیە بابە چی دەڵێ؟ گوێت لە دەنگمە؟ ریتا!"

هەر لەو کاتەدا دەنگی مرخەمرخێکی وەک دەنگی بەراز لە دەمی هاتە دەرەوە، مرخەمرخێک کە ئەگەر ئەو کچەم بەرانبەر خۆم نەبینیایە، گومانم نەبوو کە لە دەمی ئاژەڵێکەوە هاتۆتە دەرەوە. ژن و پیاوەکە خەریکبوون بە دەنگە بەرز بانگیان دەکرد. پیاوەکە چەند جارێک بە پشتی دەستی لە ڕووخساری کچەکەی دا. ژنەکە بە دەنگی بەرز وتی: "خۆزگە پێت بوتایە پەلە بکات."

پیاوەکە توند بە دەست شانەکانی کچەکەی ڕاوەشاند کە ئێستا هەموو جێیەکی ڕووخسارە سپییەکەی هێڵی شین و مۆری لەسەر دروست بووبوو. بۆ ساتێک، ڕێک لەو ساتەدا کە سەری نووشتانەوە و لە نزیک قۆڵی باوکیەوە دەمی کردەوە، چاوم بە دوو زامی بچووک لەسەر گەردنی کەوت

کە نزیکی یەک بوون. پیاوەکە لەناکاو دەستی لابرد. هاواری کرد: "ریتا!"

هەر لەو کاتەدا کچەکە چاوەکانی کردەوە کە خوێن گرتبوونی و سەیری منی کرد کە ڕێک بەسەر سەرییەوە ڕاوەستابووم و لێی ڕامابووم. بەو دەمە کراوە زلەیەوە بزەی بۆ کردم. هەر ڕێک لەو کاتەدا بوو کە هەستم کرد بە شێوەیەک لێی نزیک بوومەتەوە کە هێندە بەسە لە چاوتررووکانێکدا سەری بەرز بکاتەوە و دوو کون بە تەنیشتی یەکەوە لەسەر ملم دروست بکات. سەرم بردە دواوە. کچەکە هێشتا خەریکبوو سەیری منی دەکرد. هێڵە شین و مۆرەکانی سەر دەموچاوی خەریکبوون کاڵ دەبوونەوە. هەستم بە پیاوەکە کرد کە ئەویش لە تەختەکە دوور کەوتبوویەوە. ژنەکە هێشتا لە تەنیشت تەختەکەوە ڕاوەستابوو و مەچەکی کچەکە لە دەستیدا بوو. پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای پیاوەکە. وتی: "دەبێت کارێک بکەی. من ئیتر توانام نەماوە. ناتوانم ببینم کچەکەم لەبەر چاومدا پەرپەر دەبێت."

سەیری ریتام کرد کە ئێستا سەری نابووە سەر سەرینەکە و بەو سیما بێگەردەی چەند خوولەک لەوەوپێشەوە، لە دایکی ڕامابوو. وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ. ژنەکە دیسان وتی: "بیستت چیم وت؟ هەر ئەمشەو دەبێت کارێک بکەین. ئیتر ئامادە نیم گوێ لە ئامۆژگارییەکانی نەریمان بگرم."

نزیکەی خەریکبوو هاواری دەکرد. کچەکە وتی: "گەیشتم بە شوێنێک کە ئیتر یەک درەختیشی لێ نەبوو."

خەریکبوو بە جۆرێک قسەی دەکرد وەک بڵێی هیچی لەو دیمەنە ترسناکەی تاوێک لەوەوپێش بیر نەماوە. ژنەکە ئاوڕی لێ دایەوە. کچەکە وتی: "نازانم ئەوە چی بوو، دایە. بەڵام هەرچییەک بوو، خەریکبوو پێم دەگەیشتەوە."

ژنەکە وتی: "پێویست ناکا بیری لێ بکەیتەوە، ئەزیزی دڵم. هەرچییەک بووە تەواو بووە. خەوت بینیوە."

کچەکە لە میچەکە ڕامابوو. وتی: "پاشان لەوێدا چاوم بە ئەشکەوتێک کەوت. نەمدەتوانی کارێکی تر بکەم. ناچار بووم بڕۆمە ناو ئەو ئەشکەوتەوە. ڕامکردە ناو ئەشکەوتەکەوە و پاشان لە گۆشەیەک دانیشتم. بەڵام کەمێک دواتر دەنگی ئەو بوونەوەرەم بیست." سەیری منی کرد و وتی: "لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە بوو. دەیزانی من لەوێ خۆم شاردۆتەوە."

دیسان ڕووخساری تێچکووەوە. پێم وابوو دیسان تووشی ئەو حاڵەتە بووەتەوە، بەڵام چاوەکانی کردنەوە و سەیری ژنەکەی کرد. وتی: "هەستام و لە شوێنێک لە پشتی ئەشکەوتەکەوە دەستم کرد بە ڕاکردن. هیچ شوێنێکم نەدەبینی. تەنها خەریکبووم ڕامدەکرد. دەمزانی کە ئەو بوونەوەرە لە پشت سەرمەوەیە. زۆر ترسناک بوو. زۆر ترسناک بوو، دایە."

نووشتایەوە بەسەر دەستەکانی دایکیدا و من گوێم لە دەنگی بەرزی هەنسکدان بوو. ژنەکە وتی: "هیچ نییە ئەزیزم. تەنها خەوێک بووە."

دەستی هێنا بەسەر سەری کچەکەدا. وتی: "مرۆڤ کاتێک نەخۆش دەکەوێت، لەم خەوانە دەبینێ. منیش تا حەز کەی..."

دەنگی گریانی کچەکە وەستایەوە. پاشان بینیم سەری لەسەر دەستی دایکی هەڵبڕی و ملی بەهێواشی سووڕاند بەرەو لای من. دەوری چاوەکانی لە پڕێکدا هێندە شین بووبوویەوە کە لە دوو چاڵی ڕەش دەچوون. ڕوو لە من وتی: "من تۆ دەناسم. تۆم پێشتر بینیوە. تۆ دوێشەویش هەر لێرە بووی. سوێند دەخۆم کە تۆ دەناسم."

ڕاوەستابووم لە ناوەڕاستی ئەو ژوورەدا و هەر نەمدەزانی چی بڵێم. "کچەکە ئاوڕی دایەوە بۆ لای ژنەکە. وتی: "ئەمە لێرە چی دەکات؟"

ژنەکە وتی: "خۆ پێمان وتی. ئەو یەکێکە لە هاوڕێکانی نەریمان. ئەمشەو هاتووە کە... "

کچەکە هاواری کرد: "درۆ دەکات. هەمووتان خەریکن درۆ دەکەن."

دیسان سەری زۆر بەهێواشی سووڕاند بەرەو لای من. لە بنی قوڕگییەوە هاواری کرد: "بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟"

بۆ ساتێک گڵۆپەکەی بان سەری کۆژایەوە و هەڵبوویەوە. هاواری کرد: "کێ بە تۆی وتووە بێی بۆ ئێرە؟"

دەموچاوی وەک گەچ سپی بووبوو. هاواری کرد: "ون بە لێرە، چەپەڵ! ونبە!"

دەستیم بینی دەچوو بەرەو لای ئەو لایتە بچووکەی لەسەر مێزە هەنگوینییەکەی تەنیشتی تەختەکە بوو. سەرم لابرد و لایتەکە توند بەر دیوارەکە کەوت. پاشان سەری

وەک مار هێنایە پێشەوە. تەواوی ڕووخساری پڕ بووبوو لە هێڵی شین و مۆر. هەر لەو کاتەدا دەمی کردەوە و ڕوو لە من هاواری کرد. هاوارێک کە لە نەڕەی ئاژەڵ دەچوو. پاشان بە هێواشی بەتانییەکەی لەسەر خۆی لابرد. پیاوەکە هاواری کرد: "ریتا!"

کچەکە لە تەختەکەی هاتە خوارەوە. سەری تەواو لەسەر شانی خوارکردەوە و بزەی کرد، بە جۆرێک کە ددانە سپییە بەرازئاساکانی دەرکەوتن. پاشان هەردوو دەستی بەرەو لای من درێژ کرد. بە هێواشی وتی: "وەرە بۆ ئێرە! وەرە بۆ ئێرە! بچکۆلە!"

دیسان گوێم لە دەنگی هاواری پیاوەکە بوو: "ریتا!"

کچەکە وتی: "وەرە بۆ ئێرە، درۆزنە بچکۆلەکە!"

بەڕێکەوت بەرەو لای من. ژنەکە هاواری کرد: "ریتا!" و بەدەوری تەختەکەدا سووڕایەوە. بەڵام چەند هەنگاوێک دوور لە کچەکەوە ڕاوەستا. کچەکە دیسان وتی: "وەرە بۆ ئێرە، بچکۆلە."

من لە جێگەی خۆمدا ڕاوەستابووم و تەواوی ماسوولکەکانی گیانم وەک داری وشکیان لێ هاتبوو. بۆ ساتێک سەیری دایک و باوکیم کرد کە ئێستا لە تەنیشت یەکەوە ڕاوەستابوون و خەریکبوون بە دەنگی بەرز هێندێک شتیان دەوت کە من هەر لێیان تێنەدەگەیشتم. کچەکە ئیتر هیچی وای نەمابوو بگات بە من کە تەواوی هێزی خۆم

کرکردەوە و لە پڕێکدا هەستم کرد پاشەوپاش بەرەو لای دەرگاکە دەڕۆم. ڕێک لەو کاتەدا کە ویستم بسووڕێمەوە و بۆی دەر بچم، لە دواوە بەر شتێک کەوتم.

## 19

گەنجێکی باڵابەرز بەپەلە بە تەنیشتی مندا تێپەڕی، کاتێک بەرەو لای تەختەکە دەڕۆیشت، کچەکە وەک گیاندارێک کە ڕامکەرەکەی ببینێت، گەڕایەوە سەر تەختەکەی. ڕاکشا و بەتانییەکەی دا بە خۆیدا. ڕووخساریم دەبینی کە خەریکبوو بزەی دەکرد. هیچ نیشانەیەک لە هێڵە شین و مۆرەکان نەبوو. ئێستا هەمان ریتای بێگەرد و نەخۆشی چەند ساتێک لەوەوبەر بوو کە لەسەر تەختەکەی ڕاکشابوو. بەهێواشی وتی: "منت تەنیا بەجێهێشتبوو؟"

گەنجەکە کە گومانم دەکرد دەزگیرانەکەی بێ، وتی: "من هیچ کات تۆ بە تەنیا جێناهێڵم."

ئاوڕی دایەوە و سەری بۆ من لەقاند کە لە ناو دەرگاکەدا ڕاوەستابووم. کچەکە وتی: "ئێتر هەرگیز لە لای من مەڕۆ."

ئارام پێڵووەکانی خستنە سەر یەک. ژنەکە ڕووی کردە کوڕە گەنجەکە و وتی: "نەتدۆزییەوە؟"

کوڕە گەنجەکە لە کاتێکدا لە ریتا ڕامابوو، وتی: "نا."

ژنەکە وتی: دەبێت هەر ئەمشەو کارێک بکەین. ئێتر نامەوێ دەست بخەینە سەر دەست. هەر ئەمشەو دەبێ بیخەوێنین."

دەستەکانی برد بۆ لای دەموچاوی. کوڕە گەنجەکە ئاوڕی دایەوە بۆ لای پیاوەکە کە ئێستا چەند هەنگاوێک لەولای منەوە پاڵی بە دیوارەکەوە نابوو و لە شوێنێک ڕامابوو. ڕووخساری بەو قژە ماشوبرنجییەیە شێواوەیەوە هێندە تێکچرژابوو کە پێم وابوو چەندین ساڵ بەسەر ئەو کاتەدا تێپەڕیوە کە بۆ یەکەم جار بینیبووم. کوڕە گەنجەکە وتی: "بۆ هەر شوێنێک کە بیری لێ بکەیتەوە تەلەفۆنم کرد. هیچ هەواڵێکی نییە."

ژنەکە وتی: "بەدڵنیاییەوە کەسانێکی تریش هەن، کەسانێکی تریش هەن کە سەر لە نەخۆشییەکەی دەربکەن."

گەنجەکە بە تیلەی چاو سەیرێکی منی کرد. پاشان ڕووی کردە ژنەکە. وتی: "بەڵام شتێکم بۆ دەرکەوتووە. دەزانم کە پێی لە تاران نەخستۆتە دەرەوە. هەر لێرەیە."

پیاوەکە وتی: "ئەگەر نەتوانی بیدۆزیتەوە چی؟"

ژنەکە ئاوڕی دایەوە بۆ لای پیاوەکە. وتی: "من ئیتر نامەوێ چاوەڕێ بکەم. هەر ئەمشەو دەمەوێ بیخەوێنین." خەریکبوو دەگریا. وتی: "ئەگەر هەر ئەمشەو شتێکی لێ بێ چی؟ من ئیتر نامەوێ چاوەڕێ بکەم."

پیاوەک وتی: "هێواش! بێداری دەکەیتەوە."

ژنەکە وتی: "ئیتر نامەوێ چاوەڕێی ئێوە بکەم."

پیاودکە ویستی قسەیەک بکات کە نەریمان بە هێواشی وتی: "کەسێک بەڵێنی پێداوم کە بیدۆزێتەوە. سەیری ژن و پیاوەکەی کرد. وتی: "دەزانم کە دەتوانێ. دەیدۆزێتەوە."

ژنەکە وتی: "تا ئەوکاتە درەنگ دەبێ."

نەریمان سەیری منی کرد. پاشان وتی: "هیچ چارەیەکمان نییە."

ژنەکە وتی: "بۆچی؟ لەبەرچی هیچ چارەیەکمان نییە؟ ئیتر نامەوێ...."

هەر سێکیان ئاوڕیان دایەوە و سەیری کچەکەیان کرد کە لەسەر تەختەکە جووڵایەوە. نەریمان چووە لای سەری کچەکە و گوێم لێبوو کە وتی: "بخەوە، هیچ نییە."

کچەکە وتی: "تۆ لە لامی وا نییە؟"

نەریمان سەری لەقاند. ماوەیەک هەر لەوێدا ڕاوەستا و پاشان گەڕایەوە لای ژن و پیاوەکە کە نزیکی دەرگاکە ڕاوەستابوون. بە سەر ئاماژەی بۆ کردن لە ژوورەکە بچنە دەرەوە.

## 20

- کەسێک بەڵێنی پێداوم تا سبەی شەو بیدۆزێتەوە. دەزانم کە دەتوانێ ئەم کارە بکات.

ژنەکە وتی: "ئەگەر نەیتوانی؟ ئەگەر نەیتوانی تا بەیانی بیدۆزێتەوە"

نەریمان بێدەنگ بوو. پیاوەکە وتی: "ئەگەر نەیدۆزییەوە دەتوانین پزیشکێک بهێنین بیبینێت. من پزیشکێکی زۆر باش دەناسم. سبەینێ بەیانی دەتوانم تەلەفۆن بکەم بێت بۆ ئێرە. یان هیچ نەبێ بیخەوێنین، هەر لەو نەخۆشخانەیەی کە شەوی یەکەم بردمان."

نەریمان وتی: "نابێ ئەم کارە بکەین."

پیاوەک وتی: "لەبەرچی؟"

نەریمانم لە پیاوەکە ڕاما، پاشان وتی: "خۆتان دەزانن لەبەرچی."

ژنەکە ڕۆیشت دانیشت لەسەر تاقە کورسییەکەی ناو ژوورەکە و دەستی کرد بە گریان. نەریمان سەیری منی کرد و وتی: "ئەگەر بیخەوێنن... ئەگەر لەوێ بیخەوێنن..." سەری

پەنجەکانی هێنا بەسەر ناوچەوانیدا. "ئەگەر لەوێ بیخەوێنن، زۆر نامێنێتەوە."

پیاوەکە وتی: "پزیشک چی؟ خۆ ئەتوانین پزیشک بانگ بکەین بیبینێت."

نەریمان وتی: "تا سبەی شەو چاوەڕێ بکەن. دەبێت ئەم کارە بکەین. دەزانم کە دواجار دەیدۆزینەوە."

گوێم لە دەنگی کچەکە بوو کە بە هێواشی نەریمانی بانگ کرد. نەریمان گەڕایەوە ناو ژوورەکە. پیاوەک سووڕایەوە و سەیری ژنەکەی کرد کە ئێستا ئیتر نەدەگریا و تەنها چاوی بڕیبووە شوێنێک لەسەر دیوارەکە. پاشان چوو بەرەو لای دەرگاکە. لەژێر لێوەوە شتێکی وت و دەرگاکەی کردەوە. تاوێک خۆی مەحتەل کرد. چاوەڕێی کرد منیش بڕۆم بە دوایدا . سەیرێکی ژنەکەم کرد و دوای کەوتم. وەختێک خەریک بووین بەو پلیکانە تاریکەدا سەردەکەوتین، گوێم لە دەنگی ژنەکە بوو. ئاوڕم دایەوە. ژنەکە لە خوارەوەی پلیکانەکانەوە ڕاوەستابوو. وتی: "ئەو کاتانەی کە ئێمە منداڵ بووین، باوکم دەیگێڕایەوە کە ژنێک نیوەشەو کە هاوسەر و منداڵەکانی لە ماڵ نەبوون، گوێی لە دەنگێک دەبێت، هەڵدەستێ و دەڕواتە تەنیشت پەنجەرەکە تا سەیری ناو حەوشەکە بکات. هەر لەو کاتەدا بە تیلەی چاو شتێک دەبینێ کە خەریکە دەچێتە ناو ژوورەکەیەوە، مرۆڤێک شتێک. ئارام ئارام بەڕێدەکەوێت و دەڕوات بەرەو ژوورەکەی، لەناکاو چاوی بە کچەکەی دەکەوێت کە لەسەر جلەخەوەکەی دانیشتووە." بە پلیکانەکاندا

سەرکەوتە سەرەوە. ئێستا دوو یان سێ پلیکانە لە منەوە دوور بوو. وتی: "هەر ئەو کچەی کە چەند مانگ لەوەوبەر بە شیرپەنجە مردبوو. پاشان کچەکەی هەروا لەسەر دەست و پێ بەسەر زەوییەکەدا دەڕوات و دێت بەرەو ڕووی. ژنەکە ئەژنۆی شکابوو و نەیتوانیبوو لە جێگەی خۆی بجوولێت. کچەکە قاچەکانی دایکی دەگرێت و پیا سەردەکەوێت و پاشان دەموچاوی ڕێک دەهێنێتە ئاستی دەموچاوی دایکی."

لەو ڕووناکییە کزەدا چاوەکانی ژنەکەم دەبینی بەو بیلبیلە گەورانەوە لە من ڕامابوون. بەهێواشی وتم: "دەی!"

- بەیانی ژنەکە هەر لەوێدا دەدۆزنەوە کە لەسەر زەوییەکە کەوتووە. لەو کاتەوە ئیتر هیچ وەخت بۆ حاڵەتی ئاسایی ناگەڕێتەوە.

دەنگێکم لە خوارەوە بیست، وەک بڵێی شتێک بەر پشتی دەرگاکە کەوتبێت. هەستم کرد کەسێک لە پشت دەرگاکەوە ڕاوەستاوە. پیاوەکە بەهێواشی وتی: "قسەی پووچە، هەمووی قسەی پووچە."

ژنەکە وتی: "قسەی پووچە؟ کەواتا بهێڵە پێت بڵێم ئەو ژنە کێ بوو."

وتم: "کێ بوو؟"

- دراوسێمان بوو، دراوسێی دیوار بەدیوارمان. من خۆم ئەو دەنگە ترسناکانەم دەبیست کە نیوەشەوان لە ماڵەکەیانەوە بەرز دەبوویەوە. ڕێک وەک دەنگەکانی ڕیتا.

خەریکبووم گوێم لە دەنگی هەناسەکانی پیاوەکە دەبوو لەو پلیکانە نیوەتاریکەدا. ژنەکە وتی: "دڵنیام ئەو شەوەی ریتا چووە دەرەوە. ڕۆحی ئەو کوڕە هاتووە بۆی."

پیاوەکە وتی: "بەسە دەی! ئیتر نامەوێ یەک وشەیش لەبارەی ئەم قسە پڕوپووچانەوە ببیستم."

ئاوڕی دایەوە و بە پلیکانەکاندا سەرکەوت. وەختێک لە دوایەوە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتم، دەنگی ژنەکەم بیست کە وتی: "شەیتان چۆتە ناخییەوە. تێدەگەی چی دەڵێم، نادر؟"

هەستم بە سەرگێژە دەکرد. هەموو شتێک خەریکبوو بە دەوری سەرمدا دەسووڕایەوە. هەستم دەکرد دیوارەکان خەریکن لە یەک نزیک دەبنەوە. حەزم دەکرد لە شوێنێکدا ڕاوەستم، چاوەکانم داخستن و بۆ چەند ساتێک پاڵم بە دیوارەکەوە دایەوە.

پیاوەکە خەریکبوو لەپێش منەوە دەڕۆیشت. گوێم لێبوو خەریکبوو لەبەر خۆیەوە شتانێکی دەوت. خۆم پێ گەیاند و وتم کە درەنگمە و دەبێت بگەڕێمەوە. ڕاوەستا و چاوی بڕییە من. لەو ڕووناکییە کەمەدا دڵۆپە عارەقەکانم دەبینی کە نێوچاوانیان داپۆشیبوو. وتی: "تەواوی دڵخۆشیی من لە ژیانمدا کچەکەم بوو. هەر کارێکم دەکرد، تەنها لەبەر خاتری ئەو بوو. هەر هەنگاوێکم کە دەنا بۆ ئەو بوو. کچەکەم هەموو شتێکی من بوو." زمانی هێنا بە دەوری دەمیدا.

وتی: "بینیت؟ ئەو کەسەی لەسەر تەختەخەوەکە ڕاکشابوو، بینیت؟" خەریکبووم سەیرم دەکرد. وتی: "بینیت؟"

سەرم لەقاند. وتی: "ئەو مرۆڤە... ئەو بوونەوەرە. هەرچییەک هەیە، ریتای نازەنینی من نییە، کچە ئازیزەکەی من نییە."

سووڕایەوە و من لە تاریکیدا پەیکەری چەماوەیم بینی کە خەریکبوو بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت.

کەمێک دواتر وەختێک دەنگی داخرانی دەرگاکەم بیست، سوڕامەوە و بەپەلە بە پلیکانەکاندا چوومە خوارەوە.

هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. وتی: "دەتوانم هێندێک لە کاتت بگرم؟"

بە سەر ئاماژەم بە کوشنەکەی تەنیشتم کرد. بە دەوری ئۆتۆمۆبێلەکەدا سووڕایەوە و سەرکەوت. وتی: "وای بۆ چووم ئۆتۆمۆبێلەکەت لەم ناوە ڕاگرتبێ. تەواوی ڕێگەکەم بە ڕاکردن بڕی."

کلینێکسێکی لە پاکەتی سەر داشبوردەکە دەرهێنا. وتی: "هەر یەکەم سات کە لەوێ تۆم بینی، ناسیمیتەوە، بە وێنەکانتدا."

کلینێکسەکەی هێنا بە نێوچاوانیدا، پاشان ئاوڕی بۆ لای من دایەوە. وتی: "باوەڕ دەکەیت ئەگەر پێت بڵێم یەک هەفتەبوو خەریکبووم بە دوای تۆدا دەگەڕام؟"

- بەدوای مندا؟

سەری لەقاند. وتی: "تەلەفۆنم بۆ هەر کەسێک بڵێی کرد. نازانم بڵاوکەرەوەکەت پێی وتی یان نا، بەڵام لە ماوەی ئەم دوو سێ ڕۆژەدا. چوار پێنج جار تەلەفۆنم بۆ کردووە. هەموو جارێکیش دەیوت دەبێ پرسیار لە تۆ بکات. دواجار ڕۆژنامەنووسێکم دۆزییەوە کە بڕیار بوو بەیانی یان دووبەیانی ژمارەکەتم بۆ پەیدا بکات."

خەریکبوو کلینێکسەکەی بە هەردوو دەست قەد دەکرد. وتی: "لەوێ کە تۆم بینی، خەریکبووم لە سەرسامیدا شاخم لێ دەڕوا."

سەیری ڕووخساریم کرد کە لەو ڕووناکییە کزەدا سووری دەگردەوە. وتم: "من زۆر بە شێوەیەکی سەیر سەرم لە ماڵی

دەزگیرانەکەت دەرهێنا."

- دەزانم بۆچی تۆ لەوێ بوویت.

چاوی بڕیبووە چاوەکانم. وتم: "من بە باوکی ریتام وت... نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. وتی: "من لەم بارەیەوە لەگەڵ هیچ کەس قسەم نەکردووە، بەڵام دەزانم تۆ بۆچی هاتبووی بۆ ئەوێ."

سەری بردبووە دواوە و لە چاوەکانم ڕامابوو. وتی: "تۆ بە شوێن ئەو یادداشتانەوەیت، وایە؟ بە دوای ئەو یادداشتانەوەی کە ئەشکان پێی وتبووی."

نزیکەی دڵنیابووم کەسێک پێی وتووە من بە دوای چییەوە بووم. لە ماوەی ئەو سێ چوار ڕۆژەدا، بابەتی یادداشتەکانم بە چەند کەسێک وتبوو. پاشان یەکسەر بیری ئەو دوو ڕۆژنامەنووسەم کەوتەوە کە هاوکاری ئەشکان بوون. لە دڵی خۆمدا وتم بێگومان کاری یەکێک لەو دووانە بووە. بیرم کردەوە ئێستا ئیتر دەبێ زۆر کەسی تر ئاگادار بێ. وتم: "پێم وابوو لەماڵی دەزگیرانەکەت بن. پێم وابوو ڕەنگە یادداشتەکانی لای... لای دەزگیرانەکەت دانابێ. هیچ نەمدەزانی..."

سەری داخستبوو و خەریکبوو کلینێکسە قەدکراوەکەی لە نێو پەنجەکانیدا دەسووڕاند. وتی: "دەتوانم ڕاشکاو بم لەگەڵتدا؟"

- تکا دەکەم.

تەواو سووڕا بەرەو لای من. وتی: "من دەزانم کە ئەو ڕۆژنامەنووسە، ئەشکان ئەربابی، زیندووە. تۆیش دەزانیت.

هەڵبەتە نەک لە... نەک لە جەستەیەکی وەک جەستەی ئێمەدا."

هەردووکمان بۆ چەند ساتێک لەناو ئەو ئۆتۆمۆبێلە نیوە تاریکەدا لە یەک ڕاماین. دەتوت هێشتا هیچ کاممان ئەو شتەی کە لێی دڵنیابووین، باوەڕمان پێی نەهێناوە.

نەریمان وتی: "من دەزانم کە هیچ کەس باوەڕی بەو ڕۆمانانەی تۆ لەبارەی خوێنخۆرەکانەوە نووسیوتن، نەکردووە. هەمووان پێیان وایە خەیاڵاتن. دادەنیشن و دەیانخوێننەوە پێیان وایە خەریکن چیرۆکێکی خەیاڵی دەخوێننەوە. بەڵێنت پێ دەدەم تەنانەت هاوسەرەکەیشت هەروا بیر دەکاتەوە."

سەرم لەقاند. وتی: "بەڵام من باوەڕم کردووە، دڵنیام یەک وشەیش لەو شتانەی لەو ڕۆمانانەدا نووسیوتن، خەیاڵات نیین. وشە بە وشەی ڕاستیی پەتییە."

بۆ ساتێک چاوەکانی داخستن. خەریکبوو پێڵووەکانی توونڈ لە یەک گیر دەکرد. پاشان دیسان سەیری کلینێکسە قەدکراوەکەی کرد کە خەریکبوو بە پەنجەکانی دەیسووڕاند. وتی: "من ریتام لە منداڵییەوە خۆش دەویست. هەمیشەیش بیرم لەوە دەکردەوە کە دواجار هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم. هەمیشە لە خەونەکانمدا خۆم و ریتام دەبینی کەی دەستی یەکترمان گرتووە و خەریکین لە تەنیشت یەکەوە پیاسە دەکەین. ڕۆژێک نەبووە بە یادی ئەوەوە نەبم، بەڵام هیچ وەخت هیچ کەس لەم عیشقە ئاگادار نەبوو."

دەستی بەسەر چاوەکانیدا هێنا. وتی: "هێندێک جار پێم وایە خەریکم باجی بێدەنگیم دەدەم."

وەختێک دیسان ئاوڕی دایەوە بۆ لای من، چاوەکانی سوور سوور بوون. وتی: "دەمەوێ تکایەکت لێ بکەم."

- چ تکایەک؟

- دەمەوێ یارمەتیم بدەی.

هەر نەمدەزانی مەبەستی چییە. من لەبارەی چ شتێکەوە دەبوو یارمەتیی ئەو بدەم؟ ویستم قسەیەک بکەم کە وتی: "دەمەوێ ریتا چاک ببێتەوە."

خەریکبووم سەیری پارکەکەم دەکرد کە دیسان لە تاریکیی تەواوەتیدا نقووم بووبوو.

وتی: "گوێت لێبوو وتم چی؟ دەمەوێ یارمەتیم بدەی ریتا چاک بێتەوە."

وەختێک هیچم نەوت، وتی: "ئاگات لە منە؟"

وتم: "من هەر کارێکم لەدەست بێ ئەنجامی دەدەم. بەڵام ئێستا ئیتر چ کارێکمان پێ دەکرێ؟"

- من دەزانم کە ڕێگەیەک هەیە. دەبێت شتێک هەبێ کە بتوانێ ئەو کچە ڕزگار بکات. من دڵنیام دەبێ هەبێ.

هیچم نەوت. تەنها خەریکبووم سەیرم دەکرد. وتی: "دەزانم خەریکیت بیر لە چی دەکەیتەوە. بەڵام ئەو هێشتا بەتەواوەتی نەگۆڕاوە."

بیری ئەو ساتەم کەوتەوە کە کچەکە لەسەر تەختەکەی هەستابوو و خەریکبوو دەهات بەرەو ڕووم. تەنانەت بەو

دەمە داخراوەیشەوە دەمتوانی شوێنی ددانە دەرپەڕیوەکانی ببینم. ڕێک وەک ئەو کچە بچووکەی لێ هاتبوو کە لەگەڵیدا لە ماڵی خوێنخۆرەکان هاتبوومە دەرەوە. نەریمان وتی: "دڵنیام کە هێشتا..."

وتم: "دەزانم ئێستا تۆ چ حاڵێکت هەیە، بەڵام ئەو کچەی کە من بینیم ئیتر کەسێکی ئاسایی نییە. گۆڕاوە."

سەری ڕاوەشاند. وتی: "نەگۆڕاوە. نازانم ئەو هیچوپووچە چی لێ کردووە، بەڵام هێشتا نەگۆڕاوە، ئێستا دوو ڕۆژە کە حاڵی بەو جۆرەیە."

هەردووکمان بۆ تاوێک لەو پیاوە ڕاماین کە لە تاریکیی پارکەکە هاتە دەرەوە. چاکەت و پانتۆڵی ڕشەی لەبەردابوو و خەریکبوو یەکڕاست بەرەو لای ئۆتۆمۆبێلەکە دەهات. وەختێک بە تەنیشتی ئۆتۆمۆبێلەکەدا تێپەڕی، بینیم چاوی بڕییە ئێمە.

نەریمان وتی: "ئەو خۆی دەزانێ چی کردووە، دەزانێ چی کردووە کە ریتا هێشتا بەتەواوەتی نەگۆڕاوە. ڕەنگە ئەگەر بیەوێ، هێشتا بتوانێ ڕزگاری بکات؟"

پاشان باسی لە پیاوێک کرد کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ناسیاویان بووە؛ پزیشکێکی دەروونی کە چەند ساڵێک بوو کاری پزیشکی نەدەکرد. وتی شارەزاییەکەی لە چارەسەری ئەو کەسانەدا بوو کە تووشی نەخۆشیی دەروونیی سەخت و بێچارەسەر دەبوون. وتی بیستوویەتی کە نەخۆشیی زۆری لەو دۆخە ڕزگار کردووە. پاشان گێڕایەوە کە لە ماوەی

ئەم چەند ڕۆژەدا پەیوەندی بە تەواوی دۆستان و ئاشنایانی خێزانەکەیانەوە کردووە: "هەر ئەمڕۆ تووشی کەسێک بووم، یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆم کە هەواڵی ئەوی دەزانی. ڕەنگە تا بەیانی بیدۆزمەوە."

- لە ناخی دڵمەوە ئارەزوو دەکەم بتوانێ کارێکی بۆ بکات.

نەریمان بۆ تاوێک بێدەنگ بوو. پاشان وتی: "شتێک دەزانی؟"

لە یەک ڕامابووین. وتم: "چی؟"

- پێم وایە ئەویش هیچی لەدەست نەیەت. بەڵام ئەمە تەنها کارێک بوو کە دەمتوانی بۆی بکەم.

ئاوڕی دایەوە و سەیری پارکەکەی کرد. وتی: "دەمەوێ تکایەکت لێ بکەم؟"

- چ تکایەک؟

- من بەرە بۆ ئەوێ. دەمەوێ بڕۆم بۆ ئەو خانووە کە دراکۆلا لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەتدا باسی دەکات. هەر ئەوەی کە خۆت چوویتەتە ناوی. دەزانم کە ڕۆژنامەنووسەکەیش هەر لەوێیە.

ئاوڕم دایەوە و پەنجەم نا بە دوگمەی دادانەوەی جامەکاندا تا هەردوو جامەکەی پێشەوە تەواو چوونە خوارەوە. تەنانەت نەمدەویست هەر بیر لەو قسەیەش بکەمەوە کە کردبووی. وتم: "لێگەڕێ لە دەرفەتێکی گونجاودا قسەی لەبارەوە دەکەین!."

نیگام لەسەر سێبەری درێژی درەختەکانی پارکەکە بوو کە بەهۆی باوە دەجوولانەوە. وتم: "سبەینێ بەیانی..."

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. وتی: "تکا دەکەم!"

ئاوڕم دایەوە بۆ لای. وتم: "من ئیتر تەنانەت هەر نامەوێ بیر لەو خانووەیش بکەمەوە."

وتی: "کەواتا بۆچی بەشوێن ئەو یادداشتانەوەیت؟ من دەزانم دەتەوێ ڕۆمانی دواترت دەست پێ بکەیت. هەموو ئەم کارانە لەبەر خاتری ئەمە دەکەیت."

دەنگی بەرز کردبوویەوە. وتم: "ئەمەیان پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە. ئیتر بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیم بۆ ئەوێ بگەڕێمەوە. هەر ئەوە. ئەمە قسەی کۆتاییمە. ئیتر نامەوێ یەک وشەیش لەبارەی ئەو خانووەوە ببیستم."

دەستەکانم خستنە سەر سووکانەکە و لە پێشەوە ڕامابووم کە گوێم لێبوو زۆر بەهێواشی وتی: "خەتای تۆیە کە ئەو کچە لەوێدا کەوتووە."

ئاوڕم دایەوە بۆ لای: "خەتای من!"

سەری لەقاند. وتی: "ئەگەر کارەکانی تۆ نەبوونایە، مەحاڵ بوو ئەمە ڕوو بدات."

وتم: "ئەو ڕۆژنامەنووسە بەرلەوەی بێت بۆ لای من لەگەڵ ریتا دەزگیران بوون."

- بەڵام بەهۆی تۆوە بوو کە پێی نایە ئەو خانووەوە.

چاوەکانم بۆ چەند ساتێک داخست. چونکە دیسان هەستم بە سەرگێژبوون دەکرد. ڕۆژێکی ترسناکم بەسەربردبوو و

ئێستا تەنها دەمویست بگەڕێمەوە بۆماڵەوە، لەسەر تەختەکەم ڕابکشێم، چاوەکانم دابخەم و بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە. هەوڵم دا زۆر ئارام بم. سەیری نەریمانم کرد کە لە من ڕامابوو. وتم: "ئێستا تەنها دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە."

وتی: "بەڵێ، بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە. ئەوە ئێمەین کە دەبێت لێرە لەگەڵ نیوە خوێنخۆرێکدا بەسەر بەرین. ئەگەر تۆ ئەو کتێبە گاڵتەجارەت چاپ نەکردایە، هیچ کات ئەمە ڕووی نەدەدا."

هاوارم کرد: "ئەگەر منیش ئەم کارەم نەکردایە، یەکێکی تر دەیکرد. ئەوسا دڵنیابە ئەو ڕۆژنامەنووسە دیسان دەچوو بەدوایدا."

ئاوڕم دایەوە و لە جامەکەوە سەیری دەرەوەم کرد. هیچ کەس لەو ناوە نەبوو. پاشان دیسان ڕووم کردەوە ئەو. بەهێواشی وتم: "ئیتر نامەوێ درێژە بەم باسە بدەم."

تەنانەت ویستم بنووشتێمەوە و دەسکی دەرگاکەی لای ئەو ڕابکێشم و بڵێم لە ئۆتۆمۆبێلەکەم بڕۆ خوارەوە، بەڵام ئەم کارەم نەکرد. گوێم لێبوو بە هێواشی وتی: "تکا دەکەم. تکا دەکەم، من بەرە بۆ ئەوێ، بەدووری دەزانم هیچ کەس جگە لە تۆ بزانێ ئەو خانووە لەکوێیە."

چەند ساتێک بێدەنگ بووم و دیسان بیری تەواوی ئەو ساتانەم کەوتەوە کە لەو خانووەدا بووم. لەپڕێکدا خۆمم بینی لە جیاتی ڕۆژنامەنووسەکە بەو کورسییەوە بەستراومەتەوە، دراکولا قژی گرتووم و سەرم بەرز دەکاتەوە، شوێنی دوو

برینی گەورە لەسەر ملمە. وتم: "ئێستا خۆت وتت تەنها کەسێکی کە باوەڕی بەو چیرۆکە کردووە. دەزانی من ئەو شەوە چ بوونەوەرانێکم لەو ماڵەدا بینی؟"

- دەزانم، چونکە سەد جار ئەو بەشەیم خوێندۆتەوە. دەزانم دەکرێ چی چاوەڕێم بکات. بەلام وەختێک بیر دەکەمەوە ڕەنگە ئەم کارە بتوانێ..." هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا: "بتوانێ ریتا ڕزگار بکات..."

- دەزانی کە دەکرێ بۆ یەکێک لەو بوونەوەرانە بگۆڕێیت؟

سەری لەقاند. وتی: "بیرم لە هەموو شتێکی کردۆتەوە. تەنها ئەوە دەزانم کە ئیتر ناتوانم بێ ریتا بژیم."

دەسکی دەرگاکەی ڕاکێشا و کردییەوە. پێم وابوو دەیەوێ لە ئۆتۆمۆبێلەکە بڕواتە دەرەوە، بەلام هێشتا هەر لەوێدا دانیشتبوو. وتی: "یارمەتیم دەدەیت؟ تکا دەکەم!"

سەرم لەقاند. وتی: "من نامەوێ تۆ بێیت بۆ ئەوێ. تەنها هێندە بەسە ناونیشانەکەیم پێ بڵێیت."

پاشان داوای لێ کردم ژمارەکەمی پێ بدەم. ژمارەکەم لەسەر کاغەزێک نووسی و دام بەدەستییەوە.

لە ئۆتۆمۆبێلەکە دابەزی. وتی: "داوای لێبووردن دەکەم لەوەی کە دەنگم بەرز کردەوە. من ئەم ڕۆژانە زۆر حاڵم خراپە."

پێڵووەکانم لێکنا و وتم: "تێدەگەم."

کاتێک ئۆتۆمۆبێلەکەم هەڵکرد، وتی: "تەنها شتێک."

سەری نووشتاندبۆوە بۆ لای جامەکە. وتی: "دوور نییە

خۆی بێت بۆ لات بۆ پێدانی ئەو یادداشتانە."

دەستەکانی لەسەر جامەکە لابرد. وتی: "پەیوەندیت پێوە دەکەم."

سوپاسی کرد و چاوم لێبوو ڕۆیشت بەرەو دەرگای پارکەکە. وەختێک چوونە ناو پارکەکەوە، ئۆتۆمۆبێلەکەم خستە کار و پێم نا بە بەنزیندا.

## 22

سەرتاسەری ئەو شەوە بێدار بووم و بیرم لە قسەکانی نەریمان کردەوە، لە یەک بە یەکی ڕستەکانی؛ ئەو قسانەی لەبارەی ڕیتاوە کردبوونی، ئەو عیشقەی لە منداڵییەوە بۆ ئەوی هەبووە. ئەو ساتەم بیرکەوتەوە کە کچەکە نووشتایەوە بەسەر دەستی باوکیدا؛ دەیویست خوێنی باوکی بخوات. ئەو کەسەی کە پێی وتم تەواوی ژیانی واتا کچەکەی. ئێستا نەریمان دەیویست ڕزگاری بکات و داوای لە من کردبوو یارمەتی بدەم. دڵنیابووم کە تەنها بەدوای ئەوەوە نەبوو کە ناونیشانی خانووەکەم لێ وەربگرێت. دەیویست یارمەتیی بدەم تا خۆی بە ڕۆژنامەنووسەکە بگەیەنێت. هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە ئەو قسەیەی کرد. وتی ڕەنگە خۆیشی بێت بۆ لام. دەتوت تازە دوای ئەم قسانەی نەریمان بوو کە پێم وابوو دەبێ چاوەڕێی بم. پێم وابوو چ بمەوێ و چ نەمەوێ دەبێ چاوەڕێی بم. چوو بوو بۆ گیانی دەزگیرانەکەی و ڕەنگە چووبێت بۆ گیانی کەسانێکی تریش کە من ئاگاداریان

نەبووم و ڕەنگیشە هیچ کات ئاگاداریان نەبم. بەڵام شتێک لە ناخمدا دەیوت قسەکەی نەریمان ڕاستە. دەبێت چاوەڕێی بکەم. لەوانەیشە بەدرێژایی تەواوی ئەم ماوەیەی بە شوێن یادداشتەکانەوە بووم، بەدوامەوە بووبێ، سێبەر بە سێبەر دوامکەوتبێ.

بیری ئەو ساتەم کەوتەوە کە ڕۆژنامەنووسەکە خەریکبوو لە ژوورەکەی خۆم چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکردم؛ بە بزەیەکی هاروهاجانەوە ڕیکۆردەرە چکۆلە زیوینەکەی لەگەڵ چەند پەڕە کاغەزێک لە جانتاکەی دەرهێنا و چاوپێکەوتنە درۆیینەکەی دەست پێکرد. دەیزانی من ئامادەی چاوپێکەوتن نیم، هەر لەبەر ئەوەیش کارێکی کرد تووڕە ببم و پاشان ئەو وێنانەی پیشان دام. هەموو شتێکی لەبارەی ئەو خانووەوە دەزانی. ئێستا ئیتر دەزانم هەمان ئەو کاتەی کە پێی نایە ژوورەکەی منەوە، بڕیاری خۆی دابوو. دەیویست بڕوات بۆ ئەو خانووە و ڕۆیشت.

وەختێک هێشتا هەوا تاریک بوو، هەستام و چوومە تەنیشت پەنجەرە درێژەکە و سووچێکی پەردەکەم لادا. ئەو کارەی چەندین جار لەم چەند شەوەدا ئەنجامم دابوو و سەیری خوارەوەم کرد. بە خۆمم وت ڕەنگە لە شوێنێک هەر لەو خوارەوە خۆی شاردۆتەوە. بەدڵنیاییەوە هەر وابوو. وابزانم منیش دەبوو خۆم بگۆڕم و بڕۆمە ئەو خوارەوە و چاوەڕێی بکەم تا لە جێیەک لە پشت سەرمەوە خۆی دەربخات. بەڵام وەختێک بیرم کردەوە کە بڕیارە لە جیاتی ئەو گەنجە لاوازە

کە ڕیشێکی تەنکی بۆری هەبوو، ڕووبەڕووی دێوێک ببمەوە. بۆ ساتێک سەرتاپام لەرزی.

گەڕامەوە، لەسەر مۆبیلەکە ڕاکشام و هێندە لە پەردەکە ڕامام تا ڕەنگی سپی بوو و ئیتر لە هیچ تێنەگەیشتم.

دوو شەو دواتر، سەعات لە یەک تێپەڕیبوو کە تەلەفۆن جەڕەسی لێدا. لەخەو ڕاپەڕیم و بەپەلە چوومە ژوورەکەم و تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. چەند جارێک وتم ئەلو و پاشان دەنگی خشەخشێکم بیست. تەلەفۆنەکەم توند نا بە گوێمەوە. چاوەڕوان بووم کەسێک شتێک بڵێت. پاشان دووبارە وتم ئەلو و گوێم هەڵخست. دەنگی خشەخشەکە نەمابوو، لەگەڵ ئەوەیشدا دڵنیابووم کەسێک لەوبەری هێڵەکەوە بیستۆکەکەی بە دەستییەوە گرتووە و گوێ لە دەنگی هەناسەکانی من دەگرێت. خۆی بوو. دەمزانی کە خۆیەتی.


هاتبوو بۆ گیانم.

GOLDEN BOOK

سیامەک گولشیری

# تارمایی مەرگ

رۆمانی ترسناک



وەرگێڕانی سەروەر عومەر